**جاك لندن ( ١٨٧٦-١٩١٦ )**

**ژیان و بەرهەمی**

**نووسین و ئامادەکردن و پاچڤەی**

**حەمەکەریم عارف**

PDF4Kurd

ناوی کتێب: جاك لندن
بابەت: ژیان و بەرهەم
نووسین و ئامادەکردن و پاچڤە :حەمەکەریم عارف
دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محمد
دیزاینی بەرگ: ئارام علی
تایپ : ڕزگار حەساری
مۆنتاژو بەرگ: یانەی قەڵەم
چاپی یەکەم: ٢٠١٥
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە( ١٦٤٥ )ی ساڵی ٢٠١٥ی پێدراوە
مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە.
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ : ( ٢٠٠٠دینار )

**پێڕست**

**حەمەکەریم عارف ، پیاوێك لە بارانی وشەی بەردەوام: شێرکۆ بێکەس**
**پاژی یەکەم**
**پاژی دووەم**
**پاژی سێیەم**
**پاژی چوارەم:**
**١- چیرۆکی: ئەشقی ژیان**
**٢- چیرۆکی: مەکسیکی**
**فەرهەنگۆك**
**ژینامەی حەمەکەریم عارف**

## حەمە کەریم عارف

## پیاوێك لە بارانی وشەی بەردەوام!

شێرکۆ بێکەس

ئەو وەختەی بە عشقەوە ئەنووسیت وئەبیتە هاودەمی زمانی بەخشین وداهێنان.ئەو کاتەی هەموو ژیانت ئەدەیتە دەست قەڵەم وئەبیت بە پەروانەی دەوری وشە وچرای کتێب ورستەیەکی جوان. تۆ ئیتر لەوە دەرئەچی بە تەنها بۆ خۆت بژیت وتۆ ئیتر تەمەنت ئەبێ بە تەمەنی گەڵاوگوڵی خۆشەویستی وژیانت بە ژیانی میللەتێك وتێکەڵ بە ئایندە ئەبی ولەگەڵ باراندا ئەباریت ولەگەڵ هەتاودا هەتاو!

حەمەکەریم عارف

پیاوێك لە شەونخونی و

لە ڕێژنەی وشەو

خۆش نەکردنەوەی قەڵەم و

پەنجەرەیەك بۆ خەمی کەسك و

گزنگی بەیان.

حەمەکەریم عارف

ژێ یەك بۆ خۆشەویستی ئەبەدی

ئەدەب وچاوی مرۆڤایەتی و

گۆرانیی هەمیشە پاراوی

گەرووی ژیان!

هەشتا ئەستێرەی کتێب لەو تەمەنەدا

هەشتا جۆگەی روون لەو دارستانەدا.

هەشتا فڕین لەو ئاسمانە زیوینەدا.

هەشتا ماچی منیش لەم نووسینەدا!

ئەمشەو بە تەنها خۆم لەسەر مێزەکەم

ئەم مۆمی ڕێزلێنانەم بۆ ئەو عاشقە داگیرسان!

بە تەنها خۆم وچەند دێڕە شیعرێکی جاویدان.

بە تەنها خۆم وپەپوولەیەکی غەمگین و

چەند کاغەزێکی سپی چاوەڕوان.

به تەنها خۆم کەوتمە هەڵدانەوەی
لاپەڕەی چاو بەشەونمی ئەو مێرگەو
خوێندنەوەی هەناسەکانی ئەو گۆمەو
گێڕانەوەی حیکایەتی باڵندەیەکی
دەنگ زامدار!
به تەنها خۆم،نه حەمەکەریم خۆی زانی و
نه رۆژنامەیەك ونه گۆڤارێك و
نه شەقامێکی کەرکوك ونه مەقامێکی
عەلی مەردان،تەنها هەر خۆم ومێزەکەم
کەسی تر نا.
کەرکوکییەك
پڕ پڕ له کوردستان و
لێوانلێو له جیهان!
کەرکوکییەك
هەموو دنیا دێنێتە ناو ئەم پەیڤەوەو
پەیڤیش ئەبێ به گوڵی سان.
له دنیاوه
چەندین دەریاچەی ڕۆمانی
ڕژانە ناو ئەم وڵاتی زمانەوە.
چەندین نزاری چیرۆکی
هێنایە ناو ئەم رووبەری زمانەوە.
چەندین ئاوێنەی دیرۆکی
به دەروونماندا هەڵواسی.
کەرکوکییەك
باخی نووسی و
کێڵگەی نووسی و ڕانەوەستا!
کەرکوکییەك..
خۆرەتاوی ناو جیهانی بۆ وەرگێڕاین
مانگە شەوی بۆ وەرگێڕاین
عەشقی گەورەی ئەفراندنی بۆ وەرگێڕاین
ئـــەلبێر کامۆ.ئەلکســـاندەر فەدایـــەف.هیرب میدۆ.قاسمۆف.کازانتزاکیس.چـــیخۆف.گوینتەر دیشنەر.فنسـنت ڤـان گۆگ.مالرۆ.شەکسپیر.م.گۆرکی.هۆمیرۆس.چرنیشفسکی.چایکۆفســکی.ئیدگار ئــالان پۆ.جــاك

لەندەن.گۆگۆل.سیرۆس پرهام.بلیخانۆف.کریس کۆچرا.مەهدی حسێن.سابت رەحمان.ئەحمەد مەحموود.سەمەدی بیهرەنگی.عەزیز شەریف.نەجەف قولی پسیان. ئەشرەفی دیهقانی.مەسعود ئەحمەدزادە.گەوهەر مراد.یەڵماز گونای..چەندین وچەندین کەژو دەریاچەو دەشت و رووباری تریش...

لە سی وپێنج ساڵیدا هەشتا چراوگی
بە ژوورەکانی ئەم زمانەدا هەڵواسی.
لە سی وپێنج ساڵیدا..هەشتا رێگای تازەی
لەم نەخشەیەدا کردەوە
هەشتا تۆوی گوڵی شەست پەڕ
هەشتا پەیژە،هەشتا شەبەنگ و
هەشتا تابلۆ
لەم زمانەدا...ئەم گەرووی چریکانە دەگمەنن.
لەم رەنگانەدا..ئەم تۆنی دەنگانە دەگمەنن.
لەم هەورانەدا..ئەم بارینانە دەگمەنن.
لەم دەغلأنەدا..ئەم گوڵە گەنمانە دەگمەنن.
من ئەمشەو تەنیا هەر خۆم وچەند شیعرێ
ئەم چرای رێزلێنانە لە سەر مێزەکەم دائەگیرسێنم.
بۆ کەرکوکییەك کە سەر رێژە لە وشەو
کە لێوانلێوە لە خۆرەتاو..سلاو ئەی بارانە
جوانەکەی زمانی کوردی.سلاو ئەی
کەرکوکی خۆشەویست!سلاو!

سلەیمانی ٢٠٠٩/٧/١٥

( ئەدەب وهونەر/ژمارە(٦٤٣)/پێنجشەممە/٢٠٠٩/٧/٢٣)

# پاژی یەکەم

ئاشکرایە زۆر نووسەری بناڤو دەنگ قەرزارباری رەخنەو رەخنەلێگرتنن. هەر لەم رێگەیەوە نێو بانگ دەردەکەن‌و دەکەونە بەرچاوو هەنگاوی گەورە دەنێن تا دەبنە کەڵە نووسەری ئەوتۆ کە مێژووی ئەدەبیات ناچاربێت لە ئاستی گەورەیی‌و دەسەڵاتی هونەرمەندییاندا بوەستێت‌و خوێنەر هانبدات کە هەقی شایستەی خۆی بداتێ. هەڵبەتە گەلەك نووسەر هەن، لە سەرەتادا رۆڵەی میللەتانی بێگانە ئەم پەردەیەیان لە سەرلادەدەن‌و بە خەڵکیان دەناسێنن، بگرە بە نەتەوەکەی خۆیشی دەناسێنن، ئەمریکییەکان یەکێك بوون لەو میللەتانەی کە کەمتر ئاوڕیان لە نووسەرانی خۆیان دەدایەوە. بە زۆری ڕۆڵەی نەتەوەکانی دی، نووسەرەکانی ئەوانیان کەشف کردووە. بۆ نموونە بە زۆری فەرەنساییەکان بەهرەو داهێنانی کەڵە نووسەرانی ئەمەریکایان کەشفکردووە. گەورەترین نووسەرانی سەدەی بیستی ئەمریکا بۆ یەکەمجار لەلایەن فەرەنسییەکانەوە کەشفکراون. ئەوجا ئەمەریکییەکان زانیویانە کە چ نووسەرو چ شاکارێکیان هەبووەو پێیان نەزانیوە! بۆیە گەلێك لەو نووسەرو شاکارە ناوازانە لە جیهانی فەرامۆشیدا دەمانەوەو دوای مەرگیان، رەخنەگرانی بێگانە، ئەوەیان ساغ دەکردەوە کە ئەمریکییەکان تێی نەگەیشتوون‌و نەیانناسیوەو نووسەری گەورەیان هەواڵەی دوڕگەی مەراق‌و دیق‌و مەرگ کردووە. نموونەش بۆ ئەم بۆچوونە زۆرە. لەوانە فیتز جرالد تا لە ژیاندا بووە، کەسێك ئاوڕی لێ نەدایەوەو بایەخی پێنەدا. پاش مردنیش، ئەم گەنجینەیە لەلایەن فەرەنسییەکانەوە دۆزرایەوە. ئەوجا ئەمریکاییەکان کەوتنە خۆو فیلیمیان دەربارەی دەرکرد. کتێبیان لەسەر نووسی. زۆر گەورە نووسەرو نێوداری دیکەیان بەمجۆرە سەریان ناوەتەوە، وەك: ئیدگار ئالان پۆ، ناتانیل ویست کە ئەمیان قەرزارباری نووسەرو فەیلەسوفی گەورەی جیهانی، سارتەرە. هنری میللەر، تا لە ئەمریکادا بوو نانی شەوی نەبوو. لە داخانا سەری خۆی هەڵگرت‌و چوو بۆ پاریس‌و یەکەم بەرهەمی لەوێندەر بلاوکردەوە. هەمینگوای‌و ئەزراپاوەندو نووسەرانی دیکەی سییەکان لە جیهانی ئەدەبیاتی پاریسدا نێو بانگیان دەرکرد.

جاك لندنیش "١٨٧٦-١٩١٦" لەو نووسەرە مەزنانەیە کە بەهەمان مەرەدی ئەوانی دی چوو. ئەم نووسەرە هەر لە منداڵی ڕا، بەهرەی زیرەکی‌و گیانی سەرکێشی تێدا بووە. لە ساڵی ١٨٧٦ دا لە ماڵباتێکی نیمچە جوتێر لە دایکبووە. لە تەمەنی هەشت ساڵیدا، لەگەڵ داك‌و بابیدا لەبەر نەداری‌و دەستکورتی رووداکەنە سانفرانسیسکۆ،‌و هەر بەو منداڵییە شان دەداتە بەر کارکردن‌و لەسەر هیچ کارێك ناگیرسێتەوە. لە تەمەنی یازدە ساڵیدا لەگەڵ خێزانەکەیاندا دەچێت بۆ کلاند. لەوێندەر خۆی بە رۆژنامە فرۆشییەوە خەریك دەکات. پاش ماوەیەك دایك‌و بابی بەجێ دەهێڵێ‌و تێکەڵاوی تاقمێك جەردەو دەستبڕو دزو سەرسەری‌و بەڕەڵلا و شەقاوە دەکات. بە هەرحاڵ تا

تەمەنی نۆزدە ساڵان زۆرکاری جۆراو جۆر دەکاتو بە تۆمەتی دزیو گەداییو بەڕەڵڵاییەوە دەگیرێو دەزیندانێ دەخرێ. کە زیندانییەکەی تەواودەکات کەڵکەڵەی دەریاو ڕاوە نەهەنگو سەفەری دەکەوێتە سەر.

بەمجۆرە گەلێك شوێنان دەگەڕێو دەبینێ، بە تایبەتی کەنارەکانی ژاپۆن. هەڵبەتە ئەم گەڕانو سەرکێشییانە سەرنجی وردو تیژیان لەگەڵدا بووە. ئەم سەفەرە زۆر چەرمە سەری بۆ لندن دروست دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا بە رووە راستەقینەکەی ژیانی ئاشنا دەکات.

ژیانی بەلاوە ناخۆش نابێتو زۆربەی کاتەکانی بە هەژاریو دەستکورتی دەگوزەرێنێ. لەم ماوەیەدا کەڵکەڵەی دۆزینەوەی زێڕو زیوی دەکەوێتە سەر. دەکەونە گەڕانو پشکنین. دوای کۆششێکی چەندساڵە، دیسان دەستەویەخەی نائومێدی دەبێتەوەو دەست لەم کارەش هەڵدەگرێ. هەروا بە نائومێدیو وەڕەزی بۆ خۆی دەسوڕێتەوە تا رۆژێك لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا، بەڕێکەوتو پتر بۆ کات بەسەربردن، خۆی بە کتێبخانەیەکدا دەکاتو چاوی بە کتێبی، (روبنسن کرۆزۆ) دەکەوێتو چونکە خۆی چەند ساڵێکی بەسەفەری دەرياییەوە بەسەربردبوو،و ئەم کتێبەش باسی ژیانی پڕ بەسەرهاتی کوڕێکی دەکرد کە لە دایكو بابی جودا بوو بووەوەو لە ڕێگای دەریادا تووشی زۆر کارەساتو چەرمەسەری بوو بوو، ئیدی زۆر کار لە جاك لندن دەکات. هەر ئەو رۆژەو بە ئیشتیایەکی زۆرەوە دەست بە خوێندنەوەی ئەو کتێبە دەکات، هێندە لەگەڵیدا تێکەڵ دەبێت، کاتێك بە خۆی دەزانێت خاوەن کتێبخانەکە دێتە سەریو دەیەوێ کتێبخانەکەی دابخاتو بڕوات، ئەمیش ناچار دەبێت هەستێو بڕوات. ئیدی جاك لندن لەو رۆژە بەدواوە دەیکات بە عادەتو رۆژی ١٠-١٥ سەعاتان بۆ خوێندنەوەی کتێبان، بەتایبەتی کتێبی پڕ بەسەرهات تەرخاندەکات. تا وای لێدێت بەرە بەرە دەبێت بە هاوڕێی گیانی بە گیانی خوێندنەوە. دەچێتە قوتابخانەی ئامادەییو چوار ساڵی ئامادەیی بەسێ مانگان تەواو دەکات. دەچێتە زانستگە، بەڵام بەردەوام نابێت.

دەست بەنووسین دەکات. جاك لندن، وەکو کەسێکی شۆڕشگێڕو سەر بە بەرەی سۆسیالیزم، مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان دەبن بە خولیایو روو لە خوێندنەوەی بەرهەمە مارکسیستییەکانو بەرهەمەکانی داروینو نیتشە دەکاتو بایەخێکی زۆر بە گیاندارانیش دەدات. چونکە بابی یەکێك بوو لە ڕاوچییە چاکەکانی کالیفۆرنیاو خۆیشی هەر لە منداڵیرا لە بۆتەی هەژاریو دەستکورتیدا قاڵ بووبووەوە، بۆیە بەشێوازێکی جوانو داهێنەرانە ریالیزمی کۆمەڵایەتی وێنەی گیانداران، بە تایبەتی گیاندارانی دڕندەی دەکێشا. هەرچەندە شارەزایی جاك لندن لە گیاندارناسیدا، بە جۆرێکی زانستانە نەبووە، بەڵام ڕواڵەتو دیوی ناوەوەی گیاندارانی بە جوانی وێنەگرتووەو لە زۆر بەرهەمیدا ڕەنگی داوەتەوە، وەك کەڵبەسپی، گورگی دەریاو... هتد.

گوتمان جاك لندن. یەکێك بووە لەو کەڵە نووسەرانەی کە لەلایەن ئەمریکاییەکانەوە تەواو پشتگوێ خرابوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشا چونکە سۆسیالیستێکی شۆڕشگێڕو گەشبین بووە،و باوەڕی بەسەر کەوتنی پرولیتاریا هەبووە، خوێنەری زۆری هەبوەو هەموو هەفتەیەك نێوو بەرهەمی لە چەندین گۆڤاردا دەبینرا.. لندن بەخۆی دەڵێ: "من سۆسیالیستم، چونکە پرولیتار

زادەم، گەییومەتە ئەو قەناعەتەی کە سۆسیالزم تاقە ڕێگای ڕزگاری کرێکارانەو بە خۆیشم وەك کرێکارێك هاتوومە مەیدان. جا بۆ ئەوەی لە شێوەی مێملێك "ببورن" میمیلێکی هونەرمەند بێمە مەیدانێ، وەك زانیومە سۆسیالزم تاقە ڕێگەیە لەبەردەم هونەرو هونەرمەندانیش.

هەڵبەتە "پاژنە ئاسنین ١٩٠٧" بەرزترین شاکاری جاك لندنەو، ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەم نووسەرە ئەمریکییە تا دوا هەناسە ڕۆڵەی ئەمەکداری پرولیتاریا بووەو هەموو سەرنج و بۆچوونەکانی خۆی لەمەڕ خەبات و ترس و ئومێدو ئایندەی پرشنگداری کرێکارانی سوسیالیست، لەم ڕومانەدا بەرجەستە کردووە. ئەنجامی ڕۆمانەکەشی سەرکەوتنی مسۆگەری پرولیتاریا و دامەزراندنی حکومەتی برایەتییە. ئەوەتا "ئارنست"ی قارەمانی ڕۆمانەکە بەوپەڕی ورە بەرزی و بە ڕاشکاوییەوە بە ژنەکەی دەڵێ:

" ئازیزم ئەگەرچی ئەمجارە خواست و ئارەزووەکانمان لە دەستچوون، بەڵام بۆ هەمیشە لە دەست نەچووە. ئێمە زۆرشت لەم بەسەرهاتەوە فێر بووین، خواست و داوای ئێمە سبەی ئاقڵانەترو ڕێك و پێك تر دەبێت، ڕاپەڕینمان توندتر دەبێت" (بڕوانە پاژنە ئاسنین لە ٣١٦) جا نووسەرێك ئەمە ڕەفتارو گوتاری بێت، نەبێت بە داردەستی سەرمایە داران و، وشەی پیرۆزی خۆی بە دۆلاری سواو نەگۆڕێتەوە، چۆن پشتگوێ ناخرێت!!.

جاك لندن، لە کاتێکدا دەستی بەنووسین کرد کە ژیانی کۆمەڵایەتی دووچاری سەختی و دژواری و ئاژاوەو لێکترازانی شیرازەی ئابووری بوو بوو. سەرمایەداری تازەش لە هەڵپەی پتر دەوڵەمەند بوون و دەسەڵات پەیداکردندا بوون و دووچاری نارەحەتییەکی زۆر بووبوون و دەیانویست هونەریش وەکو هەر دیاردەیەکی دی کۆمەڵایەتی بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و بۆ خزمەتی ئارمانجی گڵاوی خۆیان بە کاری بهێنن و قەڵەمە نەترسەکان بەزەبری دۆلار دەستەمۆ بکەن، بەڵام جاك لندن هەمیشە نەفرەتی لەو دەست و قەڵەمانە دەکرد کە ناتوانن لە کاتی پێویستدا هەست و نەستی خاوەنەکانیان دەربڕن، بۆیە ناڕەحەتی و مەینەتی هەڵبژاردو قەڵەمەکەی نەخستە خزمەتی کۆشك و تەلارەکانەوە. بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو دنیا کرێت و ناشیرینەی کە بەچاوی خۆی دەیدی، بەرووتی و بێ پەردەو بە زمانێکی سادەو ڕەوان بە نووسینی دەسپاردو واقیعی دەهونەراند.. چونکە بە خۆی یەکێك بوو لە زەحمەتکێش و ڕەنج بێوەرەکان.سەیردەکەین ئازایانەو بوێرانە گشت لایەنە دزێو و ئەتوارە پەستەکانی سەرمایەداران و کلۆڵی چینە چەوساوەکان، لە نووسینەکانیدا دەردەبڕێت. بۆیە ئەمریکاییەکان ناویان نەدەهێناو بە فەرامۆشییان دەسپارد. تەنانەت لە زۆر لەو کتێبانەدا کە دەربارەی ڕۆماننووسەکانیان نووسیوە، ناوی ئەویان نەهێناوە، چونکە یەکێك بووە لەوانەی کە قارەمانانی چیرۆکەکانی لە نزیکەوە دیون و ناسیونی و بەخۆی دەستی نەوازشتی خستۆتە سەر ئازارو ئامانجەکانیان و بە پەیڤ و کردار لاواندونییەوە. هەڵبەتە بەسەرهاتەکانی ئەو وەکو، سەرگەردانی، باب مردن، ڕاوە ماسی، بێکاری و هەژاری و کرێکاری و بەرەڵڵایی، حەپس و زیندان، خواردنەوە، سەفەری دوورو درێژ، چوونە زانستگە، ساردی و گەرمی ڕۆژگار، بەشێك بووە لە ژیانی زۆربەی چەوساوەکان، بۆیە دەبینین بەشێوەیەکی فرەلایەن و بەربڵاو کردوونی بە هەوێنی

نووسینەکانی، جا پیاوێك وەهابێت و هەمیشە ناکۆك بێت لەگەڵ سەرمایەدارو دەسەڵاتدارانداً، بۆچی باسیبکەن؟ ئەوەتا پاش ئەوەی بەزەبری جوانی و هونەرییەتی نووسینەکانی نووسینەکانی، خۆی دەسەپێنی. وەرگێڕێکی فەرەنسی دیاری وەك "لویس بستیف" چاکی لێهەڵدەماڵێ و گەلێك لە بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامە ئەمریکاییەکانەوە وەردەگرێ و وەریاندەگێڕێت. گۆڤارە چەپەکانی فەرەنسا زۆر بەرهەمی وەردەگێڕن و بەکتێب چاپی دەکەن. هێشتاش ئەمریکاییەکان زۆر بێویژدانانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. پیاوێکی وەکو "جون براون" کە مامۆستایەکی ڕەخنەگری ئەمریکاییە، لە ساڵی ١٩٥٤دا لە کتێبێکی "٧٠٠" حەوت سەد لاپەڕدا بەنێوی "ڕۆڵی ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئەمریکا" تەنیا بیست دێڕ بۆ جاك لندن تەرخاندەکات و بەمجۆرە باسیدەکات:

".. نووسینەکانی وێنەگرتنێکی ڕەنگین و ڕۆمانسیانەی ژیانن، خوێنەری ئەورووپا و ئەمریکا حەزی لێدەکەن، لە ڕووی بیرەوە قوڵییەکی ئەوتۆی تێدا بەدی ناکرێت. بێ لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە بیری ماکسیزم و تیۆرییەکانی داروینی وەرگرتووە. نووسینەکانی نیتشەی خوێندۆتەوە، بەڵام هیچی وایان لێ تێنەگەییوە..

ڕۆمانی "دەنگی هۆڤی و کەڵبەچەرموو" چاکترین نووسینی ئەون، چونکە ئەزموونی خۆین لە ئالاسکا و کلوندایك دا.. ئەم چیرۆکانەی کە دەربارەی ژیانی گیاندارانن، وەکو نووسینەکانی تری بەباری سەرنجی سادەو سەرڤە سەرڤە لەمەڕ خۆشەویستی و فەلسەفە قورسی کردوون، جاك لندن بەم نووسینانە هەوڵی داوە وەکو نووسەرێکی ڕەسەن خۆی بنوێنێ، کارەکانی دوایی وەك ڕۆمانی سادەو نیوەچڵ هاتونەتە مەیدانەوە."

ئەگەر سەرنج بدەی دەبینی، تەنانەت لە ساڵی ١٩٥٤دا، ڕەخنەگرێکی ئەمریکایی وا هەستدەکات کە نرخی جاك تەنیا لەو ئاستەدایە کە چەند نووسینێکی لە نێوان کتێبی نەوجەوانانیدا چاپ بووە. بەڵام بەری ڕۆژ بە بێژنگ ناگیرێ و ئەوەبوو فەرەنسییەکان "٢٦" بەرگیان لە نووسینەکانی جاك لندن بە زمانی فەرەنسی و بە پێشەکی و پاشەکی تێرو تەسەلەوە بە چاپ گەیاندو ئەمە کردییە کارێك کە ئەمریکاییەکان دووچاری شەرمەزاری بن و بەخۆیاندا بچنەوە و بکەونە کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی و سەر لە نوێ ناسینەوەی ئەو کەڵە نووسەرەیان. بابزانین پرۆفیسۆر "هنسلی. ڤ. وود. بریج" لە گوتارێکیدا چ دەڵێ: " ئەمن پتر سەرم لەوەی سوڕدەمێنێ کە زۆر وڵاتی بێگانە بەرهەمە چاکەکانی جاك لندن-یان هەیە و ئێمەی خاوەنی ڕاستەقینەی لندن نیمانە. لە سۆڤیەتدا زۆربەی بەرهەمەکانی کراون بە ڕوسی، بە گورجی و بە ئوکرانی.. پۆلاندییەکان، کۆمەڵێك نووسینی باشی ئەویان هەیە. لە فەرەنسادا هەموو بەرهەمەکانی لندن چاپکراوە کە فرانسیس لاکامف زۆری کۆکردۆتەوە و پێشەکی و لێکۆڵینەوەی گرینگی بۆ نووسیون.. ئاخر ئێمەی ئەمریکایی کەنگێ بەزمانی خۆمان دەبین بەخودانی هەموو بەرهەمەکانی لندن؟ جاك لندن، لە ماوەی هەژدە ساڵ نووسیندا، پەنجاو یەك کتێبی گەورە و "١٢٥" سەدو بیست و پێنج چیرۆکی کورتی نووسیوە.. ئەو گەدا بەڕەڵڵایە لە ئاخرو ئۆخری ژیانیدا وایلێهات، دەرامەتی دوو هێندەی موچەی سەرۆکی ئەمریکا بوو.. ئەمەش نێوی هەندێك لە

**بەرهەمە زۆرو زەبەندەکانیەتی: "پاژنە ئاسنین، دەنگی هۆڤی، کەڵبەچەرموو، گورگی دەریا، خۆشەویستی ژیان، سەربوردەکان، دان پێدانان، دورگەی ترس، ڕۆڵەکانی بەفر.. هتد" جاك لندنی شۆڕشگێڕ تا دوا هەناسەی ژیانی بەموو لە ڕێبازی شۆڕشگێڕی لاینەداوە، ئەوەتا لە ساڵی ١٩١٦داو لە کاتێکدا لە هەڕەتی نێوداریدا بوو، لەبەر سستیو لاوازی پارتی سوسیالیستی ئەمریکا، بەم ڕستانە کشانەوەو وازهێنانی خۆی لە پارتی نێو براو ڕادەگەیەنێ:**

**"هاوڕێیانی ئازیز..**

**من لە پارتی سوسیالیست دەکێشمەوە، چونکە ئەم پارتە، گەرموگوڕیو گیانی خەباتو شۆڕشگێڕیو جەنگاوەری لە دەستداوە.. پشتی بە خەباتی چینایەتی نەبەستووە. من لە هەوەڵەوە ئەندامی پارتی سۆسیالستی کاربووم، کە پارتێکی شۆڕشگێڕو هەمیشە تەیاربوو. تا نهوژی ئەندامێکی خەباتگێڕی سۆسیالست بووم. بە هەرحاڵ من ئەوەندەی لە هەمێزی، پارتی سۆسیالستدا پەروەردە بوومو شتی لێوە فێربووم، باوەڕی تەواوم بەیاخیبوونو مانگرتنی چینایەتی هەبووە، ئێستاش بەش بەحاڵی خۆم باوەڕم وایە کە چینی کرێکار تەنیا لە ڕێگەی خەباتەوە.. لە ڕێگەی هەرگیز سازش نەکردنەوە لەگەڵ دوژمندا، دەتوانێت ئازادی وەدەستبێنێ... بەڵام لەبەر ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا پارتی سۆسیالست بە تەواوەتی کەوتۆتە باوەشی سازشکاریەوە.. هەستدەکەم کە گیانی من ناتوانێت لەوەی پتر لە ژێر ئەم بارە قورسەدا دەربیات.. چیدی ناتوانم وەك ئەندامێکی حیزبی، بمێنمەوە ئەمەیە هۆی کشانەوەی من..**

## پاژی دووەم

جاك لندن، ناوی ئەدەبی و خوازراوی (جونگریفیت)ی رۆماننووسی ئەمریکاییە (١٨٧٦- ١٩١٦). جاك لندن لە سان فرانسیسکۆ لە دایك بووە، ئەمە منداڵێکی نا شەرعی بوو، پاش ئەوەی دایکی شووی بە جون لندن کرد، شۆڕەت و ناوی خانەوادەیی ئەوی هەڵگرت. جاك، سەردەمی منداڵیەتی زۆر بە ناخۆشی و دژواری گوزەراند، بۆ ئەوەی کۆمەك بە باری نالەباری دارایی ماڵباتەکەی بکات، ناچار دەستی دایە زۆر کاری جۆراوجۆری وەك: رۆژنامەفرۆشی، شاگردی ئوتوخانان، کرێکاری بارو چاخانە بەندەرییەکان و کرێکاری لە کەشتیاندا، هەندێجاریش لەبەر بەرەڵلا یی و سەرگەردانی دەکەوتە زندانانەوە. پاشان ماوەیەك لە ئۆکلاند، کە مێردەکەی داکی، واتە باوەپیارەکەی لە وێندەر دوکانێکی چکۆلەی عەتاری هەبوو، ئاکنجی بوو، پاش تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی چووە زانستگەی کالیفورنیا.. جاك، لە گەنجیدا، خووی دایە خوێندنەوەو موتالاو بە تاسەیەکی زۆرەوە سەری کردە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی کارل مارکس و داروین و نیتشەو لە نێو هاوڕێ و دۆستەکانیدا بە کوڕێژگە سوسیالیستەکە ناسرا بوو. لە ساڵی ١٨٩٦دا، دەگەڵ گروپێك لە عەودالانی زێڕدا، سەفەری (کلوندیك)ی کرد کە هەڵبەتە سەفەرێکی ناکام بوو و، بە هۆی مردنی زڕبابەکەیەوە گەڕایەوە بۆ ئۆکلاند. ئەوسا جاك هەستا ئەزموونی سەفەری خۆی بۆ ئالاسکا، لە شێوەی کورتە چیرۆکاندا نووسییەوەو لە هەندێ گۆڤاری ئەو سەردەمەدا بڵاوی کردنەوەو وای لێهات بە نووسین و لە رێگەی نووسینەوە خۆی دەژیاند، بەڵام دەست قلێپێکی وەها بوو، هەرچییەکی دەست دەکەوت بەفیڕۆی دەدا. لە ساڵی (١٩٠٣)دا ڕۆمانی (دەنگی هۆڤی)ی بڵاوکردەوە کە زیاتر زادەی سەفەرەکەی (کلوندیك)ی خۆی بووو. شا قارەمانی ڕۆمانەکە گورگەمێشێکە= (لە سەگ و گورگ) بە نێوی (باك) کە پاش خزمەتی ئاغاکانی، پاش رەنج دیتن و نازو نەوازش دیتن، هەر لە ناخی خۆیدا مەیلی جەنگەڵ و بێشان دانانێت، بیری هاوڕەگەزانی خۆی دەکات و تەنیا لەبەر خۆشەویستی خاوەنە میهرەبانەکەی لە نێو تیرەی بەشەراندا دەمێنێ و، هەرکە خاوەنەکەی لەلایەن گروپێك لە هاوڕەگەزانی خۆیەوە دەکوژرێ، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ جەنگەڵان و دەست بە هەمان ژیانی حەیوانی هاوڕەگەزەکانی خۆی دەکاتەوە. ئەم ڕۆمانە سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هێنا و ئەمریکاییانی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم کە داخڵی دنیای سنعەت و تەکنولۆژی بوو بوون، بە بۆنی توندو سروشتی درەختانی جەنگەڵ و غەریزەو سروشتی ژیان لە باوەشی تەبیعەتدا، کە لەلایەن لندنەوە، یەجگار جوان و زندوو وەسف کرابوو، سەرمەست بوون، جاك لندن، لە دوای ئەم ڕۆمانە، رۆمانی (گورگی دەریا- ١٩٠٤)ی بڵاو کردەوە، کە کۆمەڵێك بویەرو رووداوی دەریایی لە خۆگرتووە. ئەم ڕۆمانە، بە تایبەتی لە بەشی یەکەمیا، ڕۆمانی (موبی دیك)ی ملڤیل وەیاد دێنێتەوە. هەروەها سیمای ترسناکی (کاپتن لارسن)ی قارەمانی ڕۆمانی موبی دیك بەرجەستە دەکات. بە هەرحاڵ مەبەستی نووسەر هەرچییەك بووبێ، ڕۆمانەکەی تا رادەیەك کارێکی نامەفهووم و بێ سەروبەرە. جاك لندن لە ساڵی ١٩٠٤دا لە کاتی شەڕی روس و ژاپۆندا، بە ماموری بۆ رۆژهەڵاتی دوور ڕۆیی. لە گەڕانەوەدا ژنەکەی خۆی تەڵاق داو دەگەڵ ژنێکی دیکەدا زەماوەندی کردو کەشتییەکی کڕی کە

دەویست بەو کەشتییە سەفەرێك بە دەوری دنیادا بکات، بەڵام تا ئوسترالیا زیاتر نەڕۆیی. لە سەفەری دوورگەکانی هاوایەوە، ڕۆمانی (مارتین ئیدن– ١٩٠٩)ی دەگەڵ خۆیدا هێنایەوە، کە وەکو زۆربەی بەرهەمەکانی، سەربهوردی شەخسی خۆیەتی. دەریاوانێکی هەژار بە نێوی مارتین ئیدن، گەنجێکی دەوڵەمەند لە خنکان ڕزگار دەکات و حەز لە خوشکەکەی دەکات، ئیدی بۆ گەییشتن بە کچەو بە هاندانی کچە، دەست لە دەریاوانی هەڵدەگرێت و هەم کار دەکات و هەم دەخوێنێ و دوای هەوڵ و تەقەلایەکی فرە ڕوو دەکاتە ئەدەبیات، چەندین وتارو چیرۆکان بۆ گۆڤارو وەشانکاران دەنێرێت و هیچیان پەسند ناکرێن و هەر بە هەژاری و دەسکورتی دەمێنێتەوەو لە هەموو شتێکدا ڕووبەڕووی ناکامی دەبێتەوەو تەنانەت دڵدارەکەشی کە پابەندی داب و نەریتی خانەوادەییە، وازی لێدێنێ. لە پڕ بەختی دەکرێتەوەو وەشانکاران پەی بە لایەنی هونەری بەرهەمەکانی دەبەن و وردە وردە گرینگی و بایەخی پێدەدەن. مارتین دوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی شۆرەت پەیدا دەکات و دەوڵەمەند دەبێت و کیژێ جارێکی دی بەلای ئەودا با دەداتەوە، بەڵام ئەمجارەیان مارتین، کە بە ئافرەتی نموونەیی و دڵخوازی خۆیی نازانێت، پشتی تێدەکات و باوەڕی پێ ناکات، لەو کۆمەڵگەیەی، کە زندانی بیروباوەڕە پوچ و پاشکەوتووەکانی خۆیەتی و، ئەو (مارتین) لە گەڵیا ناسازێت، هەڵدێت، سواری کەشتی دەبێ و سەری خۆی هەڵدەگرێت و لەو ناوە نامێنێ، سەفەر دادی نادات و بێزاری بەرۆکی دەگرێت و سەرەنجامی ئارامی لە خەوی مەرگدا دەبینێ و خۆی دەخاتە دەریاوە.

جاك لندن، کە نووسەرێکی دیاری سەردەمی شارستانیەتی سنعەتی و تەکنولۆژی بوو، لەم بەرهەمەیدا ڕەنج بێوەری وەچەیەك نیشان دەدات کە لە سۆنگەی هەوڵی بەردەوام لە ڕای بە دەست هێنانی سەروەت و سامان، بایەخ و گرینگی بەها مەعنەوییەکانی فەرامۆش کردووەو دەرکیان ناکات.

جاك لندن، جگە لەو جۆرە ڕۆمانە واقیعیانەی کە زیاتر لە سەربهوردی شەخسی خۆیەوە هەڵی هێنجاون، کۆمەڵێك ڕۆمانی سادەو دڵداریشی هەن لەوانە ڕۆمانی (دۆڵی هەیڤ– ١٩١٣)، هەروەها چیرۆك و ڕۆمانی خەیاڵی ڕوتیشی هەیە وەك (هەستارەی گەڕۆك– ١٩١٥). چەند کۆچیرۆکێکی کورتیشی هەیە لەوانە (کوڕی گورگ – ١٩٠٠)، (ژیاندۆستی"ئەشقی ژیان"– ١٩٠٧).

بەرهەمەکانی، جاك لندن، لە ساڵی ١٩١٣ بە دواوە. شۆرەتی جیهانییان پەیداکردو بۆ زۆربەی زمانە زندووەکانی دنیا هاتنە پاچڤەکردن و وەکو یەکێك لە نووسەرە هەرە ناودارو دەوڵەمەندەکانی جیهان هاتە ناسین.

جاك لندن، لە وتەیەکیدا دەڵێت: "من بۆ وەشانکارەکان دەنووسم نەك بۆ خۆم". ئەمە ئەوە دەردەخات بەرهەمەکانی کە ژمارەیان دەگاتە پەنجا ڕۆمان و چیرۆك، تەنیا بۆ وەدەست هێنانی پارە نووسراون، بەڵام هەر هەموویان لەبەر ڕۆشنایی فەلسەفەیەکی دیاریکراو– فەلسەفەی مارکسیزم– نووسراون و خەباتی هەمیشەیی بەشەر لە پێناوی ڕزگار بوون لە هەژاری و بێنەوایی دەنوێنن و نیشان دەدەن. جاك لندن، لایەنگرو هەواداری هەژاران و چەوساوان بووە، لایەنگری

پرەنسیپی خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان، بووە. دژایەتی بیروبۆچوونانی پوچ و خوراق لە هەموو بەرهەمەکانی جاك لندندا دەبینریٚ، لندن تواناو بەهرەیەکی گەورەی هونەری گیٚڕانەوەی هەبووە، تەبع و نیهادی خۆی، یانی ژیاندۆستی، نیازپاکی، جوامیٚری، خەبات و کۆڵنەدان و بەخشندەیی، لە بوونی قارەمانەکانیا، هونەریانە بەرجەستە کردووەتەوە. کەم نووسەری ئەمریکایی چ لە ناوەوەو چ لە دەرەوەی وڵات، بە ئەندازەی ئەو خۆشەویست بووە، جاك لندن، لە ئەنجامدا، هەرچی دەکرد دەگەڵ کۆمەڵگەو ژیانی ڕۆژگارو سەردەمی خۆیدا، نەی دەکرا، بۆیە لە داخا خۆی کوشت.

## پاژی سێیەم

ناوی راستەقینەی (جۆن گریفیت)ـەو بە جاك لندن ناسراوە. یەكێكە لە پێشەنگەكانی چیرۆك‌و ڕۆمانی ئەمریكی، بەڵام ئەگەر هەندێ لە ڕۆمان‌و كورتە چیرۆكەكانی چووبنە خانەی كەلەپووری ئەدەبیاتی ئەمریكاشەوە، هەر ناگەنە ئاستی بەرهەمێن كەڵە نووسەرانی مەیدانی ڕۆمانی ئەمریكایی وەك: هنری جیمس و سنگلیرلویس، و ئیرنست هەمینگوای، ولیام ڤۆكنەرو جۆن ستاینبك. هەڵبەتە دەكرێ پاكانەی ئەوەی بۆ بكەین كە لە نەسلی پێش ئەوان بووەو لە مەیدان‌و واری ڕۆماندا تەنیا ناتانیل هوتورن‌و هیرمان ملفیل‌و مارك توین–ی لە پێشەوە بوون، یانی كەلەپوورێكی ڕۆمانەوانی ئەوتۆی لە پێشەوە نەبوو كە چاویان لێبكات‌و هەوڵی ئەوە بدات پێشیان بداتەوە، بۆیە كەم‌و كورتیەكانی، هەمان كێماسی‌و كەم‌و كوڕی ئەو پێشەنگانەیە كە لە هەوڵی دۆزینەوەو ڕێگەو ڕێبازی دروستدان. ئەمە جگە لەوەی كە كارو بەرهەمەكانی لە كاریگەری‌و باندۆری ژیانی دژوارو سەختی خۆی بەدەر نەبووە. دیارە ئەم ژیانە سەختە بارێكی قورس بووە بەسەر شانیەوەو لە زۆر بەرهەمیا تووشی حەواس پەرتی بووەو لایەنی ئەستاتیكی هونەریی فەرامۆش كردووە. تەنانەت كە باوەڕی بە بیروبۆچوونی سوسیالیزمیش هێناوە، لە قەناعەتی فیكرییەوە نەبووە، بەڵكو لە هەژاری‌و بێنەوایی و كلۆڵی خۆیەوە بووە، بۆیە ڕقی چینایەتی بناخەو بنەمای ئەو باوەڕەی بووە، هەر بۆیەش كە وەكو ڕۆماننووس شۆرەتی پەیدا كردو لە ڕووی داراییەوە كەمێك بوژایەوە، ئیدی نكوڵی لە بۆچوونی سوسیالیزم كردو تاقە وشەیەكی لە بارەیەوە نەنووسی.

جاك لندن، لە سان فرانسیسكۆ لە دایك بووە، بە قەولی ئێمەی كورد بیژو زۆڵ بوو، لە پیاوێك بوو بە نێوی و. هـ. چانی، ئەم پیاوە مامۆستایەكی گەڕۆكی زانستێن زمان‌و فەلەكیات بوو، دایكی لندن ناوی فلورا ویلمان بوو، كە كەسوكارەكەی لەبەر بەڕەڵڵایی‌و سەرشێتی خۆی وازیان لێ هێنا بوو وحاشایان لێكردبوو. ئەم ژنە پاش لە دایك بوونی كوڕەكەی بە ماوەیەكی كورت، شووی بە پیاوێكی هەژار، بە ناوی جون لندنەوە كرد، كەن دوای یازدە منداڵ، ژنەكەی لە دەست دا بوو، ئەم پیاوە وێڕای هەژاری‌و دەسكورتی خۆی، دەگەڵ كوڕی ژنەكەیدا زۆر دلۆڤان‌و بە سۆز بوو، تەبەنی كردو ناوو شۆرەتی خۆی پێبەخشی... بەڵام وێڕای ئەمەش جاك لندن، ئەمەی لە دڵدا بوو بوو بە گرێ‌و بە پەڵەی شەرمەزاری دەزانی‌و تەنانەت لە خەویشدا لە بیری نەدەچوو. واتا هەستی بە كێماسییەكی گەورە دەكرد، بۆیە هەر بۆ قەرەبوو كردنەوەی ئەم كیماسییە بوو، هەمیشە عەودالی شۆڕەت‌و نێوبانگ‌و، سەروەت‌و سامان‌و دەوڵەمەندی بوو. دەیویست كۆمەڵگەكەی دەوروبەری ناچاربكات ڕێزی بگرن‌و، هەرچەند كەسێكی حەرامزادە بوو، دان بە پێگەی كۆمەڵایەتییدا بنەن. هەڵبەتە لە سەرەتای ژیانیا، ناچار بوو لەبەر هەژاری‌و كلۆڵی شان بداتە بەر زۆر كاری سووكی وەك: ڕۆژنامەفرۆشی، شوفێری گالیسكەی سەهۆڵ گواستنەوە، دزی دەریایی، پاسەوان‌و خەفەری كەناران‌و دەریاوان لەوپەڕی سیبریا، هەروەها بێ كاری‌و سەرگەردانی‌و ئاوارەییشی تاقی كردەوەو بەگەڵ كۆمەڵێك یاخی‌و شەلاتیان كەوت‌و لەو سۆنگەیەوە بۆ ماوەی مانگێك كەوتە حەپسخانەو زندانەوە.

بەلاّم ویّڕای ئەوەش هەر کۆڵی نەداو سوور بوو لەسەر ئەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی بسەلمێنێ، توانی خوێندن تەواوبکاتو، چووە زانستگەی کالیفورنیا، بەلاّم بە هۆی دەسکورتیەوە بەردەوام نەبوو، بەلاّم کەڵکەڵەو ئەڵهای ڕۆشنبیری لندن هەر لەم سنوورەدا نەوەستا، بەڵکو زۆری سوود لە دۆستایەتی شاعیرێکی هاوچەرخی خۆی وەرگرت کە ئەمینداری کتێبخانەیەك بوو. ئەم ئەمینداره هەر زوو بەهرەمەندی لندنی کەشف کردو کەوتە هاندانیو زۆر کتێبو لێکۆڵینەوەی جۆراو جۆری بواره ئەپستمولوجیه جیاوازەکانی دەدایە تا بیانخوێنێتەوەو خۆی ڕۆشنبیر بکات. نووسینو بەرهەمەکانی داروینو مارکسی چوونە دڵەوەو ئەمە کردیە کارێك، وەکو قەرە بووکردنەوەیەکی ئەو هەژاریو کلۆڵییەی لە منداڵیو هەرزەکاریو لاویدا دووچاری بوو بوو، باوەڕ بە سوسیالیزم بێنێ. لندن، پاش ئەوەی بەرهەمەکانی نیتشەی خوێندەوەو تیۆری سۆپەرمانیەت ئەفسوونی کردو باوەڕی بەوە هێنا ئامیانو ماکی سۆپەرمانیەت لە هەر مرۆڤێکدا، بەدەر لە ڕەوشی کۆمەڵایەتی ئەو کەسە، هەیەو ئیدی وەستاوەتە سەر ئەو مرۆڤە خۆی کە ئەو ماکە کەشف بکاتو پەروەردەی بکاتو کۆڵ نەدات تا دەگاتە ئاستێکی باڵاو مرۆڤێکی باڵای بێ وێنە! ئیدی لندن، هەموو هیواو ئاواتێکی خۆی لەم تیۆرییەدا بینییەوەو بە ڕادەیەك دڵبەندو ئەفسوونی بوو کە ئیدی ئەو جۆشو خرۆشو گەرمو گوڕییەی جارانی سەبارەت بە دژایەتیو نەهێشتنی کاپیتالیزم لەلا نەما. بەڵکو گەوره سەرمایەدارانی ئەمریکایی بە نموونەی زندووی سۆپەرمانیەت دەزانیو هەقە لاساییان بکاتەوەو چاو لەوان بکات، وەکو ئەوان لە بواری خۆیدا سەرکەوتنی گەوره بەدەست بێنێ، نەك بچێ دژایەتیان بکات، ماڵی خۆیشیو ئەوانیش وێران بکات.

هەڵبەتە لندن، نەیتوانی ئەم تیۆریو بۆچوونانە هەرس بکاتو بچێتە بنجو بناوانیانو بە تەواوەتی لێیان تێبگات، کە ئەمەش بە ئاشکرا لە هەندێ چیرۆکیدا ڕەنگی داوەتەوەو زەقاوزەق، دیاره کە لە نێوان داروینو مارکسو نیتشەدا هەنگەڵە شەلێیەتیونەبووە بە خاوەنی شەقڵو مۆركو شێواز و دەنگ و ڕەنگی خۆی. بەلاّم ویّڕای ئەوەش خوێنەرێکی یەجگار زۆری هەبوو و توانی سەروەتو سامانێکی ئەوتۆ بە دەست بێنێ کە بە خەویش بە بیریا نەهاتبوو! ئەمە هەمان ئەو سەروەتو سامانە بوو کە لندن، بە نیازی بە دەست هێنانی، لە ساڵی ١٨٩٧ دەگەڵ شەیدایانی زێڕدا، سەفەری کلوندایکی لە پێناودا کرد! ڕاستە لندن، بە دەستی بە تاڵو دەست لە گونان شۆڕتر لەو سەفەرەی گەڕایەوە، بەلاّم ئەوەی لە خۆیدا کەشف کرد کە بەهره قەڵەمیەکەی دەتوانێ ئەو سەروەتو سامانەی بۆ دابینبکات کە لە مێژ بوو خەوی پێوە دەبینی. هەر لەو ساڵەدا یەکەم چیرۆکی لە ژێر سەرناڤی (دوو قاڵبەزێڕ)دا لە گۆڤارێکی سان فرانسیسکۆدا بلاّوکردەوە. ئەوسا کەوتە بلاّوکردنەوەی یەك لە دووی یەك، لە گۆڤارێن (پشیلەی ڕەش، باسفیكو ئەتلانتی)دا، پاشان لە ساڵی ١٩٠٠دا یەکەمین کۆ چیرۆکی لە ژێر سەر ناڤی (کوڕی گورگ) بلاّوکردەوە کە هەر هەمووی دەربارەی ڕیسكو ریسککاری هەوەڵین پێشەنگانە لە ناوچەی ئالاسکادا. لندن ئەو چیرۆکانەی بە هەمان شێوازی شاعیرو ڕۆماننووسی ئینگلیز

ردیارد کبلنگ نووسی بوو کە تاکی بەریتانی لە بەرهەمەکانیا وەکو چەق و تەوەری گەردوون و پەیامبەری شارستانیەتی تیرەی بەشەرو، پێشەنگی کەشف و دۆزینەوەی تازە، وێنەگرتبوو.

***

ئیدی بەرە بەرە شۆرەتی پەیدا کرد، چەندین کتێبی بڵاوکردەوە، بۆچوونەکانی خۆی دەربارەی ڤیان و ژیان، لە ساڵی ١٩٠٣دا، لە کتێبێکدا، بە ناونیشانی (نامەکانی کمبتون ویس)، بڵاوکردەوە. پاشان لە ساڵی ١٩٠٧دا کتێبێکی دیکەی بەناونیشانی (ڕێگا) بڵاوکردەوە کە باس لە ئەزموونانی ساڵانی بێکاری و سەرگەردانی خۆی دەکات.

لە ساڵی ١٩٠٢دا یەکەم ڕۆمانی لە ژێر سەر ناڤی (کیژی بەفر) بڵاوکردەوە، لەم ڕۆمانەدا جەخت لەسەر باڵادەستی ڕەگەزی ئەنگلۆساکسۆنی دەکات کە ئەم ڕەوتە لە زۆربەی بەرهەمەکانی دواتریشیدا ڕەنگی داوەتەوە، لە ساڵی ١٩٠٣دا ڕۆمانی (بانگی هۆڤی)ی بڵاوکردەوە کە بە ڕای زۆربەی شارەزایان و ئەدەبناسان یەکێکە لە بەرهەمە هەرە ناوازەو بەهێزەکانی، کە قارەمانی سەرەکی ڕۆمانەکە سەگێکە بە ناوی (باك)و دەگەڕێتەوە بۆ ناو تیرەو تایفەی خۆی کە دەکەنە خێڵی گورگان. بەڵام ڕۆمانی (کەڵبە سپی) ڕێك بە پێچەوانەوەیە، باسی سەگێکە کە گەڕاوەتەوە بۆ ناو شارستانیەت، تا کۆمەڵێك داب و نەریت و کارو کردەوەو ڕەفتاران بە دەست بێنێ کە لە ژیانی کێویەتیدا پێیدا تێ نەپەڕیوە. ڕۆمانێکی دیکەی هەیە بە ناوی (گورگی دەریا -١٩٠٤) ئەمە زیاتر بەرجەستە کردنی ئەو بیرۆکەی سوپەرمانیەتەیە، کە لە کتێب و نووسینەکانی نیتشەدا خوێندبوویەوە. هەموو ڕووداوەکان و هەڵوێست و کاراکتەرەکانی لە تەجروبەو ئەزموونانی شەخسی خۆیەوە هەڵێنجاوە. لە ڕۆمانی (گەمەدا- ١٩٠٥) لندن، ئەو کۆتاییە تراجیدیانە بەرجەستە دەکات کە بە هۆی وەرزشی زۆرەبانی و بۆکسبازییەوە، هەڵبەتە لە پێناوی بەدەست هێنانی خەڵاتی داراییدا، دەگاتە ڕادەی هۆڤیەتی و بەربەریەت. ڕۆمانی (پێش ئادەم- ١٩٠٦) کە ڕووداوەکانی دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمانی پێش مێژوو، نیشانەی دەوڵەمەندی و جۆراوجۆری ئەو ناوەڕۆك و بابەتانەیە کە لندن مامەڵەی لە تەکدا کردوون. لە ڕۆمانی (پاژنە ئاسنین)دا بۆچوونی خۆی دەرهەق بە شۆڕشی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی، لە میانەی قۆناغی مێژوویی ١٩١٢- ١٩١٨ی ژیانی گەلی ئەمریکییەوە، بەرجەستە کردووە. زیاتر ڕۆمانێکی پێشبینیانەیە، هەوڵدەدات بە پشتیوانی شیکردنەوەی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی باوی ئێستاوە، پێشبینی ئایندە بکات و ئایندە کەشف بکات. بەڵام رۆمانی (مارتن ئیدن- ١٩٠٩) ناوەڕۆکەکەی لە ئوتوبیوگرافی خودی نووسەرەکەیەوە هەڵێنجراوە، شا قارەمانی ڕۆمانەکە لە کۆتاییدا خۆی دەکوژێت، دەقاو دەق وەك جاك لندن، کە بە ئانقەست کۆمەڵێك دەرمانی خواردو کوشتی. ژیانی پڕ لە هەورازو نشێو وناجێگیری لندن تا ڕادەیەکی زۆر لە هەندێ ڕۆمانیا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە ناوەڕۆکی ڕۆمانی (جون بارلیکورن) بریتییە لەو کارەساتانەی بە هۆی ئالودە بوون بەمەی نۆشییەوە، دێنە ئاراوە، کە ئەمە ئەزموونی خودی لندنە کە بە درێژایی ژیانی پێوەی موبەتەلا بوو و، کارێکی زۆر خراپی لە سیحەتی کردو هەرچی سەروەت و سامانی هەبوو لەو پێناوەدا داینا.

هەندێجار لندن، ئەستاتیکای فۆرمی هونەری، کە یەکێکە لە مەرجە گرینگەکانی ڕۆمانی سەرکەوتوو، بە جۆرێ فەرامۆش دەکات، کە کارەکەی دەبێت بە بانگەشەو پروپاگەندەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ ڕاوبۆچوونە ڕامیاریو جڤاکیو ئابوورییەکانی. بۆ نموونە لە ڕۆمانی (دۆڵی هەیڤ–١٩١٣)دا دووچاری ئەم هەڵەیە بووەو کارێکی زۆر خراپی لە جەماوەریەتی ئەم ڕۆمانانەی دوای ئەوە کردووە: (شۆڕشێك دژ بە کەشتی ئیلسینور– ١٩١٤)و (هەستارەی گەڕۆك– ١٩١٥) کە ئەم ڕۆمانەیان بریتییە لە زنجیرە ئەڵقەو هەڵوێستێکی نالۆژیکی. ڕەنگە بشێت بیانووی ئەوە بۆ لندن بهێنرێتەوە کە ڕووداوەکانی ڕۆمانی ناڤبری زادەو هەڵقولاوی وڕینەی کابرایەکی حەپسو زندانییە، بۆیە لێی ناگیرێ. بەلام تیمەو ناوەڕۆكو باکڕاوندی ڕۆمانەکانی دواتری، لە دوورگەکانی دەریاکانی باشوورەوە هەڵێنجراون، کە ڕەگیان دەچێتەوە سەر ئەزموونی شەخسی خودی نووسەر کە لەو دوورگانەدا ژیاوەو ژیانی خۆشویستووە. لە دوای مردنی، دوو ڕۆمانی بلاوبوونەوە بە ناونیشانی (گەردەلوولی ژیان– ١٩١٧)و (لەسەر حەسیری ماکالو– ١٩١٩).

لندن، بە تایبەتی لە دوا قوناغەکانی ژیانیا، شۆرەتو نێوبانگێکی میللی یەجگار فراوانی پەیدا کرد، هەر بۆیەش توێژەران، لە پاش مردنی، بایەخێکی فرەیان پێدا. ڕەخنەگرانو ئەدەبناسان، کۆچیرۆکی (ژیاندۆستی= "ئەشقی ژیان" – ١٩٠٦)یان بە باشترین کۆ کورتە چیرۆکی ئەدەبی ئەمریکی لە قەڵەم داوە. لیونارد د. ئابوت، وتارە سیاسیو کۆمەلایەتیەکانی لندنی لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (کۆ وتارێك دەربارەی شۆڕش– ١٩٢٦) کۆ کردووەتەوە. هەروەها (فیلیپ . س . فورنر)ش بایەخی بەم لایەنەی نووسینەکانی لندن داوە، کۆمەڵێك وتاری ئەوی بە پێشەکیو لێکۆڵینەوەیەکەوە لە ساڵی ١٩٤٧دا، بە ناونیشانی (جاك لندن: شۆڕشگێڕەکەی ئەمریکا) بلاوکردووەتەوە. ژنی دووەمی لندن، چارمیان، لە ساڵی ١٩٢١دا بەسەرهاتی ژیانی لندنی لە دوو بەرگو لە ژێر سەرناڤی (کتێبی جاك لندن)دا نووسیوەتەوەو بلاوی کردووەتەوە. هەروەها جوانی کچی،کە لە ژنی یەکەمی بوو، کتێبێکی دەربارەی لندن لە ژێر سەرناڤی (جاك لندنو سەردەمەکەی: ئوتوبیوگرافیەکی نا ئاسایی– ١٩٣٩) نووسیوە کە بریتییە لە ژیانی لندون و ڕەوشی سیاسیو جڤاکی سەردەمی وی. هەروەها ئیرفنج ستون، کتێبێکی دەربارەی نووسیوە بە ناونیشانی (چەند دەریایەك لەسەر پشتی ئەسپێك – ١٩٣٨).

ڕەخنەگران، ڕێڕەوی پەرەسەندنی هونەری ڕۆمان لە لای لندن دەکەن بە سێ قۆناغەوە:

**قۆناغی یەکەم:** ئەو قۆناغە بوو کە لە ڕێگەی چیرۆکە نۆبەرەکانیەوە شۆرەتو نێوبانگو خۆشەویستییەکی میللی جەماوەری پەیدا کرد. بەلام بەهۆی ناجێگیری ژیانیو بە فیڕۆدانی هەموو ئەو دەسکەوتانەی لە ڕێگەی قەڵەمەوە بە دەستی هێنا بوونو ئالوودە بوون بە مەیو مەی نۆشی، بەڕادەیەك ناوی زڕا کە خوێنەرانی محافەزەکار بە تەواوەتی لێی تەوەللا بوونو تا ڕادەیەکی زۆر فەرامۆشیان کرد.

**قۆناغی دووەم:** قۆناغێکی یەجگار دژوار بوو، قۆناغی تاقیکردنەوەی ڕۆمانەکانی بوو کە ئاخۆ بەرگەی چەپۆکی ڕۆژگار دەگرن، ئایا لە مەحەکی ئەو هەموو فەرامۆشکردنە نەهەقە

دەردەچوون. دیارە رەخنەگرەکان زۆر ڕەق بوون لەگەڵیا، پێدەچێ رەخنەگرانی ئەو سەردەمو قۆناغە حیسابی زۆریان بۆ ژیانی شەخسی ئەدیب کردبێت. بۆیە رەخنەگرەکان هەوڵیانداوە بەرهەمە ئەدەبیەکانی ببەستنەوە بە ژیانو نێوبانگو پێگەی جڤاکی شەخسیەوە کە گوێی بە دابو نەریتانی باوی سەردەم نەدەدا.

ئـەوجا **قۆنـاغی سـێیەم**، کـە قۆنـاغی دوای مردنیـەتی، دێتـە پێشـەوە. پـاش ئـەوە ڕۆمـانو چـیرۆکەکانی لـە مەحـەكو تاقیکردنـەوەی ڕۆژگـار دەرچـوونو، توانیـان لـە دەرگـای کەلـەپوری چیرۆکڤانیەوە بچنە ناو ئەدەبی ئەمریکاییەوە. ئەگەر توێـژەرانی ئەکادیمیش وەك پێویستو بە ئینسافەوە ئاوڕیان لە بەرهەمەکانی نەدابێتەوە، ئەوا هەردوو ڕۆمانی (بانگی هۆڤیو کەڵبەسپی) بەبێ منەت چوونەتە خانەی ڕۆمانێن کلاسیکی ئەمریکاییەوە. بە تایبەتی کە شاقارەمانی ئەو جووتە ڕۆمانە بەشەر نین،و، هـەمان رەفتارو خولیـاو بیرکردنـەوەی ئاسـایی سـەگیان هەیـە، بـەڵام لندن توانیویەتی ئەو یاساو ڕیسـایانە بەرجەستە بکات کە حوکمی جیهانی حـەیوانات دەکـەن. ئـەو جیهانــەی کــە بەشــەر لەبــەر خۆپەســندیو خۆپەرسـتی خــۆی وەکــو پێویســت ئــاوڕی لێنەداوەتەوە.

*　　*　　*

ڕەنگە گەورەترین دەسکەوتی جاك لندن ئەوە بێ کە توانیویەتی ڕۆمانەکانی بکات بە پەنجەرەیەك بۆ دیتنی جیهانی گیانلەبەران بە هەموو ڕازو رەمزو یاساو ڕێساکانییەوە. ئەم جیهانە زیاتر لە جیهانی بەشەران، سەرنجی راکێشاوەو ئەو فەرقو جیاوازییە گەورەیەی تێدا نییە کە هەڕەشە لە ژیانی بەشەرو ئاسایشو تەناهی وڵاتان دەکات.

جاك لندن، لە ساڵی ١٩٠٢دا سەفەرێکی لەندەنی کرد، سەری گەڕەکی (ئیست ئیند)ی دا کە هەژارانو سەرگەردانانو رێبوارانی تیا دەژیانو لە ساڵی ١٩٠٣دا واتە لە هەمان ساڵدا کە رۆمانی (دەنگی هۆڤی)ی نووسی، باری سەرنجو خوێندنەوەی خۆی بۆ واقیعی گەڕەکی ناڤبری لە رۆمانێك دا بە ناونیشانی (خەڵکی دۆزەخ– ١٩٠٣) بەرجەستە کردووە، ئیدی لەو ڕۆمانەدا هەڤدژی نێوان جیهانی بەشەر، بە هەموو پۆخڵەواتو دژواریو زوڵمو زۆرێکییەوەو، دنیای گیانلەبەران بە هەموو زندوویەتیو سادەییو پاکییەکیەوە، دەردەکەوێت. خۆ لندن، هەر بەوەوە نەوەستاوە، بەڵکو لە ڕۆمانی (پاژنە ئاسنین)دا پێشبینی ئەوەی کردووە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان سیستەمێن دکتاتۆریو ئۆلیگارشی و ڕادیکالی جڵەوی قەدەرو چارەنووسی دنیا دەگرنە دەست. چونکە تەبعو تەبیعەتی بەشەر بەلای ئەو جۆرە سیستەمەدا مایلە، مرۆڤ تاقە بوونەوەرە کە مایلە بەلای خۆپەرستیدا، با خەتەریش بێت. بۆیە ڕۆمانی (پاژنە ئاسنین) بە یەکێك لەو ڕۆمانە سیاسیە گرینگانە دێتە ژماردن کە تیشك دەخاتە سەر ئەو کەڵکەڵەو ئەڵهاو ئارەزووە هۆڤیانەی کە تا رۆژگاری ئەمڕۆ زاڵن بەسەر هزرینو رەفتارێن بە شەرەوە.. خۆ هەردوو جەنگی یەکەمو دووەمی جیهان، دوو نموونەی زۆر زندووی ئەم پێشبینیانەن کە لە ڕۆمانی ناڤبریدا کراون.

ڕۆمانی (دەنگی هۆڤی) بریتیە لە سەرگوزشتەو بەسەرهاتی سەگێك بە نێوی (باك)، ئەم سەگە، پاسەوانی مێگەلەو بەرەگەز سکۆتلاندییە. لە ژینگەیەکی ئورستۆکراتی، لە ماڵی قازی میللەردا، لە دەڤەری دۆڵی سانت کلارای هەتاوگیری کالیفورنیادا پەروەردە دەبێت. بە ڕێکەوت لەلایەن هەندێ شەقاوەو شەلاتیەوە دەفڕێنرێ، ئەوەندە عەزیەت دەدرێت، دەبێ بە دڕندەیەکی هۆڤی لەو گۆڕە. یانی مرۆڤ توانی کارێکی وەها بکات هیچ هەڤسۆزییەکی لە هەنبەر بوونەوەرانی دیکەدا نەمێنێ. ئیدی ئەو شەقاوانەی کە فڕاندبوویان، دەیخەنە کەشتییەکەوە کە بەرەو ئالاسکا دەڕوات، ئەمە لەو قۆناغەدا دەبێ کە لە ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەدا، گەڕان بە دوای زێڕدا لەوپەڕی برەو وباودا دەبێت.باك لەوێندەر دەکەوێتە ناو ئەو سەگانەوە کە بۆ ڕاکێشانی خزاکان بەکار دەبران. پاشان، دوای ئەوەی خاوەنەکەی لە کێشماکێش و ململانێیەکی سەخت و دژواردا دەبەزێ و بۆڕ دەخوات، باك دەبێ بەسەر قافڵەی گرووپی کسۆکان! ئیدی بەرە بەرە دەستاو دەست دەکات! هەر جارەی دەکەوێتە لای خاوەنێك، چ خاوەنی باش و چ خاوەنی خراپ و خۆپەرست، بەڵام باك، دوای ماوەیەك بێزار دەبێ، لە دوا خاوەنی یاخی دەبێ، ئیدی دەیگرنە بن کوتەك و شەلاقان، دەگاتە حاڵی تۆپین. بەڵام لە دوا ساتدا، یەکێك لە عەودالانی زێڕ، بە ناوی (جون تورنتون)ـەوە فریای دەکەوێ و دەیگرێتە خۆی. ئیدی ئەم کابرایە لە دوای قازی میللەرەوە، باشترین خاوەنداری دەکات. ئیدی باك ئەم چاکەیەی خاوەنەکەی دەداتەوەو لە خنکان ڕزگاری دەکات، هەروەها خەڵاتی بەهێزترین سەگی بۆ مسۆگەر دەکات کە توانیویەتی خزاکێك بە بارێکی نیو تۆنیوە ڕابکێشێت. بەڵام باك، هەمیشە بەو ئاواتەوە دەبێ بگەڕێتەوە بۆجیهانی گیانلەبەران، کە زۆر لە جیهانی بەشەران پێی باشترە! زۆر جار کە گوێی لە لورەی کسۆکان و گورگان دەبوو، یادەوەرییەکانی ناخی دەهاڕوژان و بێدار دەبوونەوەو، دەچوو بۆ ئەو دارستانەی کە تیایدا بوون. کە هندەکان پەلاماری ئۆردوگاکەی ئاغای دەدەن، بەرگرییەکی بێ وێنە دەکات، بە قەپاڵ تێیان بەردەبێت و ئەنجام ڕاویان دەنێت و هێرشەکەیان بە یەکجارەکی تێك دەشکێنێ. بەڵام پاش ئەوەی تورنتونی خاوەنی دەمرێت! و گەلە گورگێك خۆی بە ئۆردوگاکەدا دەکات، باك بەرگرییەکی کەم دەکات، و پاشان دەچێتە ریزی گورگەکانەوە و بە هانکە هانك بەرەو دەشت و دەر دەڕۆن.

بەڵام لە ڕۆمانی (کەڵبە سپی)دا دوو پیاو بە نێوی بیل و هنری، بەگژ ئەو بەفرە زۆرەدا دەچن کە لە باکووری کەنەدادا کەوتووە، سواری خزاکێك دەبن کە چوار سەگ ڕایدەکێشن. ڕۆژانە گەلە گورگێکی برسی دوویان دەکەون. شەوێك یەکێك لە دێڵە گورگەکان، یەکێك لە سەگەکان لە خشتە دەبات و بە تەماحی سێکسی دووی خۆی دەخات، ئیدی گورگەکان توانیان بەم نەخشەیە هەموو شەوێك یەکێك لە سەگەکان لە ناو بەرن و بیخۆن. بیل، دوای دێڵە گورگەکە دەکەوێت بەو نیازەی ڕاوی بکات و لە نێوی ببات، بەڵام دێڵە گورگەکە ئەو ڕاو دەکات و دەیکوژێت. بەو جۆرە هنری بە تاقی تەنیا، بەبێ هاوڕێ و بێ سەگان دەمێنێتەوە. کە گورگەکان ناتوانن ڕاوی بکەن، ئیدی هەموو گورگەکان، دوای ئەوەی کەلاکی دوا سەگ دەخۆن هەموو لە برسا دەمرن. تەنیا گورگێکی چکۆلە، لە پێنج بێچووی دێڵە گورگەکە لە برسێتی دەخەلەسێت. بەڵام لە باپیرییەوە، خۆشەویستی و هۆگری بەشەر، بە میرات دەگرێت، تومەز دێڵە گورگەکە، زادەی جووتبوونی

گورگێكو سەگێك بوو بوو. ئیدی دەكەوێتە تاقیبی خێڵی بەشەران، پەیوەندی بە كۆمەڵە هندییەكەوە دەكات، گوێڕایەڵیو ملكەچی خۆی بۆ گەورەی هندییەكان، واتا بۆ (گرای بیفەر) رادەگەیەنێت. ئیدی خێڵەكە، سەگەكە ناو دەنەن (كەڵبە سپی) ئیدی بەرەبەرە كە فێری ئەوە دەبێ لە هەنبەر پەلاماری سەگانی دیدا بەرگری لە خۆی بكات، فێری دڕندەییو هۆڤیاتی دەبێت.

ئیدی (گرای بیفەر) ڕۆژێ هەر بۆ ڕابواردن، بە قاپێ ویسكی دەیفرۆشێت بە شاگرد ئاشپەزێكی ڕەزا قورس بە نێوی (بیوتی سمیت). بەڵام كەڵبە سپی خاوەنە تازەكەی خۆش ناوێ. ناو بە ناو ڕقی خۆی بەرانبەری دەردەبڕێت. بەڵام خاوەنەكەی لێی دەداو بە مەبەستی ڕامكردنی دەیخاتە قەفەزێكەوە ، بۆ ئەوەی لەسەر ئەو شەڕە سەگەی ڕابێنێ كە بە تەما بوو لە پێشبڕكێی سەگە شەڕێكدا بەشداری پێبكات. ئیدی كەڵبە سپی دكارێت بەسەر هەموو سەگەكاندا زاڵ بێت، تا ڕۆژێ تووشی دەبێ بە تووشی سەگێك لە ڕەگەزو جۆری (بولدوج). بۆلدوج قەپێك بە ملیدا دەكاتو تا كۆتایی پێشبڕكێیەكە بەری ناداتو لێی نابێتەوە. نمایشەكە بە تەدەخولی دوو پیاوی سەگباز كۆتایی دێت، كە یەكێكیان نێوی مات بوو و خاوەنو كاپتنی خزاكان بوو، دووەمیان، كە لە كارناسانی مەعدەنو كانان بوو، ناوی (ویدون سكوت) بوو. سكوت پەلاماری بولدوج دەداتو بە تۆبزی كەڵبەسپی  لێ رزگار دەكات. كەڵبە سپی بە حاڵ روحی تیا مابوو كە سكوت فریای كەوت، لە سمیتی خاوەنی كڕییەوە، كەوتە تیماركردنو بەخێو كردنی تا بە تەواوەتی بوژایەوەو چاك بووەوە. بەڵام ئەو بەرخوردو مامەڵە  مرۆڤانیە ناسكە، نەیتوانی لەو دڕندایەتییەی كەم بكاتەوە كە بە حوكمی عادەتو ڕاهاتن خووی پێوە گرتبوو.

سكوت بەرە بەرە، توانی بە زەبری میهرەبانی خۆی، كارێكی وەها بكات كە خۆشی بووێت. لە ماڵی خاوەنە تازەكەی خۆیدا، كە لە كالیفورنیا بوو، فێری جۆرە لێ بوردەییو میهرەبانییەك بوو. ئەنجام كاتێ كە بابی (سكوت)ی لە زندانییەكی هەڵاتوو، كە بە نیازی كوشتنی دابووی بەسەر ماڵەكەیاندا، رزگار كرد، بوو بە خۆشەویستی هەموو ئەندامانی ماڵباتەكە. ئیدی لێرەدا ڕۆمانەكە تەواو دەبێت. ئیدی كەڵبە سپی دەگەڵ بەشەراندا ڕادێ، ڕام دەبێو بڕیاردەدا بە یەكجارەكی لەو ژینگەیەدا ڕابێت، یانی ڕێك بە پێچەوانەی (باك)ی شا قارەمانی (بانگی هۆڤی)ـەوە كە بە دنیای بەشەران رازی نابێتو دەگەڕێتەوە بۆ دەشتو دەر، بۆ ژینگەی دڵخوازی خۆی.

جا ئیزافەكاری جاك لندن بۆ كەلەپوری ڕۆمانەوانی ئەمریكایی لەو ڕۆمانانەیدایە. پەنجەرەیەكی تازەی بۆ خوێنەران كردەوە كە لێیەوە بڕواننە ئەم دنیا سادەو كێوییە پاكو دیارو ئاشكرایە. هەر هەموو ئەمانە سیفەتی سروشتی و ئاسایی ئەم گەردوونەیە كە بەشەر لە سایەی دا دەژی. بۆیە ئەم ڕۆمانانە تا بڵێی شەفافو ڕوونو ڕەوانن، و ژیانیان بە هەموو كێشماكێشو هەڤدژییەكانیەوە لە خۆ گرتووەو هەر ئەمەش وایكردووە سنووری كاتو شوێن ببڕنو بە زمانی هونەر ڕۆڵەی بەشەر لە هەموو سەردەمەكاندا بدوێنن.

# پاژی چوارەم

خوێنەری هێژا لەم پاژەدا  دوو چیرۆکی کورتی جاك لندنتان وەکو نموونە بە نێوی "ئەشقی ژیان و، مەکسیکی"بۆ پاچڤە دەکەم هیڤیدارم بە دڵتان بێت.پێشوەختە هەر گلەییەکتان هەبوو دەیخەمە سەرچاو

## ١- ئەشقی ژیان

بە دوو قۆڵی بە لەقە لەق بە نێو تاوێرە تیژو خزەکاندا بەرەو کەناری چۆمەکە دادەگەڕان. لە پڕ ئەوەی لە پێشەوە ڕێی دەکرد، لە نێو تاوێرە تیژەکاندا خزی. لە ماندوویەتیدا لەتریان دەدا، بە ئاستەم پێیان عاردی دەگرت، شوێنەواری سەبرو حەوسەڵەیەکی قووڵو زۆر بە سیمایانەوە دیار بوو. سەبرو حەوسەڵەیەك کە تەنیا بە تەحەمولی ڕەنجی زۆر پەیدا دەبێت. سەرو کۆڵی قورسیان دابوو بە کۆڵیاندا کە بریتی بوو لە نوێنو توێشووی سەفەر، پەتی کۆڵەکانیان خستبووە سەر ناوچەوانیان و بەمە هەڵگرتنی کۆڵەکانیان سووکترو ئاسانتر دەبوو. سەرو تفەنگیانیش پێ بوو، دوولۆ کۆمابوونەوەو ڕێیان دەکرد، شانیان بۆ پێشەوە بردبوو، سەریان داخستبوو و چاوانیان بڕی بووە ئەرزەکە.

پیاوەکەی دوواوە گوتی: "خۆزی دوو فیشەکم، لەو فیشەکانەی کە لە حەشارگەکە دامان نا، لەگەڵ خۆدا هێنابا"

دەنگی ئەم پیاوە ئازارمەند بوو، خۆی ماندوو و بێتاقەت بوو، هیچ جۆشو تینو تاوێك لە قسەکانیا نەبوو. ئاوێکی سپی وەك چۆڕی شیر، کەفاویو بە خوڕ ، بە چۆمەکەدا دەڕۆیی. پیاوی یەکەم کە بە لەقە لەق بە نێو ڕووبارەکە کەوتبوو هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. پیاوی دووەم لە دووی ئەوەوە دەڕۆیی. هەرچەندە ئاوەکە وەکو سەهۆڵ تەزی بوو،و گۆزینگی پێیانی دەتەزاندو پێیان چایی بوو، سڕ بوو بوو، کەسیان چەکمەکانیان لە پێ دانەکەند بوو، لە هەندێ شوێنان ئاو دەگەییە زرانییان (ئەژنۆ). هەردووکیان بۆ ئەوەی جێ پێیەکی قایمو ئەمین وەدۆزن، بە دەوری خۆیاندا دەسوڕانەوە.

پیاوەکەی دواوە، لەسەر تاوێرێکی لووس، خزی، لەزگ بوو بکەوێت، بەڵام بە زەحمەتێکی زۆر خۆی گرتەوەو، لە هەمان کاتدا هاوارێکی پڕ دەردو ئازاری لێ بەرز بووەوە. دەتگوت تووشی بورانەوەو سەرەگێژەکە بووە، لە کاتێکدا کە بەملاو بەولادا دەکەوت، دەستە ئازادەکەی درێژ کردبوو، دەتگوت لە بۆشایی هەوادا بۆ شتێك دەگەڕا، خۆی پێوە بگرێت. ئەوجا بە ئارامی لە جێی خۆی وەستاو ڕوانییە هاوڕێکەی کە ملی ڕێی گرتبوو و، بە هیچ جۆرێ ئاوڕی لەم نەدەدایەوە.

ئەم پیاوە بۆ ماوەی دەققەیەکی تەواو، هێدیو هێمن وەستا، لە تۆ وایە خۆی دەدوێنێ. ئەوجا هاواریکرد:

– بیل، گۆزینگی پێم لە کار کەوتووە.

بیل، بە شەلەشەل، بە نێو چۆمەکە کەوتبوو، ئاوی چۆمەکە هێندە سپی بوو، دەتگوت چۆڕی شیرە. تەمەشای دەوروبەری خۆی نەکرد. هاوڕێکەی لە دواوە تەمەشای دەکرد، هەرچەند وەکو

هەمیشە ماندوویەتی بە سەرو سیمایەوە دیاربوو، بەڵام چاوانی لە چاوانی بزنە کێویەکی برینداردەچوون.

بیل، بە لەقەلەق خۆی گەیاندە ئەوبەری چۆمەکە، لە ئاوەکە وەدەرکەوت، بێئەوەی ئاوڕی پاشەوە بداتەوە، درێژەی بە ڕێی خۆی دا. پیاوی دووەم کە هێشتا لە چۆمەکەدا بوو، تەمەشای ئەوی دەکرد. لێوانی کەمێك لەرزین، سمێڵە سوورو زبرەکەی سەر لێوی جوڵایەوە. زمانی دەرهێنان تا دەمو لێوو سمێڵی تەڕ بکات. هاواری کرد:

– بیل!

دەنگی، لە دەنگی پاڕانەوەو فریاخوازی، پیاوێکی بەهێز دەچوو کە کەوتبێتە تەنگانەو ئاستەنگەوە. لێ بیل نەگەڕایەوە. ئەمیش لە دواوە تەمەشای دەکرد، بیلی کۆڵەوار، بە شەلەشەل ڕێی دەکردو، بە دوو دڵیو بە هەنگاوی لەرزۆکەوە بە هەورازێکی بەرزدا، کە دەیڕوانییە دۆڵێکی قووڵو، ئاسمانی سافو بێگەردی لە باوەش گرتبوو، هەڵدەگەڕا، ئەم، تا بیل گەییە ترۆپکی هەورازو گردەکە و پاشان داگەڕاو کەوتە نەدیوی، نیگای لێنەگواستەوە. کە بیل کەوتە نەدیوی، بە کاوەخۆ ڕوانیە دەوروبەری خۆی.

لەنزیکی ئاسۆوە، هەتاو هێدی هێدی گەرم دەبوو و، تەمو مژێکی چڕو یەکدەستو یەکهاوی، دەوری دابوو و بە ئاستەم دیار بوو.

کابرا، لە کاتێکا قورسایی خۆی دابوو بەسەر یەك قاچیدا، سەعاتەکەی دەرهێنا، تەمەشای کرد، سەعات چوار بوو، وەختو ڕۆژو مانگی لێ تێکچوو بوو، بە مەزەندەی خۆی ئاخرو ئۆخری مانگی تەمووز یان هەوەڵی ئاب بوو، پتر لە دوو هەفتە دەبوو، کە بە تەواوەتی نەیدەزانی چ ڕۆژو بەروارێکە. هەتاوەکە سەمتی باکووری ڕۆژئاوای نیشان دەدا. ڕوانییە باشوور، بۆی دەرکەوت کە دەریاچەی (ورچی مەزن) دەکەوێتە ئەو دیوی ئەم گردە ڕووتەنو ساردانەوە، هەروەها بۆی دەرکەوت کە ئەم بەستەڵەکستانە ڕێگای ترسناکی ئەو دەباتەوە ناو خیزەڵانە چۆڵو هۆڵەکانی کەنەدا. ئەم چۆمەی کە تیایدا وەستا بوو، لە سەرچاوەکانی روباری (کانی مس) بوو کە ئەویش بەرەو باکوور دەکشاو دەڕژایە کەنداوی (تاجگوزاری)و ئۆقیانووسی بەستەڵەکی باکوورەوە. ئەم پیاوە هەرگیز نەچوو بووە ئەو دەڤەرە، ئەو دەڤەرەی نەدی بوو، بەڵام جارێك لە سەر نەخشەی (کۆمپانیای کەنداوی هودسون) دیتبووی.

جارێکی دی، چاوی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا، دیمەنی ئەم دەڤەرەی بەدڵ نەبوو، دڵخۆشکەرەو ئومێدبەخش نەبوو، گردۆڵکەکان هەموو نزمو مات بوون، نە درەختێ نە دەوەنێ، نە گیایەکی بەدی نەکرد، تا چاو بڕەکات هەر چۆڵیو چۆڵەوانی بوو، هەستی بە ترسو سامێکی زۆر کرد، یەك دوو جاری دی لە بن لێوانەوە بانگی کرد:

– بیل! بیل!

کابرا هیلاكو ماندوو بە ناو چۆمەکە کەوت، چۆمی چی، دەتگوت لە جیاتی ئاو، شیری پێدا دەڕۆیی، بەلەرزە لەرز کەوتە چۆمەکەوە، دەتگوت بە هەموو هێزو توانایەکی پڕ سامی خۆیەوە، گوشاری بۆ ئەو دێناو بەوپەڕی توڕەییو غرورەوە، هۆڤیانە وردو خاشی دەکرد. کەوتە لەرزین.

له کەسێك دەچوو لەزگ بێ ببورێتەوە، تفەنگەکەی لە دەست کەوت‌و ئاوەکە ڕایماڵی! کەوتنی تفەنگەکە وەئاگای هێنایەوە، زاتی وەبەر خۆی ناو، چوو بەگژ ئەو ترس‌و سامەدا کە گرتبووی، بە لەپەکوتێ تفەنگەکەی گرتەوە. بۆ ئەوەی بەشێك لە قورسایی کۆڵەکەی لەسەر پێیە ئاسیو دیدەکەی لا بدات، کۆڵەکەی گواستەوە سەر شانی چەپی. ئەوجا کەوتە ڕێ، بە کاوەخۆ، هێدی هێدی، بە دەم ئازارەوەو، بەپارێزەوە بەرەو کەنارەکە دایکێشا. بۆ ساتێکیش نەوەستا. بە جۆش‌و خرۆشێکی شێتانەوە، بێئەوەی گوێ بەدەردو ئازاری خۆی بدات، بەلەز، شوێن پێی هاوسەفەرەکەی هەڵگرت‌و بە شێوەیەکی کۆڵەوارترو، بە شەلەشەلێکی زیاتر لەو، بەرەو ترۆپکی ئەو تەپەیە ڕۆیی کە ئەوی تیا لە بەرچاو ون بوو. لەوێندەرەوە، لە ترۆپکی گردەکەوە، دۆڵێکی قووڵی لێ بەدیار کەوت کە هیچ شوێنەوارێکی ژیانی تیا دیار نەبوو. هەمدیس چوو بە گژ ئەو ترس‌و سامەدا، کە باڵی بەسەردا کێشا بوو. کۆڵەکەی زیاتر هەڵدایە سەر شانی چەپی‌و بە قەد پاڵ‌و نشێوییەکەدا نشێو بووەوە.

ناو دۆڵەکە یەکپارچە زۆنگاو بوو، قەوزە، وەکو ئیسفەنج سەری ئاوەکەی گرتبوو، هەر هەنگاوێکی دەنا ئاو لە بن پێیەوە فیچقەی دەکرد، کە پێی هەڵدەبڕی، قەوزە لەگەڵ پێیدا هەڵدەکەنراو فڵچەیەکی لێ هەڵدەستا.

کابرا، هەنگاو بەهەنگاو دەڕۆیی. شوێن پێی هاوڕێکەی هەڵدەگرت، کە لە نێو تاوێرەکاندا وەکو دوڕگەیەکی چکۆلە لەو دەریای قەوزەیەدا دەهاتە بەرچاو.

هەرچەندە بە تەنیا بوو، بەڵام لەم دنیا بەرین‌و دەڤەرە نەناسراوەدا ون نەبوو بوو. دەیزانی ئەگەر لێرە تێپەڕێت، ئەوا دەگاتە کەناری دەریاچەی (تی چین- نی چی لی) کە دەرختانی سنۆبەرو کاژی مردەڵەی، زۆر بچووك‌و سیسەڵەو پەژمردە، لە بەرایی (سەر زەمینی درەختانی بچووك)دا دەوریان داوە. دەیزانی چۆمێك دەچێتە سەر ئەم دەریاچەیە کە ئاوەکەی سوێرو کەفاوی نیە. دەیزانی کە لەم چۆمەدا گیای ئەربسا هەیە، بەڵام هیچ درەختێکی لێ نییەو دەبوایە ئەم چۆمە تا ئەو شوێنەی دەبێ بە دوو لقەوە ببڕێت. دەبوایە لەوێشەوە شان بەشانی یەکەمین جۆباری روبارێکی دیکە کە بەرەو باشوور دەکشێت بڕوات تا دەگاتە ئەو شوێنەی کە دەگەڵ روباری (دیز)دا تێکەڵ دەبێت، و لەوێندەر دەکارێت لە ژێر بەلەمێکی سەرەونخوندا کە سەریان بە بەرد ناوەتەوە، ئازوقەو خۆراکێك پەیدا بکات. هەروەها لەم حەشارگەیەدا فیشەك بۆ تفەنگە بێ فیشەکەکەی‌و قولاپی ماسیگری، پەت‌و تۆڕێکی چکۆلەو هەموو کەرەستەیەکی پێویست بۆ پەیدا کردنی خۆراك هەیە. هەروەها دەتوانێ کەمێك ئارد، گرتکە قاورمەیەك‌و تۆزێ لۆبیاش بۆ خۆی پەیدا بکات.

بە خەیاڵی خۆی بیل لەوێندەر چاوەڕوانی دەکات‌و دەتوانن بە دوو قۆڵی لەوێندەرەوە، لە پاینی (دیز)ەوە بە قۆڵی باشووردا، بۆ (دەریاچەی ورچی مەزن) بڕۆن،و دەتوانن لە دەریاچەکەوە بە قۆڵی باشووردا، هەمیشە بە قۆڵی باشووردا پەل ببنەوە تا بگەنە (ماکنزی). لەم حاڵەدا زستانی تووش بێهودە دوایان دەکەوێت‌و گێژەلووکەی بەفرو زریان دەست پێدەکاو ڕۆژان سارد دەبن. دیسان دەبێ قۆڵی باشوور بگرن‌و بڕۆن بڕۆن تا دەگەنە یەکێك لە وێستگەکانی

(کۆمپانیای کەنداوی هودسن) کە لە شوێنێکی گەرمدایەو لەوێندەر ئیدی دارو درەختی گەورە هەن، خواردن زۆرەو لە برسێتی دەخەلەسن.

کابرا بەدەم ئەو خەیاڵانەوە خۆی دابووە دەم هەنگاوەوەو رێی دەکرد، وەکو چۆن جەستەی لە جوڵاندا بوو، بیریشی لە جوڵەدا بوو. هەوڵی دەدا قەناعەت بە خۆی بێنیٚ کە بیل بە جێی نەهێشتووەو لەوێندەر، لە حەشارگەکەدا چاوەڕوانی ئەوە. هەر دەبوایە وا بیربکاتەوە، چونکە وا نەبوایە، پێی ڕێی دانەدەگرت و نەیدەتوانی درێژە بە ڕێڕەوی خۆی بدات و دەبوا لە جێی خۆی بکەویٚ و چاوەڕوانی مردن بکات. بەر لەوەی هەتاوی کزو کەم ڕەنگ هێدی هێدی لە باکووری باشووریدا نقوم بێت، چەندین جار دەربارەی هەر بستە سەفەرێکی خۆی و بیل بەرەو باشوور – بەر لەوەی زستان بەسەرا بێت– بیری کردەوە، دووبارە بیری لە ئازووقەو خواردەمەنی ناو حەشارگەکەو خۆراکی وێستگەی (کۆمپانیای کەنداوی هودسن) کردەوە. ئەم پیاوە دوو دانە ڕۆژی خشت بوو، تامی زادی نەکردبوو. ماوەیەك بوو، دەستی بەخواردنی دڵخوازی خۆی نەگەیی بوو، زۆرجار بەدەم ڕێگاوە دادەنەوییەوە، تووتڕکە کێویلەی دەخوارد، هەرچەندە دەیزانی ئەمە هیچ بایەخێکی خۆراکی نییە، بەڵام هەر باش بوو، بۆ ماوەیەك برسێتی خۆی پێدەڕەواندەوە.

لە سەعات نۆدا پێی لە تاوێرێکی نووك تیژ هەڵنووتا، لە ماندوویەتی و ئازاردا شەلەشەلی پێکەوت و کەوتە سەر زەوی.

بۆ ماوەیەکی زۆر بەو دەقەوەو لە سەر لا کەوت. پاشان خۆی لە پەتی کۆڵەبارەکەی رزگار کردو بە زەحمەت دانیشت. هێشتا دنیا تاریك نەبوو بوو، بەناو تاوێرەکان کەوت تا هەندیٚ چڵ و چێوو رەگ و ریشەی وشکی تووتڕکە کێوی کۆبکاتەوە. کە کۆمەڵێك چڕو چیلکەی کۆ کردەوە، ئاگرێکی کردەوە، ئاگر، ئاگر نەبوو، چڕە دووکەڵێك بوو لەو گۆڕەی، کترییەك ئاوی نایە سەر تا بکوڵێت.

تێلەکەی (کۆڵەبار) کردەوە، یەکەم ئیشی ئەوە بوو کە کەوتە ژماردنی دەنکە شقارتەکانی. شەست و حەوت دەنکە شقاتەی پیٚ بوو. بۆ دڵنیایی خۆی سیٚ کەڕەت دەنکە شقاتەکانی ژمارد، سیٚ سیٚ جیای کردنەوە، هەر سیٚ دانەی لە کاغەزێکی زەیتییەوە پێچاو هەر بەستەیەکی لە جێیەك دانا، بەستەیەکی خستە نێو کیسە تووتنە خاڵیەکەیەوە، بەستەیەکی خستە بەینی ئەستەڕی کڵاوە پلیشاوەکەیەوە، بەستەی سێیەمی لە باخەڵی نا. کە لەم کارە بووەوە، دڵەڕاوکێیەکی پێکەوت، هەر هەموو دەنکە شقاتەکانی دەرهێنایەوە، دووبارە ژماردنییەوە، کە بینی شەست و حەوت دانەیە ئیدی دڵنیا بوو.

چەکمە تەڕەکانی لەبەر ئاگرەکە وشك کردەوە. چەکمەکەی تەڕ بوو بوو. گۆرەوییە خورییەکانی لە هەندیٚ شوێنەوە دڕا بوو،و پێیە ڕووت و خوێناوییەکەی دیار بوو.

گۆزینگی پێی پلی دەدا، تەمەشای کرد، ئاوسا بوو،و بە ئەندازەی ئەژنۆی ئەستوور بوو بوو. تیلماسکێکی درێژی لە یەکێك لە دوو پەتۆکەی دادڕی و توند گۆزینگی پیٚ بەستا. چەند

تیلماسکێکی دیکەشی دادڕیو بە هەردووك پێیەوە بەستن تا لە جیاتی هەم چەکمە چەرمەکانیو هەم گۆرەوییە خورییەکانی بەکاری بێنێ.

پاشان ئاوە کولاوەکەی، دوای سارد بوونەوە، خواردەوە. سەعاتەکەی کۆك کردو خۆی لە پەتۆکانەوە پێچا، مردوو ئاسا خڕ لێی خەوت. نزیکی نیوەشەو تاریکییەکی کورت خایەن هاتو ڕۆیی. هەتاو لە باکووری ڕۆژ هەڵاتەوە هەڵهات، یان لەو دەوروبەرەوە بەیان ئەنگوت، چونکە هەورە تاریکەکان ڕەنگی هەتاویان شاردبووەوە.

سەعات شەشی بەیانی، لە کاتێکا بە هێمنی بە پشتا نوستبوو، بێدار بووەوە. ڕاستەوخۆ چاوی بڕییە ئاسمانی کەوەییو زانی برسیەتی. کە خۆی خستە سەر ئانیشك، گوێی لە دەنگی پڕمە پڕمێکی بەرز بوو، ترسا، سەیری کرد کەڵە ئاسکێك لە بەرانبەریا وەستاوەو بە کونجکاویو سلۆکییەوە تەمەشای ئەوی دەکرد. هەر پەنجا شەقاوێك لەوەوە دوور بوو، یەکسەر ئەو دیمەنەی هاتە بەرچاو کە چۆن گۆشتی کەڵە ئاسکەکە چزە چز، بەسەر ئاگرەوە دەبرژا.

بە شێوەیەکی میکانیکی، دەستی گەیاندە تفەنگە خاڵیەکەی، نیشانەی لە کەڵە ئاسکەکە گرتەوە، دەستی بە پەلەپیتکەدا نا، کەڵە ئاسکەکە پڕمەیەکی کردو بە دەم قەڵەمبازانەوە بە نێو تاوێرەکان کەوتو، خرمە خرمی سمەکانی سەعاتە ڕێیەك دەڕۆیی. کابرا بەدەم دەمرێژێك جنێوەوە تفەنگە خاڵییەکەی توڕدایە لایەکەوە. بە دەم ناڵە ناڵەوە کەوتە ئەوەی هەستێتە سەر پێیان، کارێکی زۆر ئەستەمو بە ئازار بوو. جمگەکانی دەتگوت بۆڕی ژەنگنن،و بە ئاستەم لە جێی خۆ دەجولان، نوشتانەوەو کرانەوەیان غیرەتی دەویست. کە لاقەکانی لە ژێر خۆیدا کۆکردنەوە، دوای دەقیقەیەك یان زیاتر، ئەوجا توانی خۆی ڕاست بکاتەوەو وەکو بنیادەمێك لەسەر پێیان بوەستێت.

بە گردۆڵکەیەکدا هەڵگەڕاو زەینی دەوروبەرو پێش خۆی دا. بەردەمی دەشتێکی کاکی بە کاکی بوو، نە دارێ نە دەوەنێ، نە هیچ شتێکی لێ دەبینرا، بەڵام تا چاو هەتەر دەکات هەر قەوزەی کەوەیی بوو، دەتگوت دەریایەو خۆی هەڵخستووە، بە دەگمەن، لێرەو لەوێ، تاوێرێك یان گۆلاوێکی شینباو یان جۆبارێك، ئەم دەریایە قەوزەیەی لێك دادەبڕی، ئاسمان شینێکی مەند بوو، نە هەتاو، نە هیچ شوێنەوارێکی هەتاو دیار نەبوو، نەیدەزانی باکوور کەوتووەتە کوێوەو بە تەواوەتی لە بیری چوو بووەوە کە دوێ شەو لە چ ڕێگەیەکەوە گەیی بووە ئەم شوێنە، بەڵام دەیزانی کە ڕێی گوم نەکردووەو، دەبێ بەو زووانە بگاتە دەوەنەجاڕەکە. هەستی دەکرد دەوەنەجاڕەکە، کەوتووەتە سەمتی چەپەوە، ڕەنگە لەسەر گردە نزمەکەی دواتر بێت، لەوێوە دوور نییە.

کەوتە ئامادەکردنی کۆڵە پشتەکەی، تا سەر لە نوێ بکەوێتەوە ڕێ، سێ بەستە شقارتەکەی تاقیکردەوەو لە مانیان دڵنیا بوو، بەڵام ئەمجارەیان نەوەستا تا بیان ژمێرێت. هەستا، تیا مابوو چی لەو هەنبانۆکە ئەستوورە بکات کە زێڕەکانی تێکردبوو، هەنبانۆکەکە لە پێستی کەڵەکێوی دروستکرابوو، ماوەیەکی زۆر لە فکران ڕاچوو، هەنبانەکە گەورە نەبوو، لە ناو هەردوو دەستیا جێی دەبووەوە. دەیزانی ئەم هەنبانەیە، هەمان کێشو سەنگی باقی کۆڵە پشتەکەی هەیە، واتە

پازدە پاوەندە، ئەمەی لەبەر گران بوو. ئەنجام لەلایەکەوە دایناو کەوتە بەستنی کۆڵە بارەکەی. هەڵوەستەیەکی دیکەی کردو تەمەشایەکی لەزی هەنبانە زێڕەکەی کرد. بەلەز تەمەشایەکی دەوروبەری خۆی کرد، دەتگوت تەنیایی و خەم گەمارۆیان داوەو دەیانەوێ لە هەنبانە زێڕەکەی جیا بکەنەوە. کاتێ هەستایە سەر پێیان، هەنبانەکەش بەشێك بوو لە کۆڵە پشتەکەی.

بە سەمتی چەپا کەوتە ڕێ، ناو بە ناو دەوەستا تاکو توترکە کێوی بخوات. گۆزینگی دەیەشا، بۆیە زیاتر دەلەنگی، بەڵام ئەم ژان و ئازارە، لە چاو ئازاری گەدەیدا هیچ نەبوو. ئازاری برسیەتیەکەی لە کێشا نەبوو. ئەم ئازارە بەڕادەیەك تینی بۆ هێنا بوو، هۆشی ئەوەی لا نەما بوو، ئەو ڕێگەیە بدۆزێتەوە کە دەگەییە دەوەنەجاڕەکە. توترکە کێوەییەکە نەك هەر ئازاری گەدەو برسێتیەکەی نەڕەواندەوە، بەڵکو ئەوەندە تورت و تفت و تاڵ بوو، دەم و زمان و مەلاشوشی دەکزاندەوەو تاڵ دەکرد.

گەییە دۆڵێك، هەر پۆڕ بوو و لەسەر تاوێرو لە بن دەوەنەکانەوە هەڵدەستان و تۆزێك دەفڕین و نزیك دەنیشتنەوە، چەند بەردێکی خێواندنێ، بەڵام شتاقیانی نەپێکا. کۆڵە پشتەکەی لە عاردی دانا، وەکو چۆن پشیلەیەك بە ماتە مات بۆ پەڕەسێلکەیەك دەخزێ، بەرەو پۆڕەکان خزی. تەختە بەردی تیژ پانتۆڵەکەیان دڕی، زرانیەکانی زامدار بوون و ڕچە خوێنێکی لەسەر زەوی دروست کرد. بەڵام ئەم ئازارەی لە ئازاری برسێتییەکەیدا توایەوە. بەسەر قەوزەکاندا تلایەوە، جلەکانی تەڕ بوون و، خەریك بوو لە سەرماندا ڕەق هەڵێ. بەڵام لە تاو برسیەتی هەستی بەم سەرماو مەینەتی و ئازارە نەدەکرد. پۆڕەکان بە بەرچاوییەوە هەڵدەفڕین و دەنیشتنەوە، ئەم دیمەنە ئەوەندە دووبارە بووەوە، کە فڕەفڕی باڵی باڵندەکانی لێ بوو بە جۆرە ڕابواردنێك بە خۆی....

کەوتە جنێودانیان، بەدەم جنێودانەوە، بە دەنگێکی وەکو د ەنگی ئەوان، هاواری کرد. جارێکیان کەوت بەسەر یەکێکیاندا کە خەوتبوو، بەڵام تا ئەو کاتەی وەکو تیر لە هێلانەکەی دەرنەفرتاو بە رووی ئەودا نەفڕی، نەی بینی. ئەمیش بە هەمان دەست و بردی تەیرەکە، دەستی بۆ برد، تەنیا سێ پەڕی کلکی پۆڕەکەی لە دەستا مایەوە. بەپشم و غەزەبێکی زۆرەوە ڕوانییە فڕینی پۆڕەکە، هێندە لێی پەست بوو، وەکو ئەوەی هەڵەیەکی گەورەی دەرهەق بەم کردبێت. ئەوسا بۆ ئەو شوێنە گەڕایەوە کە کۆڵەپشتەکەی لێ دانا بوو، دای بە کۆڵیاو کەوتە ڕێ. بەدەم بەرز بوونەوەی هەتاوەوە، هەر ڕۆیی ڕۆیی تا گەییە دۆڵ و سەر زەمینانێکی تەڕو نمناك، نێچیرگاو ڕاوگەیەك بوو لەو گۆڕە. ڕەوە کەڵەکێوییەك تێپەڕی، بیست کەڵێك زیاتر دەبوو، لە کەڵە دەگمەنەکان بوون، هەر تیرهاوێژێك لەوەوە دووربوون. کەڵەکان، وەکو خەوێکی خۆش تێدەپەڕین. تەماح گرتی کە دوایان بکەوێ، چونکە دڵنیا بوو کە دەتوانێ پێیانڕا بگات. ڕێوییەکی ڕەش، کە پۆڕێکی بە دەمەوە بوو، بەرەو ڕووی ئەو هات. کابرا هاوارێکی کرد. بەڕاستی هاوارێکی ترسناك بوو. ڕێوییەکە لە ترسا بۆی دەرپەڕی، بەڵام پۆڕەکەی لەدەم بەر نەبووەوە.

دوا نیوەڕۆیەکی درەنگ، بە کەناری جۆبارێکدا کەوتە ڕێ، جۆبار چی جۆبار، لە قسڵ و ئاهەکدا سپی سپی بوو و، بە نێو پنجە گیای ئەریسادا تێدەپەڕی. توند لە ساقەتەی گیاکان دەنەوی، بەری ئەم گیایە لە چەکەرەی پیاز دەچوو، هەر بە ئەندازەی نینۆکێك دەبوو، وەکو

خواردنێکی بەلەزەت، قرچ و هۆڕ دای دەکرۆشت، بەڵام یەکپارچە ڕیشاڵی قایم بوو. ئەم بەرانە لە ڕیشاڵی زۆر ناسک و ئاودار پێکهاتبوو، زیاتر لە بەری توتڕکی کێوی دەچوو و، هیچ مادەیەکی خۆراکیی تیا نەبوو. کۆڵەپشتەکەی داناو وەکو شێت، بە دەم جوینی ریشاڵە گیاوە بە چوار چنگۆڵە بەناو پنجە گیاکان کەوت، یەجگار شەکەت بوو، زۆری حەزدەکرد پشوویەك بدات — رابکشێ و بنوێت، بەڵام ئۆقرەی نەدەگرت، بەردەوام دەچووە پێشێ، ئەوەی بکێشی دەکرد زیاتر برسیەتی بوو تا گەییشتن بە سەر زەمینی دەوەنەجاڕ. لە گۆلاوە چکۆلەکاندا بۆ قورباقە دەگەڕا، بە نینۆك عاردی هەڵدەکۆڵی، بۆ کرمان دەگەڕا، هەرچەندە سوور دەیزانی، کە نە قورباقەو نە کرمان لە باکوورا، لەو دەڤەرە دوورەدا، نییە. بێهوودە دەیڕوانییە هەر گۆلاوێك. ئەنجام دەگەڵ بولێڵی ئێوارێدا، ماسییەکی چکۆلەی لە یەکێك لە گۆلاوەکاندا دۆزییەوە. قۆڵی تا بن هەنگڵ، بە ئاوەکەدا کرد، لێ ماسییەکە لە دەستی خزی. ئەوجا هەردوو قۆڵی بە ئاوەکەدا کرد، بەڵام جگە لە تۆپەڵە قوڕێکی سپی هیچی بە دەستەوە نەهات. بەدەم هەڵچوونەوە کەوتە ناو ئاوەکە، ئاو تا ناو قەدی هات، تەڕی تەڕ بوو. ئاوەکە ئەوەندە لێڵ و قوڕاوی بوو کە نەیدەتوانی ماسییەکە بدینێ. ناچار بوو چاوەڕوان بکا تا قوڕاوەکە بنیشێتەوەو ئاوەکە ڕوون ببێتەوە.

کەوتەوە گەڕان بە دوای ماسییەکەدا، ئاوەکە دووبارە لێڵ بووەوە. بەڵام ئەو نەیدەتوانی لەوەی پتر چاوەڕوان بکات، سەبری سوا بوو. مەتارەکەی کردەوەو دەستی بە دەردانی ئاوی گۆلاوەکە کرد. لە سەرەتاوە شێتانە ئاوەکەی دەردەدا، خۆی تەڕ دەکردو ئاوەکەی هێندە لە نزیکی گۆلاوەکەوە دەڕشت کە هەمووی دووبارە دەگەڕایەوە نێو گۆلاوەکە. پاشان بە وریاییەکی زیاترەوە کەوتە دەردانی ئاوەکە، هەرچەند دڵی بە توندی لێی دەداو دەستەکانی دەلەرزین، هەوڵی دەدا هێمن و هێدی بێت. دوای نیو سەعاتێك، گۆلاوەکەی تەقریبەن چك کرد، پڕی پیاڵەیەك ئاوی تیا نەما. بەڵام ماسی لە هیچ شوێنێکەوە دیار نەبوو. کە تەمەشای کرد لە ناوەندی تاوێرەکەدا، کەلێنێکی پەنهانی بینی و یەکسەر بۆی دەرکەوت کە ماسیەکە لەو کەلێنەوە هەڵاتووەو خۆی بە گۆلاوێکی گەورەتردا کردووە. گۆلاوێکی ئەوەندە گەورە بوو، ئاوەکەی بە شەوو ڕۆژێکیش دەرنەدەدرا. ئەگەر دەیزانی ئەم کەلێنە پەنهانە لە بنی گۆلاوەکەدا هەیە، لە هەوەڵەوە بە پارچە کەڤرێك دەیگرت و ئێستا بە ئاسانی بوو بوو بە خاوەنی ماسییەکە.

بە دەم ئەم بیرانەوە، لە گۆلاوەکە وەدەرکەوت، تەپ کەوتە سەر عاردەکە، ئازای لە ئاوا هەڵکشا بوو. هەوەڵجار بە دەنگی نزم بۆ خۆی گریا، ئەوجا کە دیقەتی دا لە چۆڵەوانییەکی ترسناکی بێ بەزەییدا گرفتار بووە، لە هۆڕژنی گریانی دا. دوای ئەوە ماوەیەکی زۆری بە دەم هەنسکی وشکەوە بەسەر برد. ئاگرێکی کردەوە، تۆزێ ئاوی گەرمی خواردەوەو کەمێك گەرمی بووەوە. بە هەمان شێوازی دوێ شەو، لەسەر تاوێرێك جێی بۆ خۆی خۆش کرد. دوا کاری ئەو ئەمە بوو کە بزانێ دەنکە شقارتەکانی وشکن یان تەڕ، ئەوجا سەعاتەکەی کۆك کرد. پەتۆکانی تەڕو چەسپناك بوون. گۆزینگی پێی بە دەم ئازارەوە دەیتریواند. بەڵام ئەو تەنیا برسیەتی بیر بوو، بەدەم خەوی ناخۆش و نا ئارامەوە، خەوی بەخوان و میوانداری ئەوتۆوە دەبینی کە بە جۆرەها خواردنی خەیاڵی رازابووەوە. بەدەم سەرماو نەخۆشییەوە بێدار بووەوە. هەتاو لە هیچ

شوێنێکەوە دیار نەبوو، ڕەنگێکی شینی قوولٚ ئەرزو ئاسمانی داپۆشی بوو. بایەکی توندو ساردی دەهات، یەکەمین بەفر سەری گردو بەرزاییەکانی سپی کرد.

هەوای دەوروبەری تاریکتر بوو، دنیا سپی هەڵگەڕا. ئاگرێکی کردەوەو ئاوێکی زۆری کوڵاند. باسریشك دەستی پێکرد. دەنکە بەفرەکان درشت و ئاودار بوون، لە پێشا هەرکە بەفرەکە دەگەییە عاردی یەکسەر دەتوایەوە، بەڵام کە بەرە بەرە زیادی دەکرد، ئەرزەکەی دادەپۆشی، ئاگرەکەی، کە چاوگو دەستە چیلەکەی قەوزەو خەنەتیلکە بوو، لیٚ دەکوژاندەوە.

دەتگوت بەفرەکە پێی دەڵیٚ، ڕابە باروبنەی خۆت بپێچەوەو بڕۆ، بۆ هەر شوێنیٚ دەڕۆیت بڕۆ. بیری لە دەوەنەجاڕەکەو بیل و ئەو حەشارگەو کۆگا خواردنە نەدەکردەوە کە لە ژێر بەلەمێکی سەرەونخوندا بوو لە کەناری چۆمی دیزدا. دیلو ئەسیری وشەی (خواردن) بوو، برسی هەر خواردنی لە بیرە. برسێتی شێتی کردبوو. بەدەم شێلانی قوڕی دۆلٚو نشێوانەوە ڕێی دەکرد. بەلایەوە گرینگ نەبوو کە کیڤە دەچێت. بە خشکەیی بە نێو بەفرەکە کەوتو دەیویست خۆی بگەیەنێتە پنجە ئەریساکان، لە ڕەگەوە هەڵی دەکەندنو وەکو شێت دەچووە پێشیٚ. ئەم گیایانە زۆر بیٚ تام بوون، هیچ بەهایەکی خۆراکییان نەبوو، تێریان نەدەکرد. بەو دەقەوەو بە دەم ڕێکردنو گەڕانەوە، گیایەکی ترشی دۆزییەوە، چەندی دۆزییەوە خواردی، بەڵام ئەو جۆرە گیایە زۆر نەبوو، چونکە گیای خشۆك بوونو لە عاردی بەرز نەدەبوونەوەو بە ئاسانی وەژێر یەك دوو ئینج بەفرەوە دەبوو.

ئەو شەوە بەبیٚ ئاگرو ئاوردو مایەوە، بۆیە ئاوی گەرمیشی نەبوو. خۆی خزاندە ژێر پەتۆکەیەوە کە بخەویٚ. بەڵام برسیەتی دەستبەرداری نەدەبوو. بەفرەکە بوو بە بارانێکی ساردی سارد. چەند جارێك باران بەر دەموچاوی کەوت، خەبەری بووەوە. ڕۆژ بووەوە — کەوە ڕۆژێکی بیٚ هەتاو بوو. باران خۆشی کردەوە. برسیەتیەکەی ڕەوی بووەوە، ئارەزووی خواردنی تۆڕا بوو، ئازارێکی کپو قورس دابوویە گەدەی، بەڵام زۆر پێی بێتاقەت نەبوو. لە جاران هێمن ترو ئاقڵتر بوو، جارێکی دیو بە جدی کەوتە بیرکردنەوە لە دەوەنەجاڕەکەو حەشارگەکەی کەنار چۆمی (دیز).

پاشماوەی یەکێك لە پەتۆکانی لە شێوەی تیلماسکدا دادڕیو پێیە زامدارەکانی پیٚ بەست، گۆزینگە زامدارەکەی پێچاو خۆی بۆ سەفەرێکی یەك ڕۆژی ئامادە کرد. کە گەییە بەردەم کۆڵە پشتیەکەی، لە هەنبەر هەنبانۆکە زێڕەکەدا ماوەیەك وەستا، بەڵام ئەنجام لەگەڵ خۆیدا بردی.

بەفرەکان، لە ژێر بارانەکەدا توابوونەوە، تەنیا لوتکەو ترۆپکی گردەکان سپی دەچوونەوە. هەتاو هەڵهات، کابرا هەرچەند دەیزانی گوم بووە، بەڵام توانی قیبلەنوماکەی کۆكو میزان بکات، لەوە دەچوو بەدەم سەرگەردانیو وێڵ بوونی دوێنێیەوە، زۆر بە سەمتی چەپا داگەڕا بیٚ. بۆیەو بەنیازی قەرەبوو کردنەوەی ئەو لادانە ئیحتیمالیەی خۆیەوە، بە سەمتی ڕاستدا بایدایەوە. هەر چەندە کە نەشتەری برسێتی ئەو تیژییەی جارانی نەما بوو، بەڵام هەستی دەکرد، زۆر بیٚ توانایە. بۆیە لێکدا لێکدا بە نیازی ئیسراحەت دەوەستا، وەکو ژەمبردە پەلاماری توترکە کێویو گیای ئەریسای دەدا. زمانی لە دەمیا وەکو پەڵاسی لێهاتبوو، وشكو ئەستوور بوو بوو، دەمی

تاڵی تاڵ بوو. دڵی دەیەشا، هەرکە چەند دەقیقەیەك ڕێی دەکرد، دڵەکوتێیەکی توندی پێ دەکەوت، هەستی بە ئازار دەکرد، تەنگە نەفەس دەبوو و سەرەگێژکەی پێ دەکەوت و لەزگ بوو ببورێتەوە.

نیوەڕۆ بوو، لە گۆلاوێکی گەورەدا، دوو ماسی زۆر بچووکی بینی. دەردانی ئاوی گۆلاوەکە مەحاڵ بوو، بەڵام هەنووکە ئارامتر بوو، دەیویست بە سوراحیە مەعدەنیەکەی بیانگرێت. ماسیەکان لە قامکە تووتەی وی گەورەتر نەبوون و، زۆر هەستی بە برسیەتی نەدەکرد. ئازاری گەدەی سووك و سووکتر بوو بوو. لەوە دەچوو گەدەی نووستبێت. ماسییەکانی بە کاڵی خوارد. زۆر بە دیقەت جوونی، چونکە ئەم کارەی کارێکی ئەقڵانی رووت بوو. هەرچەندە هیچ وازو ئیشتیایەکی لەخواردن نەبوو، بەڵام دەیزانی چاری ناچارەو بەبێ خواردن ناژی، هەر دەبێ شتێك بخوات.

بۆ ئێوارێ سێ ماسی چکۆلەی دیکەی گرت، دوانیانی خواردو یەکێکیانی بۆ بەیانی هەڵگرت. دەمارە گیاو قەوزە، لەبەر تیشکی هەتاوەکە نیمچە وشك بووبوونەوە، دەیتوانی ئاو گەرم بکات و خۆی پێ گەرم بکاتەوە. ئەو رۆژە نەیتوانی لە دە کیلۆمەتران پتر ببڕێت. رۆژی دواتریش هەر کاتێ دڵی ئەمانی دابا، دەڕۆیی، بەڵام هەرچی کردو کۆشا نەیتوانی لە پێنج کیلۆمەتران پتر ببڕێت. ئیدی گەدەی هیچ ئازارێکی نەدەدا. گەدەی بە تەواوەتی خەوتبوو، بە دەڤەرێکی سەیردا رێی دەکرد. پڕبوو لە کەڵەکێوی، گورگیشی زۆر بوو. زۆرجار لورەیان لەو چۆڵەوانی وخامۆشیەدا دەنگی دەدایەوە. لە پڕ، سێ دانەی بینی کە هێدی هێدی لە رێگەکەی ئەو دوور دەکەوتنەوە.

... شەوێکی دی و، لە بەرەبەیاندا ئاقڵتر بوو بوو. ئەو پەتە چەرمەی، کە لە زارکی هەنبانۆکە زێڕەکەی بەستبوو، کردەوە، کوێرانە زێڕەکەی کرد بە دوو بەشەوە، بەشێکی لەسەر تاوێرێك داناو بە پارچە پەتۆیەك داپیۆشی، بەشەکەی تری لە هەنبانۆکەکە نایەوە. دیسان بە تیلماسکی پاشماوەی پەتۆکە کەوتە پێچانی پێیەکانی. هێشتا تفەنگەکەی فڕێ نەدابوو، چونکە لە حەشارگەکەی کەنار چۆمی (دین)دا فیشەکی شك دەبرد. رۆژەکەی رۆژێکی بە تەم و مژ بوو. ئەمڕۆ برسیەتیەکەی زۆری بۆ هێنایەوە. زۆر بێ هێز بوو، دووچاری سەرە گێژکەیەکی ئەوتۆ بوو بوو کە هەندێجار چاوی نەیدەبینی. ئیدی ساتمەدان و ڕەت بردن و کەوتنی، ئاسایی بوو. جارێکیان ساتمەیەکی داو بە هەر چوار پەلەوە کەوت بەسەر هێلانەی پۆڕێکدا. چوار بێچوی تیا بوو کە تازە سەریان لە هێلکە جوقا بوو. ئەمانە هێشتا دەڵەمە بوون، خۆیان نەگرتبوو، هەر ئەوەتا گیانیان تیا بوو، بە هەر چواریان نەیان دەکردە پارووییەك. بە تامەزرۆییەوەو، بە زندوویەتی لە زاری نان و وەکو توێکڵە هێلکەیەك دایکرۆشتن. خواردنی. دایکیان دەیقریشکان و بەسەر سەریا دەسوڕایەوەو خۆی پێدا دەکێشا. دەستی دایە تفەنگەکەی تا وەکو دار دەستێك بە پۆڕەکەیدا بکێشێت، لێ پۆڕەکە دوورکەوتەوە. ئەوسا بە بەرد نیشتە سەری. بەرێکەوت بەردێکی پێ کەوت و باڵێکی شکا، بە باڵی شکاوەوە کەوتە غاردان و دوور کەوتنەوەو کابراش بە دوایەوە.

فەرخە پۆڕەکان، ئیشتیایان بزواند بوو. کابرا هەرچەند گۆزینگی پێی زۆر دەیەشا، بە شەلەشەل دوای کەوتبوو، جاریّ بەردی دەسرەواندیّو هاواری لێدەکرد، جاریّ بە بێدەنگیو شەلەشەل دەچووە پێشیّ، کاتیّ کە دەکەوت ، بە هەزار زەحمەت هەڵدەستایەوەو کاتیّ کە گێژ دەبوو و لەزگ بوو ببورێتەوە، بە هەردووك دەستان چاوانی هەڵدەگلۆفت.

بەدەم ئەم ڕاوو شکارەوە، زۆنگاوەکانی بڕیو گەییە قولایی دۆڵێك، هەندیّ شوێن پێی لەسەر قەوزەکان بەدی کرد، دیقەتی دان، شوێن پێی خۆی نەبوون، کەواتە دەبیّ شوێن پێی بیل بن. بەڵام نەیدەتوانی بوەستێت، چونکە پۆڕەکەی لە دەست دەچوو، دەبوایە هەوەڵجار پۆڕەکە بگرێتو ئەوسا بگەڕێتەوەو تاقیبی شوێن پێیەکان بکات.

ئەنجام پۆڕەکەی ماندوو کردو لە پیّ کەوت، بەڵام بەخۆیشی لە پیّ کەوت، پۆڕەکە کەوتبووە سەرلاو هانکە هانکی پیّ کەوتبوو. کابراش دە دوازدە شەقاوێك لە دووری ئەو کەوتبوو، هانکە هانکی پیّ کەوتبوو و نەیدەتوانی بۆی بخزێت. کە ئەو پشووی وەبەر هاتەوە، پۆڕەکەش ئیسراحەتی کرد. کە کابرا ویستی دەستی برسێتی بۆ بەرێتو بیگرێت، پۆڕەکە لە دەستی هەڵاتو دوورکەوتەوە. ڕاو ڕاوێنەکە دەستی پێکردەوە. شەو بەسەرا هاتو پۆڕەکە هەڵاتو ڕۆیی. کابرا لە بیّ هێزیدا ساتمەیەکی داو کەوت. سەری بە عاردی کەوت، گۆناکانی بریندار بوون. کۆڵەکەشی هەر بە پشتەوە بوو. ماوەیەکی زۆر بەبیّ جوڵە کەوت. ئەوجا خۆی خستە سەر لا. سەعاتەکەی کۆك کردو تا بەیانی لەوێندەر پاڵکەوت.

ڕۆژ بووەوە، ڕۆژێکی بەتەمتومان بوو، نیوەی دوا پەتۆی لە پێیەکانیەوە پێچا، نەیتوانی شوێن پێی بیل هەڵگرێت. ئەمەی بەلاوە گرینگ نەبوو. برسێتی بەرەو پێش بکێشی دەکرد. ئەگەر سوور زانیبای بیل تیا چووە، هەر درێژەی بە ڕێی خۆی دەدا. لە نیوەڕۆدا تەواو شەکەت بوو، کۆڵەپشتەکەی بۆ هەڵنەدەگیرا، جارێکی دی زێڕەکانی کرد بە دوو بەشەوە، ئەمجارەیان نیوەی هەڵڕشتە سەر ئەرزەکە. دەمەو ئێوارە نیوەکەی دیکەشی فڕیّ دا. ئێستا بارەکەی بریتی بوو لە نیوە بەتانیەكو سوراحیە مەعدەنیەکەو تفەنگەکەی.

وەهمو خەیاڵاتی بیّ بنجو بناوان ئازاری دەدا. لەلایەکەوە زۆر بە دڵنیایی هەستی دەکرد کە فیشەکێك لە ناو تفەنگەکەیدایەو ئەو تا ئێستا پێی نەزانیوە. لەلایەکی دیکەشەوەو بە درێژایی ئەم ماوەیە سوور دەیزانی کە تفەنگەکەی فیشەکی تیا نییە. بەڵام ئەم خەیاڵ پڵاوە زۆری بۆ هێنا، چەند سەعاتێك دژی ئەم خەیاڵاتە بیّ بنجو بناوانە وەستا. ئەوجا میلی تفەنگەکەی هێنایەوەو بینی بە تاڵی بەتاڵە. نە فیشەکی تیایەو نە هیچ. نا ئومێدییەکی تاڵ دایگرت، دەتگوت بەڕاستی بەتەما بووە فیشەکێك لە ناو تفەنگەکەیدا بیّ.

نیو سەعاتێك بەدژواری ڕۆیی. خەیاڵ بەرۆکی گرتەوە. دووبارە بەگژ ئەم خەیاڵاتەدا چووەوە، بەڵام خەیالات بەرۆکی بەرنەداو نەدا. هەر بۆ دڵنیایی خۆی، تفەنگەکەی کردەوە. هیچ نەبوو. هەندێجار مەلی خەیاڵی لەشەقەی باڵی دەداو دەڕۆیی، بۆ دوور دەڕۆیی. کابرا، ملی ڕێی گرت، دەڕۆیی، بەشێوەیەکی میکانیکی دەڕۆیی. خەیاڵاتی سەیرو هزرێن غەریب، وەکو کرم لە مێشکی دا لوولیان دەخوارد. بەڵام ئەم خەونو خەیاڵاتە زۆری نەبرد، گەڕایەوە دنیای واقیعیو ئازاری

برسیەتی گەڕاندییەوە بۆ دنیای حەقیقەت. جارێکیان لە گەرمەی ئەم خەیاڵاتەدا، بە هۆی دیتنی دیمەنێکەوە –کە خەریك بوو شێتی بکات– لە دنیای خەون و خەیاڵانەوە، گەڕایەوە دنیای حەقیقەت. بەدەم لەتردان و لارەلارەوە، وەکو مەستێك بیەوێ خۆی بگرێت و نەکەوێت، ئەسپێك هات و ڕێك لە بەردەمیا وەستا. ئەسپ بە خۆی! نەیدەتوانی باوەڕ بە چاوانی خۆی بکات. تەم و مـژێکی سخ وچڕ بەرچاوی گرتبوو و بریسکە بریسك دەبریسکایەوە. هۆڤیانە چاوەکانی هەڵگڵۆفت، تا خەیاڵەکە لە هزری خۆی بتارێنێ. بەڵام ئەوەی ئەو بە ئەسپی دەزانی، ئەسپ نەبوو، هیچ ئەسپێك لە ئارادا نەبوو، ورچێکی سورخنی زەلام بوو. ئەو حەیوانە، زۆر دژمنانە لێی دەڕوانی.

کابرا، تفەنگەکەی تا نیوەی شانی هێنایە خوارێ، کە زانی فیشەکی تیا نییە، داینا و، کێردەکەی، کە لە قەدی خۆی بە ستبوو، لە کێلان هێنایە دەرێ. بە کەڵەموست دەمەکەی تاقی کردەوە، هەم دەمەکەی تیژ بوو و هەم نووکەکەی. دەبوو خۆی بە ورچەکەدا بدات و بیکوژێت. بەڵام دڵی کەوتە پەلەپەل و ئەو کارەی بۆ نەکرا. ترس و لەرزو هەڵچوونێکی سەیر لە دڵ و دەروونی ئالاَ، شتێك وەکو تەوقێکی ئاسن گوشاری بۆ سەری دێنا، سەرەگێژکێی پێکەوت.

شەپۆلێکی گەورەی ترس، باشاری لەبەر بڕی. ئەگەر ورچەکە، لەم حاڵی بێ هێزو بێ تواناییەدا، پەلاماری دابا چی دەکرد. خۆی بەرز کردەوە، دەیویست ورچەکە بترسێنێ، کێردەکەی بە دەستەوە گرت و بە توڕەیی نیگای بڕییە دوڕ چاوی ورچەکە. ورچەکە، گەوجانە دوو هەنگاو هاتە پێشێ، هەستایە سەر پاشوو نەڕەیەکی ترسناکی بۆ کرد. ئەگەر کابرا هەڵاتبا، ورچەکەش دوای دەکەوت. بەڵام کابرا هەڵنەهات. جۆرە ئازایەتی و جورئەتێکی، زادەی ترس و نائومێدی، هێنایە جۆش. ئەویش تاهێز لە گەرویا بوو، بەشێوەیەکی هۆڤیانە، هاوارێکی ترسناکی کرد، ترسێك کە ڕەگی لە قوڵایی ژیانا بوو. ورچەکە لاکەوت، بە دەم نەڕەنەڕی هەڕەشە ئامێزەوە زەندەقی لەم دەعبا دوو لاقە سەیرو نەترس و چاو قایمە، چوو بوو. کابرا لە جێی خۆی نەبزووت. وەکو پەیکەر لە جێی خۆی رەق راوەستا تا مەترسییەکە ڕەوییەوە، ئەوسا بەلارە لار، بە ناو قەوزە تەڕو شێدارەکان کەوت، بەر بووەوە. بە هەر زەحمەتێ بوو هەستایەوەو کەوتەوە ڕێ. ئێستا جۆرە ترسێکی تری لێنیشت بوو. ترسی ئەوەی نەبوو کە لە برسا بمرێت. دەترسا لەوەی نەبادا، پێش ئەوەی برسێتی دوا وزەو هەناسەی — ئەو وزەو هەناسەیەی ئەوی بەرەو ژیان بکێش دەکرد– لەبەر بڕێت، دووچاری مەرگێکی ترسناکی دیکە ببێت. نەهەقی نەبوو. ئەو دەڤەرە پڕ بوو لە گورگ. بە درێژی و پانی ئەم دەڤەرە چۆڵەدا دەیان لوراند، بەڕاستی مەترسییەکی گەورە بوون، مەترسییەکی ئەوەندە زەق، کە کابرا بە ئاشکرا هەستی پێکرد بوو، هەردوو دەستی بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوەو، وەکو ئەوەی لە ژێر چادرێکی بەربایا بێت و بیەوێ نەیەڵێ چادرەکەی بەسەرا بڕوخێت، بەو ئاوایە دەستی بەرز دەکردەوەو دەیدایە بەر چادرەکە تا بەسەریا نەڕوخێت. ئەو لەو ترس و لەرزەدا بوو، کە گورگەکان، ناو بە ناو دوو دوو و، سێ سێ بە بەردەمیا ڕەت دەبوون، بەڵام بە ئاشکرا لێی دەسڵەمینەوەو ڕێگەی خۆیان دەگۆڕی، چونکە لەلایەکەوە ژمارەیان کەم بوو و، لەلایەکی دییەوە دەچوونە ڕاوە کەڵەکێویان، کە گیانلەبەرانی

دڕو دڕندەو جەنگی نەبوون، لە حاڵێکا کە ئەم خەڵقەندە عەجیبە دوو لاقە، لەگێن بوو بە چنگ‌و ددان بەرەنگاریان ببێتەوە.

پاشان، دەمەو ئێوارە گەییە سەر کۆمایەك ئێسقان، وا دیار بوو گورگەکان لەوێدا، نێچیرێکیان کوشتبوو، ئەمە پاشماوەی بێچووە کەڵێك بوو. ئەم بێچوە کەڵە، بەر لە نیو سەعاتێك غاری دەدا، دەی باڕاند، ژیانی لێ دەچۆڕا. ڕوانییە ئێسقانەکان، بە جۆرێ کرێنرا بوونەوە، بریقەیان دەهات، هێشتا ڕەنگی ژیانیان پێوە دیاربوو. ئایا دەشێت ئەویش تا ئێوارێ، دووچاری هەمان چارەنووس ببێت ؟ ئەمەیە ژیان؟ کە شتێکی بێهودەو ڕەوتەنییە! هەر ژیان بە دەردو ئازارە. لە مردنا هیچ دەردو ئازارێك نامێنێ. مردن وەکو خەوتنە، مەرگ بۆ خۆی وەستانە، ئاسوودەییە. ئەدی بۆچی بە مردن قاییل نەبوو؟

خەیاڵڕێسییەکەی زۆری نەخایاند. لەسەر قڕێژە بەردو قەوزەکان بەچیچکانەوە دانیشتبوو، ئێسقانێکی بە دەمەوە بوو و بە تامەزرۆییەوە دەی مژی. تامی گۆشت وەکو یادگارێکی کاڵ‌و فریبۆك، خەریك بوو شێتی دەکرد. هەر دوو شەویلاگەی لە ئێسقانەکە توند کرد، قرچەی شکان بەرز بووەوە – جارێ قرچەی ئێسقانەکە بوو و جارێ قرچەی ددانەکانی. ئەوجا بە بەرد بەر بووە ئێسقانەکان، ئەوەندەی کوتان تا بوون بە ئارد. قووتی دا. تومەز لە پەلەپەلیدا قامکەکانی خۆیشی وەبەر بەردان دابوو، کاتێ کە بە خۆی هاتەوە، سەری لەوە سوڕما، کە کاتێ قامکەکانی وەژێر بەردەکە دەکەوتن، هەستی بە ئازارێکی زۆر نە دەکرد.

ڕۆژانی ترسناکی بەفرو باران دەستی پێکرد. وای لێهات نەیدەزانی کەی بوەستێ‌و کەی ڕێ بکات. چەند بە ڕۆژەوە دەڕۆیی، بە شەویش ئەوەندە دەڕۆیی. لە هەر شوێنێ بکەوتایە پاڵی لێدەدایەوەو هەر کاتێ مەشخەڵی کزی ژیان سووکە ڕوناکییەکی بە دەروونی ببەخشایە خۆی بکێش دەکردو بۆی دەخزی، ئیدی وەکو مرۆڤێك هەوڵی نەدەدا. دەستی لە خۆی شت بوو، ئەوەی هانی دەداو بەرەو پێشی دەبرد، وزەو نێرو وزندەگی بوو کە لە دەروونیا دانەدەمرکایەوەو نەیدەویست بمرێت. هیچ ئازارێکی نەدەچەشت، هەستی بە ئازار نەدەکرد، مێشکی بەنج بوو بوو. لە هەمان کاتدا پڕ بوو لە خەیاڵی سیحر ئاساو خەونێن خۆش‌و بەلەزەت.

کە لە مژین‌و جووینی ئێسقانەکانی بێچوە کەڵەکە بووەوە، بچووکترین پاشماوەی ئێسقانەکانی کۆکردەوەو لەگەڵ خۆیدا هێنا بووی. ئیدی بە هەورازو نشێواندا، بە گردو دۆڵاندا تێنەدەپەڕی، بەڵکو بە شێوەیەکی میکانیکی شان بە شانی جۆبارێکی گەورەی تەنك، کە بە نێو دۆڵێکی گەورەدا تێدەپەڕی، ڕێی دەکرد. نە ئەم جۆبارەی دەبینی‌و نە ئەم دۆڵە. جگە لە وەهم‌و خەیاڵ هیچی تری نەدەبینی. جەستەو گیانی شان بە شانی یەك‌و لە هەمان کاتدا بەجیا لێکدی ڕێیان دەکردو ئەوەی پێکەوەی بەستبوون، داوێکی یەجگار باریك بوو. کە بە حەواس جەمی بێدار بووەوە، سەیری کرد لەسەر گازی پشت لە قەراخ تاوێرێکدا نووستبوو. دنیا لە تیشکی ڕوناك‌و گەرمی هەتاودا نقوم بوو بوو، لە دووری دوورەوە دەنگی بێچوەکەڵان دەهاتە گوێ. هەندێ یادەوەری کاڵی باو باران‌و بەفری لە بیر مابوو، بەڵام نەیدەزانی کە بەفرو زریان دوو ڕۆژە یان دوو هەفتەیە ئەوی لەوێندەر بەگیر هێناوە. ماوەیەك بەو دەقەوەو بەبێ جوڵە مایەوە، تیشکی

گیانبەخشی هەتاو بەسەر جەستەی شەکەت و ماندوویدا دەڕژاو گەرمی دەکردەوە. لە دڵی خۆیدا دەیگوت چ ڕۆژێکی خۆشە، لەوەیە بزانیٚ لە کوێیە. بە زەحمەتێکی زۆر خۆی خستە سەر تەنیشت. لە خوار ئەوەوە چۆمێکی پان بە خاوی نشێو دەبووەوە. هەرچی دەکرد ئەم چۆمەی بیر نەدەکەوتەوە. بەکاوەخۆ نیگای بەگەڵ خست. بە پەلە چاوێکی بە گردە چۆڵ و ڕووتەنەکاندا گێڕا، ئەم گردو هەورازانە لە هەموو ئەو گردو هەورازانەی کە تا ئەو دەمە دیتبوونی، نزمترو رووتەنتر بوون، بە ئەسپایی، بە وردی، بیٚ هەڵچوون و بێئەوەی تاسەیەکی نائاسایی بۆ دیتنی ئەو دەڤەرە نیشان بدات، نیگای تامەوداو هەتەری چاو، بەگەڵ ڕێڕەوو ئاوەڕۆی ئەو چۆمە نامۆیە خست و سەیری کرد دەڕژێتە ڕوبارێکی ڕوون و پرشنگدارەوە. کەشتیەکی بینی کە لەنگەری گرتبوو و لە ناوەندی دەریا پرشنگدارەکەدا وەستا بوو. ئەمە کردیە کارێك باوەڕ بە چاوی خۆی بکات. بۆ ساتێك چاوانی نوقاندن و کردنییەوە. پێی سەیر بوو کە ئەم خەوو خەیاڵە هێشتا هەر دەستبەرداری نەدەبوو. سوور دەیزانی کە لەو دەڤەرەدا، لەو ناوچە چۆڵ و هۆڵەدا نە دەریا هەیەو نە کەشتی. ڕێك وەکو ئەوەی کە زانی بووی هیچ فیشەکێك لە تفەنگەکەیدا نییە.

مرخە مرخێکی لە پشتەوە هاتە بەر گویٚ، لە هانکە هانك یان کۆکەیەك دەچوو. لەبەر بیٚ هێزی و شەکەتی خۆی زۆر بە ئەسپایی خۆی خستە سەرلا. نەیتوانی هیچ شتێکی نزیك ببینیٚ، بەڵام بەوپەڕی حەوسەڵەوە چاوەڕوانی کرد، دەنگی پرخەکە دووبارە بووەوە، کە دیقەتی دا، لە نێوان دوو تاوێری زبرو تیژەوە، لە دووری دە دوازدە شەقاوەوە، سەری بۆرەقنەی گورگێکی بەدی کرد. ئەم گورگە، وەکو هەموو ئەو گورگانەی دیکە، کە تائێستا دیتبوونی، گوێی قووت نەکردبووەوە. چاوەکانی مات و سوور بوون، سەری بە کزی داگرتبوو، لاکەی سەری دەهات. چاوانی لەبەر تیشکی ڕۆژەکە لێکدا لێکدا دەتروکان. پێدەچوو نەخۆش بێت. کە کابرا سەیری کرد، حەیوانەکە مرخە مرخێکی کردو دیسان کۆکی.

کابرا ئەم دیمەنەی بە حەقیقەت زانی، بۆ دڵنیایی خۆی، خۆی بەلادا خست تا حەقیقەتی ئەو دنیایە بدینیٚ کە پێشتر بە خەیاڵی زانی بوو. بەڵام دەریاکە هێشتا لە دوورەوە دەدرەوشایەوەو کەشتیەکەش بە ئاشکرا دیار بوو. بە دەر لە هەموو ئەم قسانە، ئایا ئەم دیمەنە حەقیقی بوو؟ دیمەنێکی ڕاستەقینە بوو؟ بەدەم هزرینەوە بۆ ماوەیەکی زۆر چاوەکانی نوقاندن، ئەوسا وەبیری هاتەوە کە ئەو لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو باکوور، لە قوڵی چۆمی (دین)ەوە بە نێو دۆڵی (کانەمسان)دا هاتووەو ئەم ڕوبارە پان و خاوە، ڕوباری (کانەمسان)ە، دەریا درەوشاوەکەش، ئوقیانووسی بەستەڵەکی باکوورە، ئەو کەشتیەش، کەشتیەکی نە هەنگ گیرییە کە لە ڕوباری ماکینزییەوە بەرەو ڕۆژهەڵات، ڕۆژهەڵاتی دوور لای داوەو لە کەنداوی (تاجگوزاری = کورونیشن) لەنگەری گرتووە. نەخشەی "کۆمپانیای کەنداوی هودسن"ی، کە زۆر لە مێژ بوو دیتبووی، وەبیر هاتەوە. هەموو ئەو دیمەنانەی لەلا ڕوون بووەوەو ماقووڵ هاتنە بەرچاوی.

دانیشت وکەوتە بیرکردنەوە لەو کارانەی کە بۆ ئێستا پێویستن. پارچە پەتۆکانی لە پێی کردەوە، پێی چی! نەتدەناسییەوە، تۆپەڵە گۆشتێکی کاڵ و خاوی بیٚ شێوەو فۆرم بوو. دوا پەتۆی دیار نەبوو. تفەنگ و کێردەکەشی ون بوو بوون. خۆیشی نەیدەزانی کڵاوەکەی و ئەو

دەنکە شقارتانەی کە لە ئەستەرەکەیدا هەڵی گرتبوون، لە کوێ گوم کردبوو. بەڵام ئەو دەنکە شقارتانەی لە کیسە توتنەکەی‌و کاغەزە زەیتییەکەی نابوون‌و لە بەرکی نابوو، وشك بوون‌و بەدەقی خۆیانەوە مابوون، ڕوانییە سەعاتەکەی. سەعات یازدە بوو و، هێشتا کاری دەکرد، دیارە کۆکی کردبوو.

هێمن‌و ئارام بوو. هەرچەندە زۆر شەکەت بوو، هەستی بە ئازار نەدەکرد. برسی نەبوو، هەر حەزیشی نەدەکرد بیر لە خواردن بکاتەوە. هەر کارێکی دەکرد، بە دەستووری ئەقڵ دەیکرد. لاقی پانتۆڵەکەی تا سەری ئەژنۆکانی دڕی‌و پێیەکانی پێ پێچا. سوراحییە مەعدەنییەکەی پێ مابوو. دەبوا، بەر لەوەی بەرەو کەشتیەکە وەڕێ بکەوێ، کە بە مەزەندەی خۆی سەفەرێکی ترسناك بوو، کەمێك ئاوی گەرم بخواتەوە.

بە ئاستەم دەجوڵا، ئازای لەشی ڕەق بوو بوو، گیانی دەلەرزی. کە کەوتە کۆکردنەوەی قەوزەی وشك‌و قرێژە بەردان، بۆی دەرکەوت کە ناتوانێ خۆی بە پێوە بگرێت. ناتوانێ هەستێتە سەر پێیان. یەك دوو تەکانی دیکەی دایە خۆی، فایدەی نەبوو، ئەوسا قەناعەتی بە خۆی هێنا کە بە چوار چنگۆڵە، لەسەر هەردوو دەست‌و ئەژنۆکانی وردە وردە بخزێ. جارێکیان بەلای گورگێکی نەخۆشدا داخزی. گورگە بە بێزارییەوە خۆی لەسەر ڕێگاکەی دوور خستەوە. بەزمان کەوتە لستنەوەی دەم‌و قەپۆزی خۆی، دەتگوت زمانی بە ئاستەم هەڵدەگەڕێتەوەو پێچ دەخوات. کابرا هەستی کرد زمانی گورگەکە نەك سوورێکی ئاسایی نییە، بەڵکو قاوەییەکی ئامال زەردەو بەڵخێکی لینجی نیمچە وشکی بە سەرەوەیە.

کابرا، دوای ئەوەی قومێ ئاوی گەرمی خواردەوە، سەیری کرد، دەتوانێ هەستێتە سەر پێیان‌و، وەکو کەسێك لە حاڵی مردندا بێ ڕێ بکات. ناچار بوو هەر سا ناساتێ پشوویەك بدات. ئەوەندە بێتاقەت بوو، بە حاڵ خۆی بە پێوە دەگرت، هەنگاوەکانی سست‌و خاوو، لەق‌و، بێ هێز، ڕێك لە هەنگاوی ئەو گورگە دەچوون کە دووی کەوتبوو، ئەو شەوە کە دەریا درەخشانەکە لە ژێر پەردەی تاریکیدا لە چاو ون بوو، زانی کە لە دەریاکە نزیك بووەتەوە، ئەوپەڕی چوار میلێکی ماوە بیگاتێ.

بە درێژایی ئەو شەوە، دەنگی لرخە لرخی گورگە نەخۆشەکەی لە گوێ نەبڕا، ناو بە ناویش گوێی لە بارەی بێچوە کەڵان دەبوو. چوار دەوری یەکپارچە شوێنەواری ژیان بوو، ژیانێکی پڕ جۆش‌و ساغڵەم، ئەوجاش دەیزانی کە گورگە نەخۆشەکە بەو ئومێدە دوای کەوتووە، کە کابرای نەخۆش لە پێش ئەوا بمرێت. بەیانی، کە چاوانی هەڵێنا، گورگەکەی بینی کە بە نیگای برسی‌و خەمینەوە تێی دەڕوانێت. گورگە بە زەبوونی وەستا بوو و، وەکو سەگێکی بێنەواو زەبوون، کلکی لە گەڵۆزی نابوو. گورگە لەبەر بای ساردی بەیانی دا دەلەرزی، کاتێ کە کابرا، بە دەنگێکی کزو چپە ئاسا کەوتە دواندنی، گورگە، بە حاڵی بێحاڵی، ددانەکانی لێکدی دەسوون.

هەتاوی ڕەخشان، هەڵهات. کابرا هەموو دانی بەیانی، بە دەم کەوتن‌و هەستانەوە، بەرەو کەشتییەکەی ناو دەریا پرشنگدارەکە، ڕێی کرد. هەواکەی خۆش بوو. ئەمە هاوینە چکۆلەی

مەدارانی باکووری بوو. لەگێن بوو هەفتەیەك بەردەوام بێت، ئەگەری ئەوەش هەبوو كە سبەی یان دوو سبەی تەواو ببێت.

كابرا، دەمەو ئێوارە، گەییە شوێن پێیان. شوێن پێی كابرایەكی دی بوو، كە بە پێیان ڕێی نەكردبوو، بەڵكو بەچوار چنگۆڵە ڕێی كردبوو، بە خەیاڵ وای بۆ چوو ڕەنگە شوێن پێی بیل بێت، بەڵام خەیاڵێكی ساردو سڕو بێ موبالاتانە بوو، هیچ تاسەیەكی تیا نەبوو. ئەوەی ڕاستی بێ، هیچ هەستو سۆزێكی لا نەما بوو. هەستی بە هیچ ئازارێك نەدەكرد، گەدەو مێشكی بەنج بوو بوون، بەڵام نێروو وزەی ژیان بەرەو پێشی دەبرد. زۆر ماندوو بوو، لێ ملی بۆ مەرگ نەدەدا، مەرگی جواب دەكرد، بەڵگەش ئەوە بوو كە هێشتا توتڕكە كێویو وردە ماسییانی دەخوارد، ئاوی گەرمی دەخواردەوە، بەچاوی گومانو ترسەوە دەیڕوانییە گورگە نەخۆشەكە.

بەشوێن پێی كابرایەكەی دیدا خۆی بكێش كرد، دوای ماوەیەكی كەم هیچ شوێنەوارێكی نەما. چەند ئێسقانێكی بینی كە تازە كرێنرابوونەوە، شوێن پێی گەلە گورگێك بەسەر قڕێژە بەردو قەوزەكانەوە دیاربوو، هەنبانۆكە زێڕێكی هاولفی هەنبانۆكەكەی خۆی بینی كە بە ددانی تیژ، هاتبووە دڕاندن. هەرچەندە بۆ دەستو قامكی بێ هێزی وی قورس بوو، بەڵام هەر هەڵیگرت. دیارە بیل تا دوا سات دەگەڵ خۆیدا هێنا بووی. ها! ها! بزانە چۆن كڵاوێك لەسەر بیل بنێت. دەبێ نەمرێتو ئەم هەنبانۆكە بگەیەنێتە ئەو كەشتییەی كە لە دەریا درەخشانەكەدا وەستا بوو. خۆشی وشادییەكی نیمچە مردوو و ترسناك، كە لە قڕەی قووڵو شوومی قەلەڕەشێك دەچوو، كەوتە دڵو دەروونی، گورگە نەخۆشەكەش بە لورەیەكی خەمناكی شیوەن ئاسا بۆی سەندەوە. كابرا لە ناكاو، لە جێی خۆی وەستا. ئەگەر ئەمە بیل بێو ئەم ئێسقانە پاكو تازەو ئامال پەمەییانە ئێسقانی بیل بن، ئیدی چۆن دەتوانێ پێی ڕابوێرێو كڵاوی بكاتە سەر؟

گەڕایەوە. باشە، بیل ئەوی بەجێ هێشتبوو، بەڵام ئەم زێڕەكەی ئەو نابات، ئێسقانەكانی بیل نامژێت. بەلارەلار كەوتە ڕێ. خەمبارو دڵتەنگ، بەدەم ڕێوە بیری لەوە دەكردەوە كە ئەگەر مەسەلەكە پێچەوانە بوایەو بیل لە جیاتی ئەو بوایە، ئەم كارەی دەكرد.

گەییە گۆلاوێك. لە كاتێكا بە نیازی گەڕان بەدوای ماسییەكی چكۆلەدا، سەری بەسەر ئاوەكەدا دانەواندبووەوە، وەكو شتێك پێوەی دابێت، سەری بردە دواوە. تومەز سێبەری دەموچاوی خۆی لە ئاوەكەدا بینی بوو. دیتنی ئەم دیمەنە ئەوەندە ترسناك بوو بوو، كە هۆشو گۆشی نووستووی بێدار بوو بووەوەو تووشی شۆك بوو بوو. سێ ماسی چكۆلە لە گۆلاوەكەدا بوون، بەڵام ئاوی گۆلاوەكە ئەوەندە زۆر بوو كە بە سوراحی دەرنەدەدرا. چەند هەوڵێكی بێهودەی دا كە بە سوراحیەكە بیانگرێت. پاشان چاوی لەو خێرە پۆشی. ئەوەندە بێ هێز بوو، دەترسا بكەوێتە ئاوەكەوەو بخنكێ. بۆیە نەیدەوێرا سواری یەكێك لەو كۆتەرە دارانە ببێ كە هاتبووە ڕێگایو لەگۆلاوەكە بپەڕێتەوە.

ئەو ڕۆژە سێ میلی بڕی، ڕۆژی دووەم دوو میلی تری بڕی – وای لێهات هێزو شنگی لەبەر بڕا، ئیدی ئەویش وەكو بیل بە چوار چنگۆڵەو گاگۆڵكێ دادەخزی، لە كۆتایی ڕۆژی پێنجەمدا

سەیری کرد هێشتا حەوت میلی بۆ لای کەشتییەکە ماوە و، نەیدەتوانی ڕۆژی تاقە میلێکیش ببڕێت، هێشتا وەرزی هاوینە چکۆلەی باکووری، بەسەر نەچوو بوو، ئەویش بە هەر گیانەهارییەك بوو، نۆبە بە نۆبە دەخزی‌و لەهۆشەوە دەچوو، دەخزی‌و لە هۆشەوە دەچوو.

گورگــە نەخۆشــەکەش بــە لــورە لــورو لرخــە لــرخ بــە دوای دەکــەوت‌و لێــی نــەدەبووەوەو نەدەبووەوە. زرانیەکانیشی وەکو پێیەکانی بوون بە گۆشتی خاو، هەرچەندە بەکراسەکەشی پێچابوونی، هەر خوێنیان لێدەچۆڕاو قەوزەو قرێژە بەردەکانی سەر ڕێگەی سوور دەکرد. جارێك ئاوڕی دایەوە، سەیری کرد گورگەکە بە تاسوق‌و تامەزرۆییەوە، شوێنەواری خوێنەکەی لەسەر قرێژە بەردەکان دەلێسێتەوە. یەکسەر هەستی کرد چ چارەنووسێکی لە پێشە، ئیدی زانی مەگەر بتــوانێ گورگەکــە بکوژێــت، دەنــا رزگــار بــوونی نییــە. هــەنگێ تراژیــدیا ترســناك و بــە ســامە ئەزەلیەکەی بوون‌و ژیان، بە شێوەی ئاسایی خۆی دەستی پێکرد. مرۆڤێکی نەخۆش دادەخزی، گورگێکی نەخۆشیش بەلارەلار دوای کەوتبوو و دەستبەرداری نەدەبوو، ئەم جووتــە گووراوە، لاشەی بێ گیانی خۆیان، لەو دەڤەرە چۆڵ‌و هۆڵ‌و ترسناکەدا بکێش دەکردو هەر یەکەیان خۆی بۆ ڕاوی ژیانی ئەویتر ئامادەو تەیار دەکرد.

خۆ ئەگەر گورگەکە، گورگێکی ساغ‌و ساغلەم بوایە هەر نەیسە، کابرا زۆری لەبەر گران نەدەبوو، بەڵام کە ببێ بە خۆراکی گورگێکی مردەڵەی نەخۆش – گورگێ بە ئاستەم روحی تیا بوو– بە راستی ناخۆش بوو. نیگەران‌و دڵ پەشێو، دووبارە بیری تەرە بوو، خەیاڵاتی پوچ بەسەریا داباری، هەرچی دەکردو دەکۆشا حەواس‌و هۆش‌و گۆشی نە دەهاتەوە تایمی خۆی.

جارێکیان، لە حاڵی بورانەوەدا بوو، لرخە لرخێکی نزیك لە گوێیدا دەنگی دایەوە، لە دەنگەکە بەهۆش هاتەوە. گورگەکە پاشەو پاش کشایەوە، خۆی بەسەر لاقە سستەکانییەوە نەگرت، لە جێی خۆی خزی‌و لەبەر بێ هێزی کەوتە سەر زەوی. دیمەنێکی کۆمیدی بوو، پێکەنیناوی بوو، لێ کابرا پێنەکەی. تەنانەت نەش ترسا. کار لەم شتانەدا نەما بوو. بەڵام لەم ساتەدا بیری رۆشن‌و مێشکی ساف بوو. بەدەم پاڵکەوتنەوە چاوی دەگێڕا. کەشتیەکە هەر چوار میلێك دوور بوو. کە چاوانی هەڵگلۆفت‌و سڕی، توانی بە ڕوونی و ئاشکرا کەشتیەکە بە تەواوی بدینێ. هەروەها بادەوی سپی بەلەمێکی چکۆلەی بینی کە سینەی دەریا درەخشانەکەی شەق دەکرد.لێ ئەو هەرگیز نەیدەتوانی ئەو چوار میلە بە چوار چنگۆڵەو گاگۆڵکێ ببڕێت. ئەمەی چاك دەزانی. دەیزانی کە ناتوانێ نیو میلیش ببڕێت، بەڵام دەیویست بژی، نەمرێت. مردن، دوای ئەو هەموو دەردو رەنجە، شتێکی بێ مانا بوو. چارەنووس، لەگەڵیا سەختگیر بوو، هەرچەند لە مردنا بوو بەڵام نەیدەویست بمرێت. ڕەنگە ئەمە بۆ خۆی‌و لە خۆیدا جۆرە شێتییەکی ڕووت بووبێ، بەڵام لە جەرگەی مەرگا، بەرانبەر بە مەرگ وەستا بوو و نەیدەویست بمرێت.

چاوەکانی نوقاندن‌و بەوپەڕی پارێزەوە، خۆی ئەم دیوو ئەو دیو کرد. عەزمی جەزم کرد. کە کۆڵ نەدات، خۆی ڕادەستی ئەو شەپۆلی لاوازی‌و بێ ورەییە نەکات کە لەهەر چوارلاوە پەلاماری دەدا. ئەم لاوازی‌و سستیە کوشندەیە وەکو شەپۆلی دەریا بەرزو بەرزتر دەبووەوەو بەرە بەرە هۆش‌و گۆشی غەرق دەکرد. ئەو کە لە دەریای بێخودی دا مەلەی دەکرد، هەندێجار بە هۆی دژە

باوە، تەقریبەن غەرق دەبوو، لێ دووبارە لە بەر تیشکی کیمیای سەیری ژیاندا چنگی لە ڕشتەیەکی دیکەی ورەو ئارەزوو، گیر دەکردو، دەبوژایەوەو، بە تین‌و تاوێکی بەهێزترەوە تێهەڵدەچووەوە.

لەسەر گازی پشت‌و بێ جوڵە خەوتبوو، لرخە لرخ‌و دەنگی گورگە مردەڵە نەخۆشەکە بە ئەسپایی لەو نزیك‌و نزیکتر دەبووەوە لە گوێیدا دەزرینگایەوە. گورگەکە نزیکتربووەوە، لە ماوەیەکی نادیارو بێ کۆتاییدا بەردەوام نزیکتر دەبووەوەو کابرا جووڵەی بۆ نەدەکرد. گوێی بە دەنگێك زرینگایەوە، زمانی وشك‌و زبری گورگەکە وەکو سمارتە بە سەرگۆنایا دەهات‌و دەچوو. دەستی درێژکرد،– یا بەلای کەمەوە ویستی دەستەکانی درێژ بکات. پەنجەکانی وەکو چنگاڵ کرانەوە، بەڵام لە هەوا خاڵیەکەدا داخران، پەلەو متمانە پێویستی بە هێزو توانایەو ئەم پیاوە هێزو توانای نەبوو.

سەبرو حەوسەڵەی گورگەکە لە کێشا نەبوو، سەبرو حەوسەڵەی کابراش لەو کەمتر نەبوو، یەك تاقی تەواو بەبێ جوڵە ڕاکشا، بە گژ بورانەوەدا چوو. چاوەڕوانی ئەوەبوو ببێ بە خۆراکی گورگەکە یان بەپێچەوانەوە گورگەکە ببێت بە خۆراکی ئەو. هەندێجار دەریای غەیبووبە قووتی دەداو خەونی دوورو درێژی تیادا دەبینی، بەڵام هەمیشە چ بێدار بوایەو چ لە خەودابایە، هەر چاوەڕوانی لرخە لرخ‌و زمانی زبری گورگەکە بوو.

گوێی لە دەنگی هەناسەو لرخەی گورگەکە نەبوو، لە ناکاو لە دنیای خەودا هەستی کرد گورگەکە زمان بە دەستی ئەودا دێنێ. چاوەڕوانی کرد، کەڵبەو دانی گورگەکە، گۆشارێکی نەرمیان خستە سەر دەستی. نەخێر گوشارەکە زیادی کرد، گورگەکە هەموو هێزی خۆی کۆکردەوە تا کەڵبەو دانەکانی لەو خۆراکەدا ختم بکات کە ئەو هەموو ماوەیە چاوەڕوانی کردبوو. لێ کابراش زۆری چاوەڕوان کرد بوو، دەستە زامدارەکەی نایە بینی گورگەکە. گورگە بەو پەڕی بێ توانایی هەوڵی دەدا خۆی دەرباز بکات‌و دەستی کابرای بێ هێزو تواناش وەکو قولاب لە دەم‌و قەپۆزی گیربوو بوو، دەستەکەی دیکەشی درێژ کرد تا گورگەکە بە تەواوەتی بەرهەق بکات. دوای پێنج دەقیقەیەك هەموو قورسایی کابرا کەوتە سەر گورگەکە، دەستانی کابرا هێزی تەواویان تیا نەبوو گورگەکە بخنکێنن، بەڵام دەم‌و دانی کابرا لە گەرووی گورگە توند بوو، دەمی پڕ بوو لە تووك. دوای نیو سەعاتێك کابرا هەستی بە گەرمی خوێن لە زاری خۆیدا کرد. تامی خۆش نەبوو. وەکو قوڕقوشمی تواوە دەڕژایە گەدەیەوە، بە تۆبزی‌و ناچاری قووتی دابوو. دوای تۆزێك کەوتە سەر گازی پشت‌و خەوی لێکەوت.

* * *

ژمارەیەك لە ئەندامانی شاندێکی ئەکادیمی لەسەر کەشتیە نەهەنگ گیر ییەکە بوون، کەشتیەکە ناوی (بێدفۆرد) بوو. لەسەر کەشتیەکەوە، شتێکی سەیریان لە کەناری دەریاکەدا بەدی کرد. ئەم بوونەوەرە نامۆیە لە کەنداو کەنارەکەوە بەرەو ئاوەکە دەکشا. بۆیان مەعلوم نەبوو کە ئەم بوونەوەرە چییەو، چونکە ئەهلی زانست بوون، سواری ئەو بەلەمە نەهەنگ گیرییە بوون کە لە کەناری کەشتیەکە بووو بە مەبەستی دیتنی بوونەوەری ناقبڕی بەرەو کەنارەکە

چوون. شتێکی زندوویان بینی، بەڵام زۆر بەزەحمەت دەکرا ناوی مرۆڤی لێبنرێ. ئەم بوونەوەرە نە چاوی دەبیناو نە هۆش‌و گۆشی بە خۆی بوو. وەکو کرمێکی گەورە لەسەر ئەرزەکە لوولی دەخوارد. زۆربەی هەوڵ‌و تەقەلاکانی بێ ئاکام بوون، بەڵام سووربوو لەسەر هەوڵی خۆی، کۆڵی نەدەدا، خۆی غل دەکردەوە، پێچی دەخواردو، وەردەچەرخا، لە ماوەی سەعاتێکدا ئەو پەڕی دوو سێ مەتری دەبڕی یان نا.

*　　*　　*

دوای سێ هەفتە، لە کاتێکا لەسەر کەشتی نەهەنگگیری بیدفۆرد، لەسەر تەختە خەوێك ڕاکشابووو ڕوندك بە چاوانیا دەهاتە خوارێ‌و بە سەر گۆنا لاوازو قوپاوەکانیا دەڕژا، حاڵ‌و حیکایەتی خۆی بۆ زاناکان گێڕایەوەو بەدەم نیمچە ورێنەوە کەوتە باسی دایکی خۆی، باشووری هەتاوگیری کالیفورنیاو خانوویەکی ناوباخێکی نارنج‌و باخچەیەکی گوڵان.

زۆری پێنەچوو کە خۆی، دەگەڵ زاناکان‌و ئەفسەرانی کەشتییەکەدا، لەسەر یەك خوان بینییەوە. بەدەم بزەوە ورد ورد لە دیمەنی ئەو هەموو خواردنە ڕادەما، کە هەر یەکێکیان پارووپەکی لە زار دەنا ئەم هەستی بەجۆرە نیگەرانییەك دەکرد، کە هەر پارووەیەکیان قووت دەدا، ماکی داخ‌و کەسەرێکی قووڵ لە چاوانیا دەردەکەوت. لە کەماڵی هۆشنی ئەقڵی خۆیدا بوو، بەڵام کە ئەوانی لە دەوری خوانەکە دەبینی بەردەبوونە خواردن، ناڕەحەت دەبوو. لە ناخی خۆیدا لەوە دەترسا کە خواردنەکان تەواو بن. بەردەوام دەچووە لای ئاشپەزەکە، شاگردی ئاشپەزەکە،و سەکنی کاپتنی کەشتیەکەو پرسیاری ئەو ئازووقەو خواردنەی دەکرد کە پێیان بوو. هەموو جارێ دڵنیایان دەکردەوە کە ئازووقەیان زۆر پێیە، بەڵام بەدەستی خۆی نەبوو باوەڕی پێنەدەکردن، بەدزییەوە سەری عەماری ئازووقەکەی دەدا تا بە چاوی خۆی ئازووقەو خواردنەکان بدینێ‌و سوکنایی بێت.

زاناکان، هەستیان کرد کە کابرا قەڵەو دەبێت، ڕۆژ بە ڕۆژ قەڵەوتر دەبێت. زاناکان کەوتنە چاودێری کابرا، یەکسەر بۆیان دەرکەوت مەسەلە چییە. ژەمە خواردنەکانیان بۆ دیاری کرد، کەچی هەر قەڵەو دەبوو، ڕۆژ بە ڕۆژ ورگی گەورەتر دەبوو.

دەریاوانەکان بزەیان دەهاتێ. دەیانزانی مەسەلە چییە. کاتێ زاناکان کەوتنە چاودێری کابرا، هەموو شتێکیان بۆ دەرکەوت. سەیریان کرد، بەیانیان دوای قاوەڵتی وتاشت، وەکو گەدایان دوولا دادەنەوییەوەو دەستی لە یەکێك لە دەریاوانەکان پان دەکردەوە. کابرای دەریاوانیش پێدەکەنی‌و گرتکە گۆشتێك یان پسکیتێکی لە پسکیتی دەریاوانەکان دەدایێ. کابرا بە تامەزرۆییەوە لێی وەردەگرت‌و، وەکو چۆن تەماعکارو چاوچنۆکێك دەڕوانێتە زێڕ، بەو ئاوایە دەیڕوانییە خواردنەکەو ئەوسا دەیخستە باخەڵی. دەریاوانەکانی دیکەش هەر چییەکان دابایە، بە هەمان شێوە لە باخەڵی دەناو دەڕۆیی.

زاناکان هیچیان نەگوت، وازیان لێ هێنا، بەڵام بە دزییەوە جێگاو تەختە خەوەکەی گەڕان. پڕ بوو لە پسکیتی وشك. سەرینەکەی پڕبوو لە پسکیتی وشك. کون‌و کەلبەر، پەناو پەسێر نەمابوو پڕی نەکردبێت لە پسکیت. دیارە شێت نەبوو، لە کەماڵی توانای ئەقڵی خۆیدا بوو. دەیویست

ئازووقە بۆ قاتیو گرانیەکی گریمانەیی دیکە بخات. هەموو مەسەلەکەی تەنیا ئەمە بووو هیچی تر. زاناکان دەیانگوت بێگومان چاك دەبێتەوە، هەرواش دەرچوو، پێش ئەوەی کەشتی (بیدفورد) لە کەنداوی سانفرانیسکو لەنگەر بگرێت، چاك بووەوە.

سەرچاوە:

*- جاك لندن/ عشق بەزندگی/ ترجمە محمد نوذر موءسسە انتشارات نگاە/ تهران ١٣٨٩

*- هاوڕێی ئازیزو بەرێز کاکە هەژار مەعرووف (دەوەن) ئەم سەرچاوەیەی بۆ پەیدا کردم، زۆر سوپاسی هەستی برایانەی دەکەم.

مەکسیکی

کەس هیچی دەربارە نەدەزانی. تەنانەت ئەندامانی ڕێکخراوی "جنتا"ش هیچیان دەربارەی نەدەزانی "رازی بچوك"و "نیشتمانپەروەری مەزن" یان بوو.

بەهەمان گەرموگوڕیو جۆشوخرۆشی ئەوانەوە کاری بۆ شۆڕشی ئایندەی مەکسیك دەکرد، بەلاّم زۆر درەنگ ناسیانو زانیان کە گەلەك دڵسۆزە.

کە یەکەمجار هاتە لایانو داوای لێکردن لە ڕیزی ڕێکخراوەکەیان قەبوڵی بکەن، گومانیان لێکرد وایانزانی شۆفارێکی بە کرێگیراوی سەرۆك "دیاز"ە .بەتایبەتی کە بارۆدۆخەکە زۆر نالەبار بووو بەسەدانو هەزاران کەس گیرابوونو بەدەیان کەس کوژرا بوون.هەوەڵجار ئەم هەرزەکارەیان بە دڵەوە نەچوو. تەمەنی هەژدە ساڵان بوو. گوتبووی نێوی "فیلیب ریفیرا"یە حەزدەکات پەیوەندییان پێوە بکاتو لە پێناوی شۆڕشدا بخەبتێ. تەنیا ئەوەندەی گوتبوو، بێ کەمو بێ زیاد. چاوەنۆڕی تەعیلیمات بوو.

چاوەکانی ئاگریان لێدەباری. هێندە سەیر دەبریسکانەوە لە تۆ وایە ژەهرێکی کوشندەیان لێدەڕژێ. چارەی گرژو مۆن بێ زەردەخەنە بوو. لێکدا لێکدا چاوی بە ئەندامانی ڕێکخراوە شۆڕشگێڕییەکەدا دەگێڕا. نیگای لەسەر "خات سیسبی" گیرسایەوە کە لەو دەمەدا بۆ ساتێك دەستی لە تایپەکەی بەردەمی هەڵگرت تا بڕوانێتە ئەم. "بولینوفیرا" نیگایەکی پرسیار ئامێزی هەردوو ئاریلانو راموسی کرد. نیگای یەکپارچە پرسیار بوو لەمەڕ ئەم هەرزەکارە، کەسیان نەیاندەناسی، ڕەنگە جاسوسێك بێ لەو جاسوسانەی "دیاز" لێرەو لەوێ بلاّوی کردونەتەوەو بۆ هەموویان خەتەرە. لەوانەشە یەکێك بێت لەوانەی کە لە دەسەلاّتو حوکمی دیکتاتۆر وەڕەز بوونو دەیانەوێ بیڕوخێنن.

فیرا بە ساردییەوە گوتی:

– باشە. تۆ دەڵێی دەتەوێ لە پێناوی شۆڕشدا بخەبتی، کەواتە پاڵتۆکەت داکەنەو دوام بکەوە. ئەرزەکە پیسە. پاکی بکەوەو هەموو ژوورو دەرگاو پەنجەرەکانیش پاك بکەرەوە.

هەرزەکارەکە پرسی:

– باشە ئەم کارەی من هیچ قازانجێك بە شۆڕش دەگەیەنێت؟

فیرا وەلاّمی دایەوە: بەڵێ.

ریفیرا ملی دایە خەت. پاڵتۆکەی داکەند. قۆڵی لێ هەڵماڵی. کەوتەن گسکدانو شۆردنو سڕینەوە. خۆڵەمێشی نێو ئاگردانەکەی دەرداو چوو خەڵوز بێنێ تا ئاگر بکاتەوە.

جارێکیان پرسیاری لێکردن کە داخۆ دەتوانێ لەو نووسینگەیەدا بمێنێتەوەو بنوێ کە شۆڕشگێڕەکان بەکرێیان گرتووە، بەلاّم داواکەیان رەفز کرد، چونکە نووسینگەکە شتی نهێنیو لیستی نێوی ئەندامانو لایەنگرانی تێدایە، پڕە لە بەڵگەنامەو کاغەزی گرینگ.

جارێك ئاریللانو، دوو دۆلاری دایێ، وەری نەگرتو گوتی:

– من لە پێناوی شۆڕشدا کار دەکەم.

ئاشکرایە هەموو شۆڕشێك پێویستی بە پارە هەیە "جنتا"ش پێویستییەکی زۆری بە پارە هەبوو. جارێك پارەیان نەبوو و لە دانی کرێی نووسینگەکە دواکەوتن. خاوەنەکەی هەڕەشەی

دەرکردنی لێکردن. "فیلیپ ریفیرا"ی شڕپۆش و شەپڕێو، فریایان کەوت و رزگاری کردن. شەست دۆلاری ئاڵتونی هێناو لەسەر مێزەکەی "خات سیسبی" داینا.

مای سیسبی، ئەنگوستیلە ئاڵتونەکەی خۆی فرۆشتبوو، فیراش، سەعاتەکەی خۆی کە یادگارێکی خۆشەویستی بابی بوو، فرۆشتبوو.ئیدی زۆر بێ پارەو خەمبار بوون. رۆژێکی دی کە دەبوایە وەڵامی کۆمەڵە نامەیەك بدەنەوە کە لە سەریان کەڵەکە بوو بوو. بەڵام پارەی پوولی پۆستەیان نەبوو. ریڤیرا، لە نووسینگەکە وەدەرکەوت. بۆ رۆژی دوایی گەڕایەوەو هەزار دانە پوولی پۆستەی لەگەڵ خۆی دا هێنا بوو، رێك چوو لە بەردەم "خات سیسبی" دا داینان.

فیرا، پرسیاری کرد، تۆ بڵێ ئەم پارانەی ریفیرا دەی هێنێ لە گەنجینەکەی "دیاز"ەوە چنگی نەکەوێ؟ بەڵام ئەندامان چ وەڵامێکیان پێ نەبوو.

فیلیپ ریفیرا، هەر کاتێك هەستی بکردایە کە رێکخراو پێویستی بەپارەیە، پەیدای دەکرد. کەچی سەرەڕای ئەمەش ئەندامان هەر ئەم کوڕەیان بە دڵەوە نەدەچوو. رەفتاری سەیر بوو، هیچیان لەمەڕ رابردووی نەدەزانی و لەوەش نەدەچوو جێی متمانە بێت. کەچی کەسیان زاتیان نەکرد دای بپشکنن.

ئاریللانو دەیگوت:

– رەنگە ئەم کوڕە، کوڕێکی نەفس بەرز بێ، بەڵام گۆشەگیرو کەمدووە. ئیدی مەتەڵێکەو هەڵناهێنرێ.

راموس دەیگوت:

– کەسێکی ئینسانی نییە.

خات سیسبی دەیگوت: – ئەم کوڕە توندە تەبیعەت و دڕوارە.ڕەنگی بەشەری لە رووداو نەماوە. رەنگی مردوی لێنیشتووە.کەچی لەگەڵ ئەوەشدا زۆر چالاکە.

ریفیرا، درێژەی بەکاری خۆی دا. گوێڕایەڵ و بێدەنگ کارو فرمانەکانی ئەنجام دەدا. نە پرسیار، نە قسە، نە پێشنیازێکی نەدەکرد. خۆی لەو کارانە هەڵنەدەقورتاند کە پەیوەندییان بەوەوە نەبوو. تەنیا کاتێ کە دەربارەی شۆڕش دەدوان، چاوی بە ئەندامەکاندا دەگێڕاو پرشنگێکی سەیر لە چاوانییەوە شەپۆلی.

رۆژێك فیرا، بە خات سیسبی گوت:

– من لە ناخی خۆمدا دڵنیام لە دڵسۆزی ریفیراو دڵنیام جاسوس نییە، لە هەموومان نیشتمانپەروەرترە. من ئەمە دەزانم و هەستی پێدەکەم. بەڵام مرۆڤێکی ئاڵۆزەو ناتوانی بچیتە ناخییەوە. خات سیسبی گوتی:

– بەڵام بەد سروشتە...

– دەزانم. کە بە چاوە مۆنەکانی تێم دەڕوانێ، هەستدەکەم پیاوێکی ترسناکە... بۆ نموونە ئەگەر دڵنیا بێ لەوەی من دڵسۆزی مەسەلەکە نیم، یەکسەر دەمکوژێت.کوڕێکی دڵڕەقە، سۆزو بەزەیی لە دڵدا نییە. رەقە وەك پۆڵا. ساردە وەك بەفرو زووقوم من لە "دیاز"و پیاوەکانی ناترسم، بەڵام لەم هەرزەکارە دەترسم.

لەگەڵ ئەوەشدا، فیرا، هەر خۆی قەناعەتی بەهاوڕێکانی خۆی کرد کە ریفیرا دڵسۆزە. جارێکیان خەتی تەلەفۆنی نێوان لۆس ئەنجلوس و کالیفۆرنیای خواروو بڕا ،پاش ئەوەی سیانیان کوژران و دوانیان گیران. "خوان ئەلفارادوو" پیاوێکی بە سام و خەتەر بوو، هەموو نەخشەو پیلانەکانی کەشفکردن، وایان لێهات مەگەر بە پارێزێکی زۆرەوە جوڵەیەکیان بکردایە.

ریفیرا، راسپێردرا کە بەرەو باشوور بکەوێتە ڕێ. فەرمانەکانی ئەنجام دا، پاش ئەوەی خەتی تەلەفۆنەکەی چاك کردەوە، گەڕایەوە. خوان الفارادو بە کوژراوی دۆزرایەوە، قەمەیەك لە سینگی چەقێنرا بوو. کەس ئەمری بە ریفیرا نەکردبوو کە بیکوژێت. بەڵام کەسیش نەیتوانی لۆمەی بکات. ئەویش لات کە لامی نەکرد.

فیرا، بە هاوڕێکانی گوت:

– پێم وتن دەبێ "دیاز" لە هەموو کەس پتر لەم کوڕە بترسێت. لە بەهرە دەگمەنەکانی سروشتە.

ریفیرا، هەندێجار کە دەگەڕایەوە، شوێنەواری بۆکس و بڕین بە دەموچاوییەوە بوو، پاش ئەوەی شەوی لە دەرێڕا بەسەر دەبرد. هەندێجار نەیدەتوانی بەشداری بکات لە دەرکردنی ئەو بڵاوکراوەیەی کە "جنتا" دەریدەکرد، بەهۆی ئەو قلیش و زامانەی کەوتبوونە پەنجەو دەستی. هاوڕێکانی دەیانپرسی تۆ بڵێی هاتووچۆی شوێنە خراوەکان بکات.

فیرا گوتی:

– زۆرم پێ سەیرە، ئەم پارانە لە کوێ دێنێ. دوێنێ "١٤٠" دۆلار هەقی کاغەزی داوە.

خات سیسبی گوتی:

– ئەوەش هەیە کە ناو بە ناو ون دەبێت و هیچیش لەم بارەیەوە ناڵێ.

راموس گوتی:– پێویستە یەکێکمان تاقیبی بکەین.

فیرا گوتی:

– بە مەرجێ ئەو یەکە من نەبم. چونکە دەترسم بمبینێ و بمکوژێت. حەز ناکات چ کەسێك خۆی لە کاروباری وی هەڵقورتێنێ. لە راستیدا وا هەستدەکەم منداڵێك بم لە بەردەم ئەودا.

ئاریللانو گوتی:

– یەکپارچە هێزە، پیاوێکی کێوییە. گورگی هۆڤییە. بەڵکو شۆڕشێکە لەو گۆڕەی. گیان و مەشخەڵی نەگوژاوەی شۆڕشە. تۆڵەیە. لافاوی توڕەییە و هەموو شتێك ڕاما دەڵێ.

مای سیسبی گوتی:

– چ کەسێکی خۆشناوێت. ڕقی لە هەموو خەڵکییە. بۆیە لەگەڵماندایە چونکە ئێمە رێگەین بۆ مەبەستی ئەو. سەیرە. سەیرە.

ئەوی ڕاستی بێ، ریفیرا لە هەموو شتێکدا هەر مەتەڵ بوو، مەتەڵێکی سەیر، تەنانەت لە ئەتوارو گوزەرانیشیا هەر مەتەڵ بوو. هەندێجار بە هەفتە ون دەبووو سەرو سۆراخی دیار نەدەما، یان جاری وا هەبوو مانگێکی پێدەچوو. کە دەگەڕایەوە هەرچی پارەیەکی پێبوایە بەبێ قسە لەسەر مێزەکەی خات مای سیسبی دایدەنا. هەندێجار بۆ چەند هەیڤێك لە نێوانیاندا دەژیا و بەجێی نەدەهێشتین. ئەوجا لە پڕ ون دەبوو، پاش ماوەیەك هەمدیس سەری

هەڵدەدایەوە. جارێکیان ئاریللانو، لە نیوەشەودا پێیدەگات، سەیر دەکات خوێن لە دەموچاوی دەچۆڕێ، بەڵام زاتی نەکردبوو چ پرسیارێکی لێبکات.

کاتی کودەتاکە نزیك بووەوە، لە هەموو کاتێ پتر پێویستیان بە پارەو پول هەبوو، بەڵام وەدەست هێنانی پارە، مەیلەو مەحاڵ بوو. نیشتمانپەروەران دوا پولیان پێشکەشکرد. کرێکارە پەناهەندەکان نیوەی ڕۆژانەکانیان لە پێناوی شۆڕشدا پێشکەش دەکرد. ئێستاش پاش ڕەنج و ماندویەتی چەندین ساڵ ، وەختی ئەوە هاتبوو بەری ڕەنجی خۆیان بخۆن. ئەوان چاکدەزانن هەر کە بڵێسەی شۆڕش هەڵایسێ ئیدی سەراپای وڵات دەگرێتەوە، بەڵام تفەنگ نییە.

هەموو لایەنگرانیش داوای تفەنگ‌و ئازوقە دەکەن تا دەستبەکاربن. دەزانن هەرکە ئاگری شۆڕشیان هەڵایساند، هێندە نابات ئیدی شار لە دووی شار دەروخێت‌و لە ئەنجامدا پایتەخت داگیردەکەن‌و جەنگەکە دەبەنەوە.

بەڵام پارە، پارە، هەوێن‌و ڕەگی شۆڕش نوقوستان بوو. بازرگانانی چەك ئامادەبوون هەموو جۆرە چەکێکیان بدەنێ، بە مەرجێ پێشوەختە پارەکەی بدەن، بەڵام دوا دۆلاریان خەرج کردبوو.

راموس داخی بۆ موڵکە موسادەرەکراوەکانی هەڵدەکێشا. ئاریللانو، شیوەنی بۆ ئەو پارانە دەکرد کە لە گەنجیدا بە فیڕۆی دابوون. مای سیسبی پەنجەی پەشیمانی بۆ ئەو پارانە دەگەست کە لە جێی خۆیدا خەرجیان نەکردبوو.

بولینوفیرا، گوتی:

– توخوا جێی داخ نییە ئازادی وڵاتەکەمان بوەستێتە سەر چەند هەزار دۆلارێك؟

ریفیراش، بەدەم گسکدانەوە گوێی لێدەگرتن. ئاوڕێکی لێدانەوەو گوتی:

– پێنج هەزار دۆلار بەش دەکات؟

هەموو سەرسام بوون. لەسەر سامیاندا شتاقیان نەیتوانی وەڵامی پرسیارەکەی بداتەوە.

ریفیرا لەسەری رۆیی:

– لەسەر وەجبە تفەنگەکە رێکبکەون، ماوە کەمە. دوای سێ هەفتە "٥" هەزار دۆلارەکەتان دەدەمێ، ئەوساکە رۆژ رۆژێ ئەو کەسە دەبێ کە دەیەوێ بەشداری خەبات بکات. لەوە زێترم لە دەست نایەت.

فیرا، باوەڕی پێنەکرد، گوتی:

– تۆ شێتی.

ریفیرا گوتی.

– ئێوە تفەنگی خۆتان داوا بکەن، سێ هەفتەی دی پارەکە دەگاتە دەستتان.

هەستا پاڵتۆکەی لەبەر کرد. لێی دووپاتکردنەوە کە بێ خەم بن‌و داوای تفەنگەکان بکەن.

لە نووسینگەی "کیللی"دا، بەڵێندەری ناسراوی ئاهەنگی بۆکسێن، کۆبوونەوەیەك کرا. لە نیۆیۆرکەوە "دانی ورد"ی بۆکس وەشێن هێنرا بوو بۆ شەڕە بۆکس لەگەڵ "بیللی کارتی"دا. بەڵام بیللی نەخۆشکەوت. کیللی بەمە زۆر پەست‌و وەڕەز بوو.

بێهودە دەگەڕا بۆ بۆکس وەشێنێ تا جێی بگرێتەوەو بەشداری پێشبڕکێیەکە بکات، بەڵام هەندێ لە بۆکس وەشێنەکان بەڵێنیان هەبوو،و هەندێکی تریان بە مەرجەکانی قاییل نەبوون. کیللی کە بینی ریفیرا ئامادەیە بۆ ئەم کارەو لەسەر پێیە کە بێتە مەیدانی "دانی ورد"، دڵی رەحەت بوو و پێی گوت:

– تۆ دڵنیایت کە دەتوانی بەرانبەر بە رەقیبەکەت بوەستێ؟

– دەتوانم بیکوژم.

– چوزانی؟ تۆ دیوتە بۆکسێن بکات؟

ریفیرا، سەری بادا کە نەء .

یاریدەدەرەکەی کیللی لێی پرسی:

– باشە تۆ لە ژیانتا بۆکسێنت کردووە؟

ریفیرا، نیگایەکی دوورو درێژی کردو چ وەڵامێکی نەدایەوە. یاریدەدەرەکە گوتی:

– ناردوومە بە شوێن ئەو "روبرتس"دا کە تۆی بۆ لا ناردووم، تۆزێکی دی دێت. لێرە دانیشە چاوەنۆڕی بکە. بە هەرحاڵ من وادەزانم تۆ بەکەڵکی ئەم جۆرە پێشبڕکێیە نایەیت. ئێمەش حەز ناکەین جەماوەرەکە هەڵبخەڵەتێنین. هەر کورسییەکی تەنیشت مەیدانی بۆکێسنەکە بە پەنجا دۆلار فرۆشراوە.

روبرتس هات. کیللی پێی گوت:

– گوێ بگرە روبرتس، تۆ بە خۆت دەزانی کە "کارتی" نەخۆشەو ئەم مەکیسیکییە چکۆلەیە دەڵێ لە جیاتی ئەو یاریدەکات. تۆ دەڵێی چی؟

روبرتس، کە بۆنی خواردنەوەو مەی لێدەهات گوتی:

– چ قەیدییە کیللی دەتوانێ خۆی ڕابگرێ.

– وابزانم پێشم دەڵێی کە دەتوانێ بە سەریا سەر بکەوێ‌و بیکوژێت؟

– نەخێر... ئەمە ناڵێم... "وورد" بۆکسوەشێنێکی مەزنە، بەڵام ناتوانێ لە ماوەیەکی کورتدا ریفیرا ببەزێنێ. من ریفیرا دەناسم، پیاوێکی بە سەبرو حەوسەڵەیەو دەتوانێ بە هەردوو دەستان بۆکس بوەشێنێ.

کیللی گوتی:

– ئەمەم بەلاوە گرینگ نییە. ئەوەی مەبەستمە، ئەوەیە بزانم کە ریفیرا لێوەشاوەیە. دەتوانێ دڵی جەماوەرەکە رازی بکات. تۆڵەی ئەو پارەیەمان بۆ بکاتەوە کە داویانە.

– کیللی گیان دڵنیابە لە لێهاتووی ریفیرا. "وورد" زۆر ماندوو دەکات من ئەم گەنجە چاك دەناسم. ناڵێم بۆڕی "وورد" دەدات، بەڵام ماندووی دەکات. گەمەکەش زۆر خۆش دەبێت.

کیللی گوتی:

– کەواتە باشە... باشە.

ئاوڕێکی لە یاریدەدەرەکەی خۆی داوەو پێی گوت کە "وورد" گازبکات... ئەوجا هەردوو بەڵێندەرەکە دانیشتنە سەر مەی خواردنەوە.

روبرتس، گوتی:

– کیللی من پێم نەگوتیت کە چۆن ئەم گەنجەم کەشف کرد. پێش دوو ساڵان گەمەیەکم لە نێوان "براین"و "دیلانی"دا رێکخست"براین" هێندە درە کەسێکم چنگ نەکەوت کە قاییل بێ مەشقی لەگەڵ دا بکات. سەیرم کرد ئەم کورە لە نزیکی یانەکەدا دەسورێتەوەو تاقە پولێکی پێ نییە. نیشانەی برسێتی بەسیمایەوە دیاربوو. هێنام‌و قاییل بوو کە مەشق لەگەڵ "براین"دا بکات. ئەو "براین"ەی بۆکسێکی توندی ئەوتۆی لێدا کە لە گەڕی دووەمدا بوراندییەوە. نیو دۆلارو هەندێ خۆراکم دایێ. ئیدی ناو بەناو دەهاتە لام، بەمجۆرە ناسیم‌و پێشبینی ئایندەیەکی گەشم بۆ کرد. خۆڕاگرە، دەڵێی تاوێرە. نە قسە دەکات‌و نە ئازاری دەگاتێ.

یاریدەدەرەکەی کیللی گوتی:

– من چەند جارێك لەگەڵ تۆدا دیومە روبرتس.

– وایە... زۆربەی بۆکس وەشێنەکان مەشقیان لەگەڵدا کردووەو زۆریش سودی لێ وەرگرتوون.. من پێموایە حەز لە بۆکسێن ناکات، بەڵام لە ئاتاجیدا دەی کات. لەم ئاخرو ئۆخرەدا هەندێ پارەی بردەوە. نازانم چۆنی خەرج دەکات. جلك‌و بەرگی هەمیشە شڕو شەپڕێوە. هەروەها نازانم چ کارەیە. هەرکە گەمە تەواودەبێت، ئیدی ون دەبێت. تەنیا ئەو کاتانە سەرهەڵدەداتەوە کە پێویستی بە پارە دەبێت.

کاتی گەمە هات "دانی وورد" خۆی بەهۆڵەکەدا کرد، سڵاوی لە جەماوەرەکە دەکرد، بۆ ئەم پێدەکەنی. چاوی لە ئەو دادەگرت. ئەوە عادەتی ئەم بۆکسوەشێنە زۆرزانە بوو، کە لە هەمان کاتدا بۆکسوەشێن‌و بازرگانیش بوو.هەمیشە خۆی لەو بوارانە دەدا کە پارەی زۆری تیا دەستدەکەوت.

کەچی ریفیرا، زۆر بە هێمنی چووە هۆڵەکەوە. بەهێمنی‌و کپی لە سوچێکی مەیدانەکەدا دانیشت، بەڵام نیگای لە هەموو دەموچاوەکانی دەوروبەری بوو.

"دانی" ئاوڕێکی لە "ریفیرا" دایەوەو گوتی:

– ئەمەیە؟ چۆنی کوڕی قۆز؟

چاوانی ریفیرا، پرشنگیاندا، وەڵامی دایەوە.

– چاکم

"دانی" ناڕەزایی خۆی لە بەڵێندەرەکە دەربڕی‌و پێی گوت:

– ناتەوێ بمکەیت بەگژ بابایەکی کەڕوڵڵدا؟

ئەوجا لە قاقای پێکەنینی داو گوتی:

– لەمە چاکترت نەدۆزییەوە؟ وا دیارە لۆس ئەنجلوس، پیاوی تێدا نەماوە، ئاخر زەلامە. ئەمەت لە چ زارۆکستانێکەوە هێناوە؟

روبرتس وەڵامی دایەوە:

– "دانی" کوڕێکی ناسکە. باوەڕم پێبکە.. بەڵام ئەوەندەش نەرمە قووت نییە وەکو بەرواڵەتیا دیارە.

کیللی گوتی:

– تا ئێستا نیوەی بلیتەکان فرۆشراوە. دەبێ بیبەیتەوە، هەموو پارەکە ببەیتەوە دانی. ئەمە باشترین شتە کە لە دەستمان بێت.

"دانی" نیگایەکی دیکەی "ریفیرا"ی کرد گوتی:

– زۆر نەرم دەبم لەگەڵیدا، بەمەرجێ لەگەڵ یەکەم بۆکسدا نەکەوێت.

روبرتس پێی گوت:

– بە پێچەوانەوە، دەبێ ئاگات لە خۆت بێ.

"دانی" زەردەخەنەیەکی بۆ کردو وەڵامی دایەوە...

– ئاگام لەخۆم دەبێت. یەکسەر هەڵناکوتمە سەری، ئەوەش لەبەر خاتری جەماوەرەکە. رات چییە تا گێمی پازدەیەم بیهێڵمەوە؟

"دانی" گوتی: – با جارێ باسی پارەکە بکەین، ئەم کوڕە لە سەدا ٢٠٪ی پارەکە دەبات لەگەڵ هەندێك زیادەو بەخشیشدا، وەکو ئەمە بڕیار بوو لەگەڵ "کارتی"دا. بەڵام من باقی پارەکە دەبەم.

کیللی "ریفیرا"ی لە مەبەستی ئەو تێگەیاند. ئەو گومناوەو ئاساییە بەشەکەی لە هی رەقیبەکەی کە ناسراوو بەنێو بانگە، کەمتر بێ.

ریفیرا، پرسی:

– ئەدی من چەند وەردەگرم؟

– نزیکەی "١٥٠٠" هەزارو پێنج سەد دۆلار.

ریفیرا، پرسی:

– باشە، بەشی براوە چەند دەبێت، ئەگەر مەرجەکە قبوڵ نەکەم؟

وەڵامیان دایەوە کە نزیکەی هەشت هەزار دۆلارێك دەبێت. ئەوجا ریفیرا، پێی لەسەر ئەوە داگرت کە هەموو پارەکە بۆ براوە بێت.

راهێنەرەکەی، زۆری هەوڵدا کە ژێوانی بکاتەوە، بەڵام بێهودە بوو "دانی" لێی پرسی:

– باشە بۆ سووری لەسەر رای خۆت؟

وەڵامی دایەوە:

– چونکە دڵنیام دەتبەزێنم.

"دانی، کەوتە داکەندنی پاڵتۆکەی. جەماوەرەکەش هۆرایان بۆ دەکێشاو چەپڵەیان بۆ لێدەدا. کەچی ریفیرا، بێ هیچ هاندەرێك رەق راوەستا.

کیللی پێی گوت:

– سەیرکە شێتە. تۆ بابایەکی گومناوی‌و کەسێك لێرە ناتناسێت، بەڵام رەقیبەکەت پاڵەوانێکی نێودارو دیارەو هەموو هەر دەیناسن.

ریفیرا گوتی:

– قەیدی نییە، دوای ئەم گەمەیە هەموو دەمناسن.

"دانی" سەیرێکی "ریفیرا"ی کردو لێی پرسی.

– هێشتا، سووری لەسەر ئەوەی کە دەمبەزێنیٚ؟
ریفیرا، سەرێکی بۆ لەقاند کە بەڵێ.
کیللی پێی گوت:
– شێت مەبەو ژیوان بەرەوە.
بەڵام وەڵامی ریفیرا ئەوەبوو:
– پارەم دەویٚ.
"دانی" بۆی دووپاتکردەوە:
– تۆ هیچ شتێکم لیٚ نابەیتەوە ئەگەر هەزار ساڵی تەواویش شەڕم لەگەڵدا بکەیت.
ریفیرا، هەڵیدایی و گوتی:
– مادامێکی لە هێزو توانای خۆت دڵنیایتو بە ئاسانی پارەکە دەبیتەوە،ئیدی ئەم سازشکارییەی بۆ چییە؟
"دانی" توڕە بووو هاواری کرد.:
– هەر ئێستا پێت نیشاندەدەم کوڕۆ. تا نەتکوژم دەستت لێهەڵناگرم. تۆ گاڵتەم پێدەکەیت، بەڵام بەچاوی خۆت دەیبینی. بەڵێننامەکە ئامادە بکە کیللی. پارەکە هەمووی بۆ براوەیە با لە رۆژنامەکاندا ئەمە بڵاوبکرێتەوە. با هەموو لایەك بزانن. بە تەمەشاکەرانیش ڕابگەیەنە کە گەمەیەك دەبینن هەرگیز نەیان دیتوە.
بەڵێنامەکە مۆرکرا.. روبرتس، سەیرێکی "ریفیرا"ی کردو پێی گوت:
– هەی سەر شێت، بە دەستی خۆت مەرگی خۆت مسۆگەر کرد. "دانی" بە ئەندازەی گایەك بەهێزە، هەر دەتکوژێت. تۆ شێتی، بچووکترین هیوای سەرکەوتنت نییە.
وەڵامی ریفیرا، نیگایەکی پڕ لە قین بوو، بڕییە هەموو ئەوانەی دەورووبەری.
ریفیرا، چووە نێو مەیدانەکەوە. بێئەوەی چ کەسێك لە ئامادەبووان بایەخی بداتیٚ. چەند کەسێکی کەم کە ژمارەیان لە قامکی دەست تێندەپەڕی چەپڵەیان بۆ لێدا. لە ڕاستیدا ئاپۆرای خەڵکەکە تووشی نا ئومێدی بوون. چونکە ئەوان بە تەمای گەمەیەکی گەرموگوڕ بوون لە نێوان دوو پاڵەوانی هاوتاو بەرانبەردا، کەچی ئەوەتا هەرزەکارێکی منداڵکار لە بەردەمیاندا وەستاوە. تەنانەت زۆربەی خەڵکەکە گرەویان لەسەر ئەوە کرد کە ئەنجامەکە سیٚ بۆ دانی و یەك بۆ ریفیرا دەبێت.
مەکسیکی چکۆلە، لە سوچەکەی خۆیداو بەدەم چاوەنوڕاییەوە دانیشت. ساتەکانی هەوەڵ زۆر بە هێواشی بورین. دانی بە ئانقەست کارێکی وەهای کرد کە چاوەڕوان بکات. ئەمە فەندوفێڵێکی کۆنەو جۆرێکە لە شەڕی ئەعسابو بۆکسوەشێنە کۆنەکان دژ بە تازەکان بەکاری دەهێنن، بەڵام ئەم فێڵە لەگەڵ ریفیرادا سەری نەگرت. هێمنی و چاو قایمی خۆی لە دەستنەدا.
یەکێك لە یاریدەدەرەکانی ریفیرا هات کە چەند ئامۆژگارییەکی بکات، لیٚ ئەم گوێی پێنەدا، تاقە خەمی ئەم بردنەوەی گەمەکەو پارە زۆرەکە بوو. پاڵەوانێتییەکەی کەمو زۆر بەلاوە مەبەست نەبوو. راستە جاران گەمەی دەکرد، بەڵام لەوەتەی پەیوەندی بە رێکخراوی "جنتا"وە کردووە

تەنیا لەبەر خاتری نان گەمەی دەکرد. پارە وەدەست هێنانی لە ڕێگەی بۆکسێنەوە بەلاوە ئاسان بوو.

دەیزانی پێویستە ئەم گەمەیە بباتەوە. هەر دەشیباتەوە. "دانی" بۆیە شەڕی دەکرد تا پارە بباتەوەو ژیانێکی خۆش بژی، بەڵام "ریفیرا" لەبەر خاتری شتێکی دی دەخەبتی. لەبەر خاتری شتێك کە بەدەم چاوەنۆڕی ڕەقیبەکەیەوە دەی هێنایە بەرچاوی خۆی. لەو دانیشتنەیدا هەزاران کرێکاری هاتنە بەرچاو کە بەدەم برسێتییەوە گنگلیان دەدا. بە دەیانیان لێدەکوژرا. داكو بابی خۆی بیرکەوتەوە. بابی پیاوێکی کەتەی سمێڵ بابڕی ناوشان پان بوو. خەڵکی خۆشدەویستو دڵی جێی خۆشەویستی هەموو خەڵکی تێدا دەبووەوە. خەڵکی لە هەموو لایەکەوە دەهاتن بۆ لای تا راوێژی پێبکەن.

راهێنەرەکەی، پەتی بیرکردنەوەی پچڕی:

– دەستی خۆت بوەشێنە.دەست مەپارێزە. پارەکە دەبەیەوە.

دە دەقیقەیەك تێپەڕی بێئەوەی "دانی" دیار بێ. لەوە دەچوو بیەوێ فێڵەکەی بگەیەنێتە ئەوپەڕی. شریتی ڕابردوو سەر لە نوێ بە بەرچاویدا تێدەپەڕی.ئەو مانگرتنەی بیرکەوتەوە کە کردیان، چۆن مامەڵەیان لەگەڵ کرا، ڕاکردنیان بۆ چیا، ئەو شەوە ناخۆشەی کە کوژراوەکانیان تیادا فڕێ درانە دەریاوە. چۆن بە دووی دایكو بابیدا دەگەڕا. توانی دوای گەڕانێکی زۆر لاشەکەی دایکی بناسێتەوە، پاش ئەوەی شێوێنرا بوو.

هوراکێشانی خەڵکەکە کە دەگەییە کەشکەلانی فەلەك، وەئاگای هێنایەوە. بە شێوەیەکی سەیر چەپڵەیان بۆ ڕەقیبەکەی لێدەدا. هەموو بەخێرهاتنیان دەکرد. ئەو پاڵەوانە خۆشەویستە بوو کە چاوەڕوان بوون ڕەقیبەکەی بکوژێ. تەنانەت پیاوەکانی "ریفیرا"ش کەوتنە بەخێر هاتنی "دانی وورد"، بەڵام "دانی وورد" وەکو خووی هەمیشەیی زەردەخەنەی بە رووی ئاپۆراکەدا دەدا.

بەڵێندەرەکەی ریفیرا لێی هاتە پێشێو گوتی:

– نەترسیت ها! دەبێ خۆت بگری.

تەماشاکەران دەستیان بەچەپڵەلێدان کرد. "دانی" لە "ریفیرا" چووە پێشەوە. سەری بۆ دانواند. بەڕێزو خۆشەویستییەوە دەستی گوش. خەڵکەکە ئەم گیانی وەرزشەوانییەیان هێندەی دی چوو بە دڵدا. بەدەم دەست گوشینی ڕەقیبەکەیەوەو لە بن لێوانەوە ورتە ورتی دەکرد. ئەمەش وای لە خەڵکەکە کرد پتر چەپڵەی بۆ لێبدەنو هورای بۆ بکێشن. کەچی لە راستیدا بە "ریفیرا"ی دەگوت:

– سیمای دەموچاوت دەگۆڕم، ئەی مەکسیکی چەپەڵ.

بەڵام ریفیرا، بە قێزەوە سەیری کردو ورتەی نەکرد. کەچی خەڵکەکە لەم کەم ڕەوشتییەی ریفیرا، بەرامبەر بە ڕەقیبەکەی، پەست بوون.

"دانی" بیستو چوار ساڵان بوو. ڕەقیبەکەی هەژدە ساڵان بوو. "دانی" زەلامێکی کەتەی بەخۆوە بوو. باڵا بەرزو وەرزشەوان بوو بە هەموو مانای وشەی وەرزشەوان.

هەردوو بۆکسوەشێن وەستان‌و گوێیان لە قسەکانی داوەر دەگرت. ریفیرا، ئاوڕێکی دایەوە، "روبرتس"ی بینی، کە لە پشت رۆژنامەنووسێکەوە دانیشتووە. مەست بوو. پێی گوت:

– مەترسە ریفیرا. دەرەقەتت نایەت، خۆت لە بۆکسەکانی بپارێزەو زۆر ئازارت نادات.

ریفیرا، وا خۆی نواند کە گوێی لێی نییە. چاوی بە نێو هۆڵەکەدا دەگێڕا، دەموچاوەکانی بەسەر دەکردەوە. هەموو شتێکی دەوروبەری دەدایە بەرنیگا. جگە لە تفەنگ چ شتێکی دیکەی نەدەبینی. ئەو تفەنگانەی پیاوان چاوەنواڕیان دەکرد. ئەو پیاوانەی تینوی شۆڕش بوون.

زەنگ لێدرا. جەنگ دەستی پێکرد "دانی" بۆکسی کوشندەی دەسرەواندە ڕەقیبەکەی. لە تۆ وایە دەیەوێ ڕەقیبەکەی بخوات.بە یەکەم بۆکس تەختی بکات. ریفیرا هەستی بە بۆکسەکان دەکرد کە لە هەموو لایەکەوە بەسەریدا دادەبارین، ئەمە گەمە نەبوو، قەسابخانەیەك بوو لەو گۆڕەی. قەسابخانەیەکی ترسناك! دانی، ویستی ئەوە بۆ ئاپۆڕای خەڵکەکە بنوێنێ کە هەرچییەکی لە دەست بێت درێغیان بۆ ناکات. یەك – دوو دەقیقە بوری، ریفیرا، نەبەزو خۆڕاگر بۆکسەکانی دەقۆستەوە. بەڵام خوێن بەخوڕ لە دەم‌و کەپوویەوە دەڕۆیی. خەڵکەکە هەموو ئەمەیان بینی، بەڵام ئەوەیان نەبینی کە ریفیرا هەر خۆی شێلو نەکردەوە. ئاگر لە نیگای دەباری، ئەو لەسەر ئەمە ڕاهاتبوو، لە مەشقی رۆژانەیدا، ئەم چەشنە بۆکسانەی بە دەستی کەڵە بۆکسوەشێنان خواردبوو، ئەویش لە پێناوی رۆژانەیەکی نیو دۆلاریدا. شتێك روویدا کە کەس حیسابی بۆ نەکردبوو. لە پڕ هوراکێشان وەستا. ئاپۆڕاکە "ریفیرا"یان بینی بە تەنێ لە نێو گۆڕەپانەکەدا وێستاوەو "دانی" لەسەر ئەرزەکە تەخت بوو بوو. دانی مەزن‌و ترسناك، بەرگەی بۆکسێکی "ریفیرا"ی نەگرت. لەم حاڵەدا دەبوایە حەشاماتەکە چەپڵەیان بۆ براوە لێبدایە، بەڵام خەڵکەکە تاسان، نە چەپڵەیان لێداو نە هورایان کێشا. بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشان. داوەرەکە دەستی بە ژماردن کرد تا گەییە حەوت، "دانی" راست بووەوە ریفیرا، بۆکسێکی دیکەی خێواندێ، ئەمجارەش تەختی کردو کەوتە سەر عاردی. بەمجۆرە هەرچەندە هەوڵی هەستانەوەی دەدا، ریفیرا، بەلەز یەکێکی دیکەی تێ دەسرەواندو گێژو وڕی دەکرد.

بەڵام ریفیرا، هەستیکرد داوەرەکە بەلای ڕەقیبەکەی ویدا دای دەشکێنێ، بە ئاسپایی دەژمێرێ، تا مۆڵەتێکی پتر بۆ دانی فەراهەم بکات. ریفیرا، لێکدا لێکدا دەستی دەوەشاند تا گێمی یەکەم تەواو بوو. ریفیرا، لە هەردوو گێمی دووەم‌و سێیەمیشدا هەر باڵا دەست‌و زاڵ بوو. لە گێمی چوارەمدا "دانی" خۆی گرتەوەو هێزی وەبەر هاتەوە، بەڵام ئەمجارەیان هەوڵی نەدا بە توندی‌و دڕندانە دەست بوەشێنێ، کە زانی ڕەقیبەکەی سەر سەختەو لەو دڕترە ئەمجارەیان پەنای بردە بەر هێمنی‌و فەند.بۆکسێکی توندی لە ریفیرا وەشاند.خستییە دەرەوەی گۆڕەپانەکە. هێنایانەوە، سەیری کرد داوەرەکە زۆر بەپەلە سانییەکان دەژمێرێ‌و ریك بە پێچەوانەی ئەو حاڵەتانەوە کە "دانی" تێی دەکەوت، هەروەها داوەرەکە هەوڵی نادا "دانی" لێ دوور بخاتەوە، لە کاتێکدا کە ئەم کەوتووە.

خەڵکەکە کە دیتیان "دانی" هێزی وەبەر هاتۆتەوە لە کەیفاندا هار بوون، هاواریان دەکرد:

– بیکوژە، دانی گیان... بیکوژە.

دەنگی هوراکێشان و هات و هاوار بەرز بووەوە، لە تۆ وایە قیامەت ڕابووە.

"دانی" هەرچی لە توانایدا بوو بە کاری هێنا تا ڕەقیبەکەی ببەزێنێ. لێ ریفیرا هەرجارێك کە دەکەوت، خێرا هەڵدەستایەوە، خۆی لە هێرشەکانی "دانی" دەپاراست، هەرچەندە داوەرەکەش بە ئاشکرا تەرەفداری لە "دانی" دەکرد.

تەنانەت لەو ساتە تاڵانەداو، سەرەڕای ئەو بۆکسە توندانەی ئاڕاستەی دەکران و، وێڕای ئەوەی داوەرەکە بە ئاشکرا لایەنی ڕەقیبەکەی ئەوی دەگرت و خەڵکەکە نەك هەر دژی بوون، بگرە داوای کوشتنیان دەکرد. ئا لەو ساتانەشدا جگە لە تفەنگەکان بیری لە هیچ شتێکی دی نەدەکردەوە.. هەردەموچاوێك لەو دەموچاوە دزێوانەی دەی بینین لە بەرچاوی ئەو تفەنگێکی دەنواند. لە پێناوی تفەنگدا دەجەنگی. ئەو بە خۆی تفەنگاکان بوو. خۆی شۆڕش بوو. ئەو هەنووکە لە پێناوی هەموو مەکسیکدا دەجەنگی.

خەڵکەکە، تەواو لە ریفیرا بێتاقەت بوون. بۆچی لە ژێر زەبری بۆکسەکانی "دانی"دا ناکەوێ؟ لە ئەنجامدا هەر دەبەزێ، ئیدی بۆچی خەڵکەکە دەداتە دەم چاوەنواڕییەوە؟ ئامادەبووان یەکجار کەمیان لەگەڵ "ریفیرا"دا بوون، ئەوانەش لەوانە بوون کە گرەویان لەسەر بردنەوەی ئەو کردبوو، ئەوانە هەوڵیاندا هانی بدەن، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکە گرەویان لەسەر بردنەوەی "دانی" کردبوو.

لە گێمی هەشتەمدا ریفیرا دەرفەتی هێناو یەکێکی بەشەویلاگی ڕەقیبەکەیدا کێشاو خستی و لەسەر عاردەکە تەخت بوو، بۆکسێك بوو هەموو ئامادەبووانی ئەبڵەق کرد. "دانی" نەیتوانی ڕاست بێتەوەو تا داوەرەکە گەییە ژمارە نۆ، ریفیرا، ویستی یەکێکی دیکەی تێ بسرەوێنێ، بەڵام داوەرەکە نەیهێشت. بە پێچەوانەی ئەو کاتانەی کە ریفیرا هەڵدەستایەوە.

ریفیرا، لە گێمی دەیەمدا، هەڵی بۆ هەڵکەوت و دووجاران دەستی وەشاند، بەڵام زەردەخەنە بە نێونەخت لەسەر لێوی "دانی" ئاوا نەبوو. تەواو تووڕە بوو. بۆکسی کوشندەی دەسرەواندە ریفیرا. ئەمیش زۆر لێهاتووانە خۆی دەخەلەساند "دانی" ئەمجارە گەمەیەکی وەهای کرد کە لە هەموو ژیانیدا نەیکردبوو. ئەو خەڵکەی کە چاوەنۆڕی گەمەیەکی لاوازو خاوبوون، نووکە ڕووبەڕووی گەورەترین و گەرمترین گەمەی وەرز دانیشتوون.

"دانی" زانی کە ڕەقیبەکەی گاڵتەی پێناکرێت: وەکو چۆن هەوڵیدا لە ڕووی مادییەوە بیبەزێنێ، لە ڕووی مەعنەویشەوە بەگژیا چوو. هەرکە لێکدی نزیك دەبوونەوەو بەدەنیان بەر یەکدی کەوتبوایە، بەر دەمرێژی جنێوی دەدا. ئەمە جگە لەوەی کە داوەرەکەو خەڵکەکەو هەموو ئامادەبووان دژی ریفیرا بوون و ئاواتەخوازی مەرگی بوون. تەنانەت یاریدەدەرەکەی "ریفیرا"ش لە نێوان گێمەکان و لە کاتی پشوودا کەم بایەخی پێدەدا. بە کورتی هەستیکرد هەموو کەسێك دژیەتی و کۆمەڵێك ساختەچی و فێڵباز دەوریان داوە.

لەگێمی چواردەدا، ڕەقیبەکەی تەختی زەوی کردو وەکو پڵنگی توڕە وێستا، کەچی داوەرەکە هێدی هێدی سانییەکانی دەژمارد.

ریفیرا، کە لە سوچی گۆڕەپانەکە وێستا بوو، کیللی بینی لە روبرتس نزیك دەبێتەوەو شتێك بەگوێدا دەچپێنێ. توانی هەندێ وشە بژنەوێت. کیللی، کە وەکیلی ریفیرا بوو، دەیگوت:
– دەبێ "دانی" سەر بکەوێ. ئەگینا گرەوەکە دەدۆڕێنم. بچۆ قەناعەت بەو منداڵە بکە، بەقسەی تۆ دەکات.
روبرتس لە ریفیرا چووە پێشەوەو گوتی:
– بەسە، ئەمجارە لێی گەڕێ با بەسەرتدا سەر بکەوێ‌و لە جاری داهاتوودا تۆ سەر دەکەوی‌و براوە دەبێت.
بەڵام ریفیرا وەڵامی نەدایەوە... بەڵکو بە دووچاوی تەژی قینی پەنگ خواردووەوە تێی دەڕوانی.
کیللی گوتی:– وەڵام بدەوە ریفیرا... بۆ قسە ناکەیت؟
هاگارتی گوتی:
– بۆ هەڵناپەیت ریفیرا؟ بە هەرحاڵ داوەرەکە نایەڵێ تۆ براوە بیت بە قسەی کیللی بکە.
کیللی هەمدیس تێ هەڵچووەوە، بەڵام بێهودە بوو. زەنگ لێی داو جاڕی گێمی پانزەیەمی دا ریفیرا، ئەمجارە هەستیکرد "دانی" داوێکی بۆ ناوەتەوە. بە درێژایی وەختەکە هەوڵیدا کە تەنیا بەرگری بکات. کەچی ئەوی تر دەستی بە هێرش‌و پەلاماردان کرد. بەمەش وەزو توانایەکی زۆری دەدۆڕاند، هەروەکو شێت‌و دینان دەستی دەوەشاند.
خەڵکەکە شێتگیر بوون. هەستانە سەر پێیان‌و هاواریان دەکرد:
– بۆ ناجەنگی؟ بۆ ناجەنگی؟ تۆ ترسنۆکیت، بیکوژە "دانی" گیان. بیکوژە.
تاقە کەسێك لە نێو هۆڵەکەدا کە هێمن‌و ئارام بوو، ریفیرا بوو.
لە گێمی حەڤدەدا، هەڵچوونی خەڵکەکە گەییە پۆپە. دانی، بۆکسی کوشندەی دەسرەواندە رەقیبەکەی، بەڵام ریفیرا نەکەوت. بەڵکو ئەویش سێ بۆکسی توندی وەشاندو تەختی کرد.
کیللی، هاواری لەداوەرەکە کردو داوای لێکرد ئەو بۆکسانە بە هەڵە لە قەڵەم بدات. بەڵام داوەرەکە وەڵامی دایەوە:
– ناتوانم... ناتوانم.. بۆکسەکانی یاسایی بوون.
ئەوجا کیللی‌و هەندێ لە هاوەڵەکانی، ئەو پۆلیسەی نێو هۆڵەکەیان گازکرد کە گەمەکە بوەستێنی. کە پۆلیسەکە چووە پێشەوە ریفیرا بێئەوەی بزانێ چیدەوێت‌و بۆچی لە گۆڕەپانەکە نزیك بووەوە، نیگایەکی کرد. بەڵام بەرلەوەی پۆلیسەکە بگاتە ریفیرا، ریفیرا بۆکسێکی سرەواندە "دانی" ئیدی دانی کەوت‌و بورایەوە. پێویست بە پۆلیس نەما تا گەمەکە رابگرێ.
ریفیرا، ئاوڕی لە داوەرەکە دایەوەو گوتی:
– سانییەکان بژمێرە.
داوەرەکە هەر دە سانییەکەی ژمارد. بەڵام "دانی" هەڵنەستایەوە. ئەوجا ریفیرا پرسی:
– کێ براوەیە؟
داوەرەکە دەستی "ریفیرا"ی گرت‌و بەرزی کردەوە، بەڵام کەس چەپڵەی بۆ سەرکەوتنەکەی ریفیرا لێنەدا. سوچێکی گرت‌و بە چاوی تەژی قینی شاراوەوە دەیڕوانییە ئەم هەزاران

تەماشاکەرە. لەم دەموچاوە بڵحانەوە تفەنگاکانی بینی. ئەو تفەنگانەی کەوتنە دەستی ئەو،و ئەو شۆڕشەی کە سەردەکەوێت.

**سەرچاوە:**

**روائع القصص العالمی**

***- جاك لندن/ تحت سماو الجليد/ قصص مختاره/ نقلها الى العربيه/ جوفر حداد**

***-جاك لندن/ عشق بەزندگی/ ترجمه محمد** نوذر **موءسسه انتشارات نگاه/ تهران ١٣٨٩**

***- موسوعه ادباء امريكا/ الدكتور نبيل راغب/ الجزء** الثاني**/ دار المعارف.**

***- دليل القاریء الی الادب العالمی/ دار الحقائق/ط١ ١٩٨٦ الموء لفون: ليليان هيرلاندز، ج. د. بيرسی. ستيرلنگ. أ. براون**

**ترجمه محمد الجورا.**

***- فرهنگ ادبيات جهان/ تأليف زهرای خانلری/ شركت سهامی انتشارات خوارزمی/ چاپ اول ١٣٧٥.**

***- ناودارانی ئەدەب/ ئا: حەمەكەریم عارف/ چ١/ ٢٠٠٩/ دەزگای توێژینەوەو بڵاوكردنەوەی موكریانی.**

***- ئەودیوی مەرگ(نووسین و ئمادەكردن وگۆڕینی /حەمەكەریم عارف /چ١/٢٠٠١/ هەولێر/ دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریانی /كوردستان**

# فەرهەنگۆك

## ئا

**ئەداو ئەتوار: رەوشت و ئاكار**

**ئارایشتكار : ئارایشتگەر ، مكیاجكار**

**ئەوك : قوڕگ، گەروو، بەرمل**

**ئاسیو : ئازار، بەلاْ ، زیان، زەرەر**

**ئاشخانە : مووبەق، چێشتخانە**

ئەنگۆ: ئێوە، هەوە، هون

ئەگەرنا: دەنا، ئەگینا، ئەگین، گەرنا

ئێژی : دەڵێی

ئەفسووناوی : سیحراوی، جادوویی

ئیکلام : کڕنۆش، سەرچەماندن بۆ ڕێزگرتن

ئامێز : باوەش، هەمێز

ئەزبەنی : گەورەم، قوبان

ئاران: گەرمەسێر، گەرمیان، زستانەوار

ئۆین: پیلان، دەسیسە، فێڵ و مەکر

ئۆینباز : بەمەکرو فێڵباز، پیلانگێڕ

ئێشك: پاس، کێشك

ئاکنجی: نیشتەجێ

ئالوودە:گیرۆدە، خووپێگرتوو

ئاوەز: هۆش، فام، ئەقڵ

ئاشپەز: شیوکەر، چێشت لێنەر، چێشتچی

ئەنگێزە: هۆ، هاندەر، سۆنگە

ئەستەم: زەحمەت، ئاسێ ، دژوار

ئەسەح: ئەکید، خویا، مەعلووم

ئیرەیی: حەسوودی

ئەستێڵ: حەوز

ئیستەرەم: دەمەوێ

ئەستەڕ: بەر، بەری کەواو...

ئاپۆڕا: حەشامات، قەرەباڵغی، حەشیمەت

ئاشووب: پەشێوی و ئاژاوە

ئەوزار: ئامراز، ئامێر، وەسیلە

ئاغەڵ: جێی داکردنی مەڕو بزن لە دەمی سەرمادا

ئەسکەمیل: کورسی

ئاوەز: ئەقڵ

ئاخێز: نیوە هەستان

ئەوقات: پارێزەر

ئۆل: ئاین

ئاریشە: کێشە، گرفت

ئاودڕکە: ئاودڕ، ئەو شوێنەی ئاو دایدڕیبێ

ئاڵچاخ و دەنی: سووك و بێ ئابڕوو، خوێڕی

ئاوردوو: سوتەمەنی،شەواتەك،ئێزنگ وقەڵاشکەری

## ب:

باوەژن: زڕدایک، هۆی دایک، باجی

باب: باوک

بالأنما: بالأنوێن، ئاوێنەی بالأڕوان

بەلەز: خێرا، بەپەلە، گورج

بایس : هۆ، باعیس ، سەبەب

بلوور: شووشە

بێنەوا: هەژار، بێچارە، داماو

بە تۆبزی: بە زۆر، بە خورتی

بە روحم : بە بەزەیی ، دلۆڤان

برنجە: جۆرە کانزایەکە، زەردی سەماوەر(قصدیر)

بەلەنگاز: بێچارە،نەدار، بەسەزمان

بەرۆك: یاخە، یەخە

بەکاوەخۆ: بە هێواشی

بەرسڤ: وەلأم

بەڕك: گیرفان، باخەڵ

بالیفۆکە: سەرینی بچووك، گۆشە

بوری: تێپەڕی

بیلبتون: بە تەواوەتی

بەو ئاوایە: بەو جۆرە، بەو شێوەیە

باریە: لۆسە

بەستێن: رۆخ، کەنار، گویَ چەم، دەم چەم

بێشە: دارستان، لێر

بەرکۆشە: بەرهەڵبێنە

بن پیاڵە: ژێر پیاڵە

بۆرەقنە: ئامال بۆر، مەیلەو بۆر، بۆرباو

بوێر : ئازا، دلێر

بێوەی: بیَ زیان، سەلامەت

باڕ : بێچووە مەلی بەهارە

بێزوو: بێزگ، مەگیرانی

بێزگەوان: بێزووکەر

بەلأنس: هاوسەنگی

بارتەقا: باتەقا، هەنبەر، بەرانبەر

باجەوان: باجگر

بەسویَ: بە ژان، بە ئازار

بەردەبار: پیاوی زاناو بە تەگبیر

بێدادی: نەهەقی

بەیتاڵ: پزیشکی ئاژەلأن

بویەر: ڕووداو

**باژێرۆك: شارۆچكە**

**باشار: دەربردن، خۆراگرتن**

**بەرایی: پێشایی، بەراهی**

**بەڵەد: شارەزا، ڕێزان، ڕێنوێن**

**بەفرە ژیلکە: بەفری زۆر دەنك ورد**

**بەلەك: پووز**

**بە خورتی :بە تۆپزی**

**بالیف: سەرین، پشتی**

**بەگەنكردن: پەسندكردن**

**باندۆر: كاریگەریی**

**بایس: هۆ،باعیس، سۆنگە**

**بەرخودان: مقاوەمەت**

**بارخانە:كەلوپەلی بازرگانی، باری لەسەر یەك هەڵچنراو**

**بەرجەوەن: دیمەن**

**بۆدڕ: بۆنی توندی ماسی و تەگە**

**بۆدراو: برژاو، خاوەبرژ**

**بەڵخ: بەڵغ، كەڕوو**

**باسریشك: بەفرو باران پێكەوە**

## پ:

**پێشخزمەت: نۆكەری بەردەستان**

**پارك: باخ**

**پسمام : كوڕە مام، ئامۆزا**

**پواز: سنگێكە لە درزی داری قەڵشاوی دەنێن تا نەیەتەوە یەك**

**پۆڕ: باڵندەیەكی خۆش گۆشتە، لە مریشك گەورەترە**

**پێشكار: خزمەتكار**

**پەیڤ : وشە، وتە ، قسە**

**پەز: مەڕ، مێگەلە مەڕ و بزن**

**پەری : فریشتە**

**پاژ: بەش**

**پرتەو: تیشك ، روناكی**

**پێكڤە: پێكەوە، بە هەڤڕا**

**پڕ: زۆر، تەژی**

**پۆستین: فەروە، كەوڵی تیسكن**

**پەژمردە: چەرمسی، ژاكاو**

**پایدۆس: دەست لە كار هەڵگرتن**

**پۆڵكە: گاگۆز**

**پەسیو: پەسیڤ، هەڵامەت**

پیتاک: باربوو، کۆکردنەوەی دارایی

پێل: شەپۆل

پەسلان: قیامەت، ئەو دنیا

پاتاوە: پێڵاو، کاڵە.

پاتۆق: شوێنی کۆبووەوە

پۆڕ: قژ

پێشداوەری: حوکمی پێشوەختە

پانکردنەوە: ماستاوساردکردنەوە، ڕووپامایی

پەشم: قسەی قۆڕو بێ مانا

پزیشکیار: یاریدەدەری پزیشك

پەتۆ: بەتانی

## ت:

تەمەشاڤان: بینەر، سەیرکەر

تەماشاخانە: شانۆ، نمایشسەرا

تەژی: پڕ، لیپاو لیپ، سەر ڕێژ

تا: لا، لایەن

تێشت: نانی بەیانی، قاوەڵتی، بەرقلیان، تاشتی

تالووکە: مەترسی، خەتەر

تەبارە: دەغڵی گەیشتووی نەدوراو، قایمە دەغڵ

تەژەو ناقۆلا: گەورەو ناشیرین

تاین: یارۆ، فلاّن، ناڤبری

تاژی: سەگی ڕاو، تانجی

تەشقەڵە: گەڕ، بیانووپێگرتن

تەیرو تو: باڵندەو مەلان

تەوازۆ: تەوازی، عوزرخوایی، داوای بوردن

تخوب: سنوور، کەوشەن، تخووم

تەوێڵ: ناوچەوان، هەنیە، ئەنی، توێڵ،جەمین

تۆرینۆك:تووڕەو دڵناسك

تەختەبەن: تەختە خەو

تەقوو: بەڵکوو ،هاتوو

تاقەتکردن: شاردنەوە، داکردن

تۆلاز: مێباز، چاو لەوەڕێن

تیلمە: تیلماسك

تیلاگ: لاسەر

تاوەگاز: تاوانگاز، بە هەتاو سووتاو

تەڵفیزی: تەڵفیسی، تەوس، گاڵتەو گەپ

تەریدە : ڕێگر ، چەتە

**تووله‌ك: وه‌رینی مووی له‌ش**

**تۆسن: سه‌ركێش، نا ڕام**

**ته‌ڤگه‌ر: نه‌سره‌وت، بزووتنه‌وه**

**ته‌مراندن: كوژاندنه‌وه**

**تاری : تاریك**

**تۆماكۆ : تووتن**

**ته‌شبریق : هه‌وره تریشقه، بروسكه**

**تووك: نزای خراپ ، دوعای شه‌ڕ**

**تاخ: گه‌ڕه‌ك**

**تاس: سه‌ر ڕووتاوه، ده‌غسه‌ر**

**ته‌رز: جۆر، نه‌وع**

## ج:

**جه‌گه‌ن: گیایه‌كه لاسكی سێ سووچه له زه‌لكاودا ده‌ڕوێ**

**جنگن: شه‌ڕانی، دڕ، نه‌گونجاو**

**جه‌لۆ: هه‌رزه پیاو، سه‌رسه‌ری**

**جنده‌خانه: سۆزانی خانه، قه‌حپه‌خانه**

**جه‌ڕباندن:تاقی كردنه‌وه، ته‌جره‌به كردن**

**جوڕنه: حه‌وزۆكه‌ی گه‌رماو**

**جما: جولاّ، بزوا**

**جڤاكی: كۆمه‌لاّیه‌تی**

**جوابی كرد : ده‌ری كرد ، ئیزنی دا**

**جمكانه : دووانه، جمك، لفانه**

**جه‌نده‌ك: ته‌رم**

## چ:

**چه‌له‌نگ: چوست و چالاك، گورج و گۆڵ، شۆخ و شه‌نگ**

**چینی: جۆرێ سواڵه‌تی هه‌ره‌باشه، وه‌كو كاشی**

**چتۆ: چۆن، چلۆن، كوو**

**چڕین: وتن ( بۆ گۆرانی و قام)**

**چێڵ: مانگا**

**چه‌نگ: ئامێرێكی موسیقایه، هارپ**

**چه‌كمه: جه‌زمه، پووت**

**چه‌مه‌نزار: مێرگ، مێرغوزار، سه‌وزه‌زار**

**چما: بۆچی، ئه‌ڕا، له‌به‌رچی**

**چقڵ: دڕك، دڕو، دڕی**

**چه‌رچی: فرۆشیاری گه‌ڕیده، ده‌ستفرۆش**

**چوغورد: چوغور، چغر، چڕ**

چمك: سووچ، گۆشه

چوارنکال: هەرچوارلا

چێبوو: دروست بوو

چەمووش: سڵ، رەوەك، لەقەهاوێژو گازگر

چەرموو: سپی

چەرچی: دێوەرە،فرۆشیاری گەرۆك، دەستفرۆش

چاوساغ: دەسکێش، جاسووس، سیخوڕ

چەلیپا: خاچ، سەڵیب

چاوگ: دەستە چیە

## ح:

حایرمان: سەرسام بوون

حەسار: حەوش

حەنەك: جەفەنگ،قسەی گاڵتەو گەپ

حەشەری: بەر بەتاو، ژنی بە ئاڵۆش

حەژمەت: مەینەت، خەفەت، کەسەر، داخ، خەم

حەجامات: خوێن بەردان

حەوجە : پێویست

## خ:

خەنی لە خۆتان: خۆشی لە خۆتان

خشکۆك: دەلال، جوانکیلە، جوان، قەشەنگ

خەنەقاندن: خنکاندن ، لە سێدارەدان

خوبزە: خولاّم، نۆکەر، خزمەتکار، خزمەتچی

خورجین: هەگبەی لە بەن، جانتای لە بەن، خورج

خا: خات، خاتوون، خانم ، یا

خاپاندن: فریودان، تەفرەدان، خەڵەتاندن

خاپینۆك: فریبۆك، فێڵباز

خانەدان: نەجیمزادە، ئەسڵزادە

خودان: خێو، خاوەن، ساحێب

خوڵك: خولْق

خۆرتی: بە تۆبزی، بە زۆری

خشت: رێك، بیّ کەم و زیاد

خاکی: بیّ هەوا، بیّ فیز

خەرگە: پەڕۆی کۆن و پیس

خوابەختەکی: خۆو بەخت، بە هەڵکەوت

خەبتین: خەبات کردن

خشکۆك: جوان، خشیك

خویا: ئاشکرا، دیار ، روون

خۆرانگاز: تاوە سووت، سووتاو لەبەر خۆر

خەفیە :جاسووس، خەوەرچین، هەواڵدز

خۆڵەکەوە: خۆڵەمێش

خەمڕە: کوپەی زۆر گەورە

خەنۆل: خەندەران، دەم بە پێکەنین، ڕووخۆش

خزاگ:عەرەبانەیەك کە بەسەر بەفرا ڕایدەکێشن

## د :

داماو: بێنەوا، بەلەنگاز، بێچارە

دەڤەر: ناوچە، ئاقار، شوێن، جێ

دێرکەوتن: دواکەوتن

دلپاقژ: دڵپاك، بێ فڕو فێڵ، بێ گزی

دەربار: دیوەخان و بارەگای پاشا

دەهری : زۆر توڕە

داگەڕان: هاتنە خوارەوە

دڵنەواز : دڵگیر، مایەی دڵخۆشی

دلۆڤان: بە بەزەیی، دڵنەرم، میرەبان

دیدەوانی: ئێشکگرتن ( بە تایبەتی ئێشکی سەر قەڵات و بورجان)

داپیرە: دایە گەورە، نەنك

دەلیڤە: دەرفەت ، هەل

درەخت: دار

دەرباریيان: دەست وپێوەندانی دیوەخان و بارەگای پاشایەتی

دڕوو: دڕك، چقڵ، دڕی

دڵڕەش: بێ بەزەیی، ستەمکار، دڵرەق، ڕکوونی

دامە: مۆر

دنگ: دینگ، ئامرازی چەڵتووك کوتان

دەڵەکدان: پاڵنان

دڕدۆنگ: دوودڵ، بە گومان

دوونیەتی: خوێڕیەتی، بچووکی

دەڵەچە: مەرایی کەر، ماستاوچی

دۆنکی: داردەستی حەسحەسی ناو بازاڕ

دیرۆکنووس: مێژوو نووس

دەڕەڤی: هەڵەهات، رایدەکرد

دەرۆزە: گەدایی، سواڵ

داشۆ: کاکە، براگەورە

دەهری : زۆر توڕە

دەخەبتن : خەبات دەکەن

دۆغری : ڕاست ، دروست

داغان : رووخان، وێرانکردن

دەغوول: دەسبڕ،خاپینۆک، فێڵباز، گزیکار

دوئێل: مبارەزە

دۆتمام: کیژەمام، ئامۆزا (بۆ کچ)

دەسەنە: بەخشین،

دوڕ: ناوەند، ناوەڕاست

دێر، درەنگ، جێگەی رەبەنانی فەڵە

دەست قڵپ: ماڵ بەفیڕۆدەر

## ڕ:

رەقسین: سەما، هەڵپەڕین

ڕنەک: قەشەو

ڕدێن: ریش

روندک: فرمێسک، رونتك، ئەسر، ئەسرین

رۆحانی: پیاوی ئاینی

راز: نهێنی

ڕەژوو: زوخاڵ ، خەڵوز

ڕك : کووڕ، ڕژد

رابوون: هەستان

رۆخانە: روبار، چۆم، چێم، ڕوو

ڕند: جوان، خوشیك، خوشکۆك

ڕمووده: ئالوودە، هۆگر

رادەست: خۆ بە دەستەوەدان

رەند: مێرخاس، مەرد، پیاوانە

رەقیب: نەیار، خەنیم

ریسك: مغامەرە

ریوەڵە: بچکۆلەی لاواز، بێ نموود

رۆنیشت: دانیشت

رووپامایی: مەرایی، دەڵەچەیی، بن ریشەیی

راموسان: ماچ

رەهەنە: رەهەندە، عەودال ، ئاوارە، چۆڵگەڕ

رەبەن: سەڵت، زوگورت، راهب

رەبەنیتە: راهبە، ژنە فەڵەی تەرکە دنیا، ڕەبەنی ژن

ڕاوگە: جێگەی ڕاو وشکار

## ز:

زڕکیژ: کچی مێرد بۆ باوەژن، یان کچی ژن بۆ باوەپیاڕە

**زێده: زیاده**

**زەلام: گەورە، ناقۆلاْو تەژە**

**زار: دەم، دەو**

**زوڕییەت: وەچەو نەوەو نەتیرە**

**زێد: زاگە**

**زاگە: زێد، شوێنی لە دایکبوون، مەفتەن**

**زوخاڵ: ڕەژوو، خەڵووز**

**زگڕەش: ڕکوونی، بوغزن، کینە لە دڵ**

**زەوجین: زەماوەند**

**زڤڕینەوە: گەڕانەوە**

**زەیسان: زەیستان، ژنی تازە زاو**

**زەیەوان: زێوان، نیگابانی گۆڕ و گۆڕستان**

**زرانی: ئەژنۆ**

**زارۆك : بچیکان ، مندالاْن**

**زەردەکەن: بزە، زەردەخەنە**

**زەروو: زالو**

**زیانۆك: بە زیان، زەرەردەر، زیاندەر**

# ژ:

**ژێوان: پەشیمان**

**ژارخەن: پێکەنینی ژەهراوی**

**ژارۆ: داماو، فەقیر، بەسەزمان**

**ژنەوتن: بیستن، ژنەفتن**

# س:

**سەرزەنشت: سەرکۆنە، لۆمە**

**سەڵت: ڕەبەن، بێ ژن و منداڵ، عازەب**

**سەندەڵ: قاپقاپ، تەقتەقیلە**

**سپڵە: پێنەزان، بێ ئەمەك، بێ وەفا، نمەك حەرام**

**سۆز: پەیمان، بەڵێن**

**ستران: گۆرانی، قام، لاوك**

**ستێران: ئەستێرە، ئەستێران**

**سپێدە: بەرەبەیان**

**سەوزەزار: مێرگ، مێرگوزار، چەمەنزار**

**سەمت: لا، ئالی، ڕەخ**

**سەربوردە: بەسەرهات، سەرگوزەشتە، سەربهورد**

**سەرگوروشتە: سەربوردە،**

**سخێف: جنێو**

سەختگیر:توند و بەزەبت و رەبت

سیوات: خوێنەواری

سائەقڵ: شێتۆکە

سەربۆز: سەر ماش و برنج

سیاناو: قوڕاو

سێوی: هەتیوو، منداڵی بێ داك و باب

سیکتر: دەرکردن، تڕۆکردن

سونگی: قەمە

سەهەندە: بزۆز، نەسرەوت، زرینگ، ئاژاوەچی

سێبەندی: بێ شەرم و حەیا،

سابرێن: نێری، تەگە

سەرۆ: ئیلهام، سرووش

سازڤان: مۆزیکوان

سەرناڤ: ناونیشان

ستان: شار، پارێزگا

ستاندار: پارێزگار،متەسەڕیف

ساردخانە: مەیتخانە

سۆل:پێڵاوی سووکەڵەی بێ پانییە ،نەعل

سەردولکە: گۆرانی هەڵگوتن بە مردوودا

ساڤالۆك: منداڵی تازەزاوی جوانکیلە

سەلبەند: رێگەی بە بەرد فەرشکراو

سیسەم: تەختە خەو، تەختە بەن

سوێ: ئازار، ژان

سیخار: زوقم

ساقەتە: لاسکی گیا

## ش:

شڕندە: ژنی دەمدرێژی شەڕانی بێحەیا

شڕپۆش: شڕۆڵە، بێ بەرگ و بار

شەیپور: بۆقی، کەڕەنا

شام: شیو، شیڤ، خواردنی ئێواران

شکەفت: ئەشکەوت

شکەستەنی: ناسك، شتێ زوو بشکێ

شتاقیان، هیچیان، کەسیان

شنگ: هێز، تاقەت، توانا

شەقاو: هەنگاو

شلینگ: پارەیەکە

شاپ: شەق

شەكەت:ماندوو، هیلاك

شووره: دیوار

شەڕبار: پڕشەڕ، شەڕانی

شەنگولْ: بە دەماخ، كەیف خۆش

شەبەیخوون: پەلامارو هێرشی شەوانە

شەلاق: شەلاخ، قامچی

شەم: مۆم، شەمالك

شەمدان: مۆمدان، شەمان، جێگەی مۆم

شۆڤار:زمان شڕ، نێوان تێكدەر، جاسووس

شوو: مێرد ، هاوسەری ژن

شەكەت: ماندوو. هیلاك

شاشك: مێزەر، پێچی مێزەر، شاشیك

شیرەت: راوێژ، ئامۆژگاری

شیرەتكار: راوێژكار

شادەتنامە: كارنامەی خوێندن

شۆخی : سوعبەت ، گاڵتە

شیڤ: شێو، شام، نانی شێوان، نانی ئێوارە

شێلەو بێلە: فێڵ و تەڵەكە

شەواك: گەمژە، گێلۆكە

# ع:

عاسا: دار عاسا، داردەست

عەیار: زیتەڵ، زۆرزان

عەبەنووس: دارێكی رەش و رەق و بەنرخە

عەیان: دیار، ئاشكرا، لەبەرچاو

عەگید: ئازا، پاڵەوان، جامێر

# غ:

غاڕ: ئەشكەوت

غوڕابی خەو: شیرنە خەو، خەوی قورس

غەوارە: غەریبە، بێگانە

## ف:

فەرمایشت: فەرموودە، قسە

فەرخە: بێچوە مەل و جانەوەران

فشقیات: حەنەك، گاڵتەوگەپ، ئاخافتنی بیٚ تام

فراڤین: نیوەرۆژە، خواردنی نێوەرۆ

فەرسەخ: فەرسەق

فڕناخ: لووت بەرز، بە دەعیە، روحزل

فاما: فامیده، تێگەییشتوو، زیرەك

ڤالا: بەتاڵ، خاڵی، پووك، ئاواڵە، کراوە

فەڕەنگی: ئەورووپایی

# ق:

قالیچە: مافووری بچووك

قرمز: سوور

قەڕاڵ: پاشا

قەڕاڵنشین: پاشانشین، ئیمپراتۆریەت

قورباقە: بۆق

قاوەڵتی: تاشتی، بەرقلیان، نانی بەیانی، تێشت، قاوەتوون

قووچانی: هەڵهات

قشتیلە: بچووکی جوانکیلە

قالۆر: قاوغ

قاپ: قاچ

قاوغ: قەپێلك، قاپۆرە

قوشقی: تووڕە، وەرەز، سڵ ، ڕەوەك

قەرقەشە: تەشقەڵە، شەرو ناخۆشی

قۆپی: زەڵکاوی قامیشەڵان

قەڵەمرەو: سنوور و کەوشەنی ژێر دەسەڵاتی کەسێك یان دەوڵەتێك

قوو: باڵندەیەکە لە قاز سپی ترو زلترە

قەڵایی:کانزایەکی سپی نەرمە مسی پێ سپی دەکەنەوە

قژاوڵە: تاق تاقکەرە

قاوش: هۆڵ، شوێنی نووستنی بە کۆمەڵ

قەساس: سزا، تۆڵە

قەرەبەخت: بەخت ڕەش، بەدبەخت، نەگبەت

قامك: پەنجە، ئەنگوست، پل، کلك

قامبێژ: گۆرانی بێژ

قەساو: قەساب

قەلەزراو: ترسنۆك

قەتاندن: بەسەربردن

قاقڕ:زەوی رووتەن کە گیای لێ نەڕوێ

قومات:بابۆڵەی ساوا تێوە پێچان

قاشوانێ: گۆبازی، قاشوان

قەپاتمە: سۆیتەلی، ژنی بێ مارەیی بۆ رابواردن

قەموور: کووڕ، پشت کۆم

قەستە سەر: دوژمنی زۆر سەرسەخت، خەتەر

قەبە : گەورە

قۆشەن: لەشکر

قرێر: بڕیار، قەرار

قەوماو: بویەر، رووداو

قاوەتوون: تاشت، تێشت، قاوەڵتی، نانی بەیانی

قیرات: گەرماپێو

قڕێژە بەرد: خەنە تیلکە،وردە شینایی پێکەوە نووساوی سەر بەردان

## ك:

کوت ومت: دەقاودەق

کوانگە: کوانوو، ئاگردان

کارمامز: بەچکە ئاسك

کودەڵە: بێچووە بەراز

کوختە: کۆخ، خانووی چکۆلەو خراپ

کوڵکە: موو، توك

کولۆ: کوللە

کەچڕەوی: لە ڕێ لادان، تەحریفیەت

کەوەیی: شینکی، شینباو، خۆڵەمێشی

کێوە: بۆ کوێ

کەپەك: سۆس

کۆمەك: یارمەتی، هاریکاری

کلۆر: ناوبەتاڵ

کوریژگە: کوڕی بچووك

کەپوو: لووت، دفن

کەونارا: زۆرکۆن، شوێنەوار

کەسك: سەوز

کۆمیدی: پێکەنیناوی

کامکردن: نەوس تکان

کەزی: پرچ، زڵف

کلاۆخود: کلاۆی ئاسنینی شەڕڤان

کەرب: رق و کینە

کان: مەعدەن

کێوستان: کۆسار، کۆجاڕ

کۆڵۆنی: موهاجیرنشین، نشیمەن، موستەعمەرە

کەمدوو: کەم قسە

کۆسار: کۆجاڕ، کێوستان

کەوی: ماڵی، دەستەمۆ

کەڤر: بەرد

کەڤرۆك: بەردەلاْن

کەندەکار: کەسێك کە لە دار نەخش دەکەنێ

کێشکچی: پاسەوان، نیگابان

کۆ : سلێ، سڵکردنەوە

کەپوو : لووت، دفن

کارگە : وەرشە

کەرپووچ : خشتی سوورەوەکراو

کوند: بوەکوێرە، کوندە پەپوو، بایەقوش

کەودەن: گەوج

کاژستان: بێشەی دارکاژان

کرێت: ناشیرین، کاری خراپ

کەتواری: ریالیستی، واقیعی

کەوشەن : مەرز، سنوور ، ئاقار، تخووب

کنوکۆ : چوونە بنج و بناوان ، تۆژینەوە

کسۆك: سەگ

کەستەك:سندە گلێ، کلۆ قوڕی وشکەوە بوو

کۆشیار: چالاك، پڕکۆشش

کینەکێش: ڕك هەڵگر، ڕکونی

کەت: تەختەخەو

کەرەمکە: بفەرموو

کەوە رۆژ: رۆژی بێ هەتاو، سپییە ڕۆژ

کۆما: کۆمەڵێك

# گ:

گۆساخ: چاوقایم، رووقایم

گەدا: پارسەك، سواڵکەر، دەرۆزەکەر

گورزە: باقەی گەورە

گەرەکمە: دەمەوێ ، دەخوازم

گەمە: یاری، وازی، کایە

گەنج: زێرو زیو، ماڵی دنیا

گەردنبەند: ملوانکە

گازکردن: بانگکردن

گۆرین: یارۆ، ناڤبری

گوند: دێ، ئاوایی

گومناو: ناوبزر، نەناسراو

گۆزینگ : قولەپێ

گەلۆز: ناولینگ

گول: گەڕ و گول

گاگۆز: پۆڵکە

گارد: پاسەوانی تایبەت

گۆنگ : ئاڵۆز

گەنگەشە: موناقەشە

گووراو : مەخلووق

گووفەك: زبڵدان، سەرانگوێلك

گازی: بانگکردن

گڕۆز: وڕکن

گڵکۆ: گۆڕ، ئارامگە

گمێز: پێشاو

# ل:

لە کەیفان: لە خۆشیان

لە بیلادەوە: لە ئیجادەوە، لە بنەرەتەوە

لیرەوار: دارستان، جەنگەڵ، بێشەلاَن

لاپرەسەن: فزوڵ، فزوڵی

لۆسە: باری

لەزگ بوو: خەریك بوو، وەخت بوو

لێ: بەلاَم

لێبڕا: بڕیاری دا

لۆسە: باریە

لاق: قاچ، لنگ

لەزکرن: خێراکردن، پەلەکردن

لایدە: بێگانە

لەهەنبەر: بەرانبەر

لێ : بەلاَم

لەیستۆك : بووکەشووشە، بووکەڵە

لەگەز : مەتەڵ

لەش بەبار: نەخۆش

لەگین:رەنگە، لەوەیە

لەوتاوە : پیس بووە

لەز : خێرا ،پەلە

لەبڕ : یەکسەری، بەقۆنتەرات

لاشەڕ : بێوەی، سەلامەت ، دوورە شەڕ

لاکەوە : لاچۆ ، برۆ کەنار

لە نك: لە کن، لە جەم، لە دەف، لەلا

لەگام: چەورە، زگ لەوەڕێن

لێژگە: لێژایی، نشێو

## م:

موغازە: فرۆشگە، دوکان

مێریڤان: دلۆڤان، میهرەبان

مشوور: تەگبیر، بەخەم کردن

مژوول: سەرقاڵ، سەرگەرم

مڵ وموش: مڵومۆ، گەران و بۆنکردنی زەمین بۆ پەیداکردنی خواردن

مۆڵ: زۆر، فرە، زەحف

مژمژە: مەساسە

میرغەزەب: جەلاد

مەزرا: کێڵگە

مقاش: ماشە

مەگیرانی: بێزوو

مەرزو بۆ: ولأت، نیشتمان

مقەوا: کارتۆن

مەنهۆڵ: زێراب

مەزڵ: قۆناغ، جێی مەبەست

میرەبان : دلۆڤان ، میهرەبان

ماڵبات: خانەوادە ، بنەماڵە

مدارا :سەبرو حەوسەڵە ، دڵڕاگرتنی دۆست و ئەحباب

مووبەق : ئاشخانە

موغەیری: موغاری، بوغاری، کوانووی نێو دیوار

منجڕ :نەژنەو ،سوور لەسەر شتێك

مسکێن : رەعییەت، بەرحوکمی ئاغا

مەعلان : پسپۆڕ ، لێزان

مخابن: بە داخەوە

مراك : کەوچك ، کەچك

مینا، میناك: وەك، وەکو

مەخفەر: پۆلیسخانە، قەرەوڵخانە

مادونی: مۆڵەت، ئیجازە

مەرگی مفاجا: سەکتەی دڵ

مەحزەر: نووسینگەی مارەو تەلأقان

مەژی : مێشك

مامۆژن: ئامۆژن، ژن مام

مراك: کەوچك، کەچك

مافور: قالی

مەتەرێز: مەتەرێس، سەنگەر

مامێر: ڕەبەنیتەی بەتەمەن

ماسێر: ڕەبەنیتەی گەنج

متوو: هۆگر

مرداو: قۆپی

## ن:

نەزاکەت: ئەدەب، سەلاری

نیگابان: پاسەوان

نەیجەزار: قامیشەلأن

نسیبەت: بەلأ، موسیبەت

نەترە: ورە

ناچیز: هیچ، زۆر کەم

نەژاد: ڕەگەز، ڕەچەڵەك، ئەسلْ

ناحەز: ناشیرین

نێچیرڤان : ڕاوچی

نشیمەن: بارەگا ، شوێنی دانیشتن

نەزاکەت : لوتف و ئەدەب

نك : کن ،لا، جەم ، دەف

ناڤبری : ناوبراو

نەژنەو :نەبیست، منجڕ

نمەد : لباد، نیوداشت: نە کۆن و نەتازە

نها : ئێستا، هەنووکە، نهوو

ناڤسالْ : میانە سالْ

نووکە : هەنووکە ، نهو، نها، ئیستا

نەخاسما: بە تایبەتی

نەسرانی: فەڵە، مەسیحی

ناباب: ناباو، دژەباو، ناپەسند لە ڕووی کۆمەلأیەتییەوە

## و:

وەمێنیٚ:بمێنێتەوە

وەکرد: کردەوە

وەشێرت: شاردەوە

وێنا: تەسەور

وار: هەوار، شوێن، مەڵبەن

واز : کراوە، پێچەوانەی داخراو

وێدەدەم: دەدەمیٚ

وەقف کردن : تەرخان کردن

وەردەوەدان : لە جاریٚ پتر کێلأن

وەردیان : زیندانەوان

وەشانخانە: بلأوەخانە، دارالنشر

وەشانكار: بلأوكەرەوە، ناشر

وڕاوە: وڕێنە

ودم:مومبارەكی، پیرزی

وشكەبار:میوەی وشكەوەكراو

وەكوژاندن : تەمراندن، كوژاندنەوە

وێمدە : بمدەیە

واز: ئیشتیاو ئارەزووی خواردن

وەزەن: ئازار

وشترالوك:حوشتر خۆرە، عاگول

وازوازی: دەمدەمی مجێز

## هـ:

هانكە هانك: هەناسە بركێ

هەژگ: لكەداری وشكەوە بوو، چڕوچیلكەی ئاوردوو

هەڕوگیڤ: هەرەشەو گورەشە

هەڵدێر: جێگەی زۆر بەرزو قیت لە شاخ و كێودا

هەزاربەهەزار: شاخی زۆر بەرزو عاسی

هەڵزنان: هەڵگەڕان بۆ سەرەوە

هایم: سەرگەردان، وێڵ

هەنبەر: بەرانبەر

هەترەش: زەندەق، زراو

هەنووكە: ئیستا، نها، نهوو

هۆشن: بەهۆش

هەتەر: مەودای حوكمی چاو

هۆڤی: كێوی، وەحشی

هۆدە: ژوور، ئۆتاغ، دیوو

هزرو هزرین : بیرو بیركردنەوە

هەیڤ : مانگ

هەیڤەشەو: مانگە شەو

هەدا : سەبر ، حەوسەڵە

هەراوزەنا : هەراو هەنگامە

هەڕەمە : تێكەڵ و پێكەڵ، گەنم ودانەوێڵەی تێكەڵكراو

هاپۆ : مام

هەڵەشە :لەسەر، بێ ئەقڵ

هەرەت : تاف

هەتوان : مەرهەم ، مەڵحەم

هەڤڕك : ملەكەر، ململانێ، ڕكبەڕكێ

هەڕوو : هەڕە ، بڕۆ

هەنگیٚ : هەینیٚ ، ئەوسا

هەشتاو : پەلە ، لەز، خێرا

هاوکوف:دوو کەسی لە یەك ئاستی کۆمەڵایەتی

هاودەستی:هاوبەش لە کەین و بەینان

هەیڤۆك: هەیڤك، مانگیلە، مانگی یەك شەوە

هێورین: حەوانەوە

هاماج: ئۆتمۆسفێر

هەڵاوێردن: جیاکرنەوە

هاتە وەشاندن ، بڵاوکرایەوە

هزرڤان: بیرمەند، زانا

هەنیە: تەوێڵ، ناوچەوان

هەلاکەت: گیانەڵڵا، ئاویلکە، ئاوزینگ، حاڵی مردن

هەڵژیان: ڕاکشان

هاژۆتن: لێخوڕین

## ی:

یالٚ: تووکی سەر ملی شێرو یەکسم

یەکهاوی: یەکجۆر، یەکدەست، بێگۆڕان

یارۆ : فلاّن

یاتاخ : پێخەف ، نوێن

یەختە: خەسێنراو، گون دەرهێنراو

یونیفۆرم: جلکی فەرمی یەکچەشن

حەمە کەریم عارف

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) ڕۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئالآی ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بلآو کردووەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزلوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بلآو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بلآوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون.

هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩

٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧

٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨

٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان

٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێران چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ

٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥

٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی

٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧

١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.

١١- هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٢ – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦

١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق

١٤- دوورە ولآت، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨

١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر

١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥

١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦

١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك

٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی

٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك

٢٢-دیدارو دەقو رەخنە،چ٢٠٠٥،١

٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١

٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك

٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١،١٩٩٨١
٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١
٣١ -کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨
٣٢- چینی کۆن، چ١(        )دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
٣٦- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.
٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ
٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غولام حسەینی ساعیدی)
٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بلاوەخانەی سایە، سلێمانی
٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵلائەلبوسێری..

---

٤٣- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ مندالان.
٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ مندالان، یەلماز گونای
٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ مندالان
٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ منالان)
٤٧- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨
٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر
٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی - کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی
٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.
٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی
٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست
٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی
٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی

٦٠- خافروغ له شیعر دەدویٚ، ژیان و بەرهەمی

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان
٦٢-راگەیاندن له نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمه کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٦- ریالیزم‌ودژە ریالیزم له ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز
٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی
٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦
٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی
٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فوئاد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦
٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦
٧٤- شیعر کوژی..حەمە کەریم عارف، چ١/ ٢٠١٠/کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك، ژمارە(٧٠)
٧٥- دەربارەی رۆمان‌و چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨
٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك
٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩
٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()
٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤
٨٠- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف
٨١-بووکی هەزار زاوا، کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی
٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی
٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی
٨٤-وقفات ڤی رحاب الپقافە الکوردیە، حەمە کەریم عارف
٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی
٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز
٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس
٨٨-ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمە جلال زنگابادی
٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك توین
٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی
٩١-سفرەی فەقیران   حەمە کەریم عارف
٩٢-باڵندەکەی من    رۆمان، فریبا وفی
٩٣- نامەکانی تولستۆی
٩٤- جەمیلە، رۆمان    جەنگیز ئایتماتۆف

**٩٥- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منالآنی کورد**

**٩٦- الرحيل الدامی....تقديم وترجمه: جلال زنگابادی**

**٩٧- کۆڵوانه سوور... کۆچیرۆك بۆ مندالأن**

**٩٨- ئەو پیاوەی کە سێبەری خۆی فرۆشت ..رۆمان..شامیسۆ**

**٩٩- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ**

**١٠٠- با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی**

**١٠١- دۆزەخی پیرۆز، رۆمان ،برهان شاوی**

**١٠٢- من و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆ / رۆمان / نودار دومبادزە**

**١٠٣- یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دۆستویفسکی**

**١٠٤-مێژووی رۆمانی تورکی**

**١٠٥- دیوار...کۆچیرۆك................کۆمەڵێك نووسەر**

**١٠٦- کۆکۆرۆ..............ڕومان.........ناتسومی سوسکی**

**١٠٧- کانییه قارەمان....کۆچیرۆك بۆ مێرمندالأن /حەمەکەریم عارف**

**١٠٨- ئەودیوی مەرگ............حەمەکەریم عارف/چ١٢٠٠١/ موکریانی**

**١٠٩- قاوشی ژمارە شەش/ چیخۆف/ پێشەکی و پاچڤەی: حەمەکەریم عارف**

*** له راپەڕینەوه تا نهوو چالاکانه بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردی دەکات وبەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بلأودەکاتەوە..**

*** ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوه و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بلأو کردنەوەی هەبن، دەبێ پرس به نووسەر بکات...**